# پەیماننامەی لۆزان

## پەیماننامەی ئاشتی لەگەڵ تورکیا

**٢٤ی تەمووزی ١٩٢٣**

**بڕوا ستار** لە عەرەبییەوە
کردوویەتی بە کوردی

تەمموزی ٢٠٢٣

ناوی کتێب: پەیماننامەی لۆزان
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: بڕوا ستار
پێداچوونەوەی زمانەوانی: ئارام جەمال
دیزایین: گۆران پێنجوێنی
نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم تەمووزی ٢٠٢٣
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ: ٤٠٠٠ دینار
چاپ: چاپخانەی چوارچرا

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان
ژمارەی سپاردنی (     )ی ساڵی ٢٠٢٣ی وەرگرتووە

مافی بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمە بەهەمووشێوەیەک
بۆ وەرگێڕ پارێزراوە

"پێشکەشە بەوانەی کە بە گیانی خۆیان
نەیاهێشت پەیماننامەی لۆزان وەک خۆی
بەرامبەر بە گەلی کوردستان بەدی بێت"

# پێڕست


پێشەکی .................................................. ٩
دەقی کوردی پەیماننامەی ئاشتی لەگەڵ تورکیا - لۆزان٢ی تەمووزی..... ١٣
بەشی یەکەم:
بەندە سیاسییەکان .......................................... ١٩
باسی یەکەم:
١- بڕگەی پەیوەست بە خاک............................... ٢٢
٢- بڕیاری تایبەت ......................................... ٣٤
باسی دووەم: ڕەگەزنامە.................................... ٣٨
باسی سێیەم: پاراستنی کەمینەکان .......................... ٤١
بەشی دووەم:
بەندی داراییەکان.......................................... ٤٧
باسی یەکەم: قەرزی گشتی عوسمانی ......................... ٤٩
پاشکۆی یەکەمی باسی یەکەم ............................... ٦١
بەشی سێیەم:
**بڕگەی ئابووری ............................................ ٧١**
باسی یەکەم: موڵک و ماف و بەرژەوەندییەکان................ ٧٤
باسی دووەم: گرێبەست و سکاڵانامە و بڕیارەکان.............. ٨٢
پاشکۆ
یەکەم: بیمەی ژیان ....................................... ٩٠
دووەم: بیمەی دەریایی..................................... ٩٣
سێیەم: بیمەی ئاگر و بیمەکانی تر.......................... ٩٣
باسی سێیەم: قەرزەکان..................................... ٩٤

باسی پێنجەم: دادگای ناوبژیوانی تێکەڵاو.................................. ١٠١
باسی شەشەم: پەیماننامەکان.............................................. ١٠٧
بەشی چوارەم:
پەیوەندییەکان و بابەتە تەندروستییەکان ...................................... ١١١
باسی یەکەم: بواری پەیوەندییەکان.......................................... ١١٣
باسی دووەم: پرسی تەندروستی............................................ ١٢١
بەشی پێنجەم:
بڕیارە هەمەجۆرەکان ........................................................ ١٢٥
باسی یەکەم: دیلەکانی جەنگ .............................................. ١٢٧
باسی دووەم: گۆڕستانەکان ................................................ ١٢٩
باسی سێیەم: بڕیارە گشتییەکان ............................................ ١٣٩
فەرهەنگۆک .................................................................. ١٤٧

## پێشەکی

پەیماننامەی لۆزان تەنها زادەی ئەو ساتەوەختە نییە کە پەیماننامەکەی تێدا پەسەندکراوە، بەلکو لەو راستەیەدا باکگراوندێکی مێژوویی لە پشتەوەیە بە بەڵگەی ئەوەی لە کۆتاییەکانی یەکەمین جەنگی جیهانی (١٩١٤ – ١٩١٨) و دوای روخانی ئیمپراتۆریێتی عوسمانی لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە بە سەرکردایەتی بەریتانیا و فەڕەنسا، وڵاتانی براوەی جەنگەکە بۆ دابەشکردنی میراتی ئیمپراتۆریەتەکە، کە لە ماوەی جەنگەکەدا دەستییان کەوتبوو، هەوڵیاندا لە چوارچێوەی دانوستان و گفتوگۆی نێوانیاندا هەریەکەیان بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆی ئەو بەشە ببات، کە دەستیکەوتووە، بۆ ئەم مەبەستەش یەکەمین هەنگاو لە بەستنی "کۆنگرەی سان ڕیمۆ"وە دەستپێکرد؛ کە تێیدا هەر یەک لە بەریتانیا و فەڕەنسا لە ١٨ تا ٢٦ی نیسانی ١٩٢٠ لە شاری سان ڕیمۆ-ی ئیتاڵیا، بە سەرپەرشتی سەرۆک وەزیرانی هەردوو وڵاتەکە و نوێنەری وڵاتانی دیکەی هاوپەیمانییێتییەکە کۆنگرەی سان ڕیمۆ دەستپێکرد، کە ئامانج لێی دیاریکردنی چارەنووسی میراتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و لەوانەش پێداچوونەوە بوو بە بڕیارەکانی ڕێککەوتننامەی نهێنی سایکس-پیکۆ (١٩١٦).

لە ماوەی دەستپێکردنی ئەم کۆنگرەیەدا چەند بڕیارێکی گرنگ بۆ هەردوو وڵاتەکە دران، لەوانەش دەستهەڵگرتنی فەڕەنسا بوو لە ویلایەتی موسڵ لە بەرامبەر پێدانی ٢٥٪ی نەوتی ویلایەتەکە

بە فەڕەنسا، هەروەها دروستکردنی سیستمی ئینتداب بوو، کە دواجار هەریەک لە فەڵەستین و میزۆپۆتامیا (عێراقی ئێستا)ی خستە ژێر ئینتدابی بەریتانیاوە، هاوکات سوریا و لوبنانیشی خستە ژێر ئینتدابی فەڕەنسا.

هەر یەک لە بەریتانیا و فەڕەنسا دوای پەسەندکردنی ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی سان ڕیمۆ، لە ١٠ی ئابی ١٩٢٠ لە شاری سیڤەری فەڕەنسا لە چوارچێوەی پەیماننامەی ئاشتیدا، پەیماننامەی سیڤەر-یان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی واژۆکرد، کە ئامانج لێی ناچارکردنی بوو بە بچوککردنەوەی ڕووبەرە جوگرافییەکەی و دروستکردنی چەند قەوارەیەک. ئەوەی جێگەی بایەخیشە، لەم پەیماننامەیەدا "شەریف پاشای خەندان" وەک نوێنەری کورد بەشداربوو.

پەیماننامەی سیڤەر بە ڕوونی پرسی خۆبەڕێوەبەری بۆ بەشێکی کوردستان دەوروژێنێت و لە چوارچێوەی سێ مادەشدا (٦٢، ٦٣، ٦٤) بەشێک لە ژێر ناوی "کوردستان" لە بڕیارەکانیدا تەرخان دەکات، کە ئەمەش لەسەر ئاستی جیهاندا بە یەکەمین پەیماننامە دادەنرێت، کە باس لە پرسی کورد و خۆبەڕێوەبەری بکات و بەشێک لە مافە نەتەوەییەکانی کورد بخاتە سەر مێزی گفتوگۆی نێوان وڵاتە زلهێزەکان.

لەلایەکەوە، بەهێزبوونی ڕەوتی نەتەوەپەرستی تورک بە سەرکردایەتی مستەفا کەمال و وەدەرنانی سوپای فەڕەنسا لە بەشێک لەو ناوچانەی تورکیا کە داگیریکردبوو، لەلایەکی دیکەشەوە تێکچوونی پەیوەندییەکانی بەریتانیا و فەڕەنسا

وایکرد، ڕەوتی نەتەوەپەرستی تورکی گەشە بکات و ئەنجومەنی مەزنی نەتەوەیی تورکیا دابمەزرێت و تەواوی بڕیارەکانی سیڤەر ڕەتبکەنەوە.

بەهۆی شکستی بەریتانیا و فەرەنسا لە شێوازی بەڕێوەبردنی ئەو وڵاتانەی کە پێشتر لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا بوون و جیایانکردبوونەوە، هاوکات دانانی فەرماندەی سەربازی ئەو دوو وڵاتە وەک سەرپەرشتیاری باڵای ئەو ناوچانە، کە بەردەوام لەگەڵ دانیشتوانەکانیاندا لە شەڕ و ئاڵۆزیدا بوون، وایکرد هەردوو وڵاتەکە بیر لەوە بکەنەوە ئەو ناوچانە بە مەرج بخەنە ژێر دەستی ئەو هێزە ناوخۆییانەی کە تێڕوانینیان نزیکە لێیانەوە، بۆ ئەمەش بە دوای جێگرەوەیەکی باشدا دەگەڕان، هەر لەو کاتەشدا بەهۆی بەهێزیی ڕەوتی نەتەوەپەرستی تورک لە ئەنادۆڵ، هەردوو وڵاتی بەریتانیا و فەرەنسای ناچار کرد کە لەگەڵ ئەو ڕەوتەدا بچنە سەر مێزی گفتوگۆ، لە سەرەتای گفتوگۆکانیشدا ئەنجومەنی مەزنی نەتەوەیی تورکیا مەرجی بۆ هاوپەیمانان ئەوە بوو کە پەیماننامەی سیڤەر هەڵبوەشێننەوە، لە بەرامبەریشدا هێزەکانی هاوپەیمانان دامەزراندنی وڵاتێکی سیکۆلار و دیموکراتیان کردە مەرجی دانوستان و گفتوگۆکردن لەگەڵ شاندی تورکیا.

دوای ڕازیبوونی شاندی تورکیا بەم مەرجانە و ملکەچبوونی سەرکردەکانی بۆ خواستەکانی زلهێزەکانی ئەو سەردەمە، هێزەکانی هاوپەیمانان پەیماننامەی سیڤەر-یان هەڵوەشاندەوە و

لە بەرژەوەندی ڕەوتی نەتەوەپەرستی تورک کۆتاییانهێنا بە خەونی سەربەخۆیی کوردستان.
لە ئەنجامیشدا لە مانگی شوباتی ١٩٢٣ەوە گفتوگۆکان لەنێوان هەردوو لایەنەکەدا دەستیپێکرد، تا لە مانگی تەمموزی هەمان ساڵدا و لە چوارچێوەی پەیماننامەکانی ئاشتیدا پەیماننامەی لۆزان پەسەندکرا، کە بەهۆیەوە دەوڵەتێکی نەتەوەیی بۆ تورکەکان دامەزرێندرا و بووە هەوێنی نکۆڵیکردن لە مافەکانی گەلی کورد و گەلانی دیکە تا ئەم ساتە.
ئەوەی پێویستە بوترێت، نەبوونی جیهانبینی سەرکردەکانی کورد و تێنەگەیشتنیان بووە لە هەلومەرج و پێداویستی ئەو سەردەمە، کە نەیانتوانیوە سوود لە دەرفەتەکان ببینن و خۆیان لەگەڵ خواستی زلهێزەکاندا بگونجێنن، بە پلەی یەکەمیش پشتیوانییەکانیان بوو بۆ مانەوەی دەوڵەتی عوسمانی، کە ڕۆژگاری کۆتایی هاتبوو، لەگەڵ ئەوەشدا نەبوونی یەکێتی لە نێوانیاندا هۆکارێکی دیکەی ئەو ستەمە مێژووییە بوو، کە بۆ ماوەی ١٠٠ ساڵە دەرهەق بە گەلێکی دەیان ملیۆنی دەکرێت.
ئەوەی وایکرد دەقی ئەم پەیماننامەیەی لۆزان وەربگێڕمە سەر زمانی شیرینی کوردی، ئەوەیە سوود لە هەڵەکانی ڕابوردومان وەربگرین و نەهێڵین بڕیارەکانی ئەو پەیماننامەیە بچێتەپێش.

**بڕوا ستار**
**٢٠٢٣/٧/٧**
**سلێمانی**

## دەقی کوردی
## پەیماننامەی ئاشتی لەگەڵ تورکیا – لۆزان
## ٢٤ی تەمووزی١٩٢٣

ئیمپراتۆریێتی بەریتانیا، فەڕەنسا، ئیتاڵیا، ژاپۆن، یۆنان، ڕۆمانیا و وڵاتی سرب-کرۆات-سلۆڤین[١] لەلایەک و تورکیاش لەلایەکی ترەوە، لە ویستی کۆتاییهێنان بە هەڵگیرسانی جەنگی نێوانیان کە لە ساڵی ١٩١٤وە لە رۆژهەڵاتدا سەریهەڵداوە هاوڕابوون، هەردوو لایەن خوازیارن بۆ دووبارە دەستپێکردنەوەی پەیوەندی دۆستایەتی و بازرگانی، کە بۆ خۆشگوزەرانی هاوبەشی گەلەکانیان پێویستن، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی، کە دەبێت ئەو پەیوەندییانە لەسەر بنەمای ڕێزگرتن بێت لە سەربەخۆیی و سەروەری وڵاتان، بۆ ئەم مەبەستەش بڕیاریانداوە، پەیماننامەیەک ببەستن و نوێنەرە راسپێردراوەکانیشیان بەم شێوەیە دەستنیشان کردووە:

**یەکەم: نوێنەرانی راسپێدراوی لایەنی یەکەم، پێکهاتوون لە:**

١. نوێنەرانی راسپێردراوی خاوەنشکۆ پاشای شانشینی مەزنی بەریتانیا، ئیرلەندا، فەرمانڕەوایەتی بەریتانیا لە دەرەوەی دەریاکان و فەرمانڕەوای هیندستان، ڕێزدار هۆراس جۆرج مۆنتاگۆ رامبۆڵد، نوێنەری ڕێگەپێدراوی مەندوبی سامی لە قوستەنتینیە.

[١] – هەر یەک لە وڵاتـانی سـرِبیا، کرواتیـا و سـلۆڤینیا، لە سـەرەتاکانی سـەدەی بیستەمدا لە چوارچێوەی یەک وڵاتدا یەکیانگرتبوو. (و.کوردی)

٢. نوێنەرانی راسپێردراوی سەرکۆماری فەڕەنسا، فەرماندە مۆریس بێلی، باڵوێزی فەڕەنسا و ڕێگەپێدراوی مەندووبی سامی فەڕەنسا لە رۆژهەڵات.

٣. نوێنەرانی راسپێدراوی خاوەنشکۆ پاشای ئیتاڵیا، رێزدار مارکێز کامیلۆ گارونی، سیناتۆری شانشینی ئیتاڵیا و باڵوێزی ئیتاڵیا و ڕێگەپێدراوی مەندوبی سامی ئیتاڵیا لە قوستەنتینیە، رێزدار جۆلیۆ سیزار مۆنتانا، نێردەی نائاسایی و وەزیری ڕێگەپێدراو لە ئەسینا.

٤. نوێنەرانی راسپێردراوی خاوەنشکۆ ئیمپراتۆری ژاپۆن، رێزدار کینتارۆ جۆسامی، باڵیۆزی نائاسایی وەزیری ریگەپێدراو لە رۆما.

٥. نوێنەرانی راسپێدراوی خاوەنشکۆ پاشای هێلینیس، ئیلیڤسیرۆیۆس کەی ڤینسیلۆس، سەرۆک وەزیرانی پێشوو، هەروەها دیمیتریۆس کاکلامانۆس، وەزیری رێگەپێدراو لە لەندەن.

٦. نوێنەرانی راسپێدراوی خاوەنشکۆ پاشای رۆمانیا، قوستەنتین دیاماندی، وەزیری رێگەپێدراو لە شانشینی رۆمانیا، و قوستەنتین کۆنتیسکۆ، وەزیری رێگەپێدراوی شانشینی رۆمانیا.

٧. نوێنەرانی راسپێردراوی خاوەنشکۆ پاشای سرپبۆکراتیای سلۆڤینیا، دکتۆر میلۆتین ئیفانۆڤیچ، نوێنەری نائاسایی و وەزیری ریگەپێدراوی بێرن.

**دووەم: نوێنەرانی راسپێدراوی لایەنی دووەم، پێکهاتوون لە:**

١- نوێنەرانی راسپێدراوی حکومەتی ئەنجومەنی نیشتمانی تورکیا، عیسمەت پاشا، وەزیری دەرەوە و نوێنەری ئەدەرنە، دکتۆر رەزا نوری بەگ، وەزیری تەندروستی و نوێنەری سینۆب، حەسەن بەگ، وەزیری پێشوو و نوێنەری ترابزۆن.

لە هەمان کاتدا نوێنەرانی راسپێدراو دەسەڵاتی تەواویان لەلایەن حکومەتەکانیانەوە پێدراوە و بڕیاریانداوە ئەمانەی خوارەوە پەسەند بکەن.

# بەشی یەکەم:
# بەندە سیاسییەکان

**مادەی ١**

ئەو کاتەی ئەم پەیماننامەیە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئاشتی لەنێوان ئیمپراتۆریێتی بەریتانیا و فەڕەنسا و ئیتاڵیا و ژاپۆن و یۆنان و رۆمانیا و وڵاتی سڕبۆکراتی سلۆڤینیا لەلایەک و تورکیا لەلاکەی ترەوە بەرقەرار دەبێت، بەهەمان شێوە لەنێوان گەلەکانیشیاندا. بەمەش پەیوەندییە فەرمییەکانی نێوان هەردوولا دەستپێدەکاتەوە و ئەمەش بەرپرسیارێتی دەخاتە سەر نوێنەرایەتی دیبلۆماسی و کونسوڵخانەکان لەناوچە پەیوەندیدارەکان، هاوکات نابێت ئەو رێککەوتنانەش پێشێل بکەن کە لە داهاتوودا بەگوێرەی بنەما گشتییەکانی یاسای نێودەوڵەتی دەبەسترێن.

**باسی یەکەم:**

## ١- بڕگەی پەیوەست بە خاک

**مادەی ٢**

لە دەریای رەشەوە بۆ دەریای ئیجە، سنوورەکانی تورکیا بەمشێوەیە دەستنیشان دەکرێن:

١ – لەگەڵ سنووری بولگاریادا:

لە سەرچاوەی رووباری ریزڤایاوە دەستپێدەکات تا دەگاتە رووباری مارێتزا، کە خاڵی یەکتربڕی سنووری نێوان تورکیا و بولگاریا و یۆنانە: (کە ئەمەش دەکەوێتە سەر سنووری باشووری بولگاریا، وەک ئەوەی لە ئێستادا هەیە).

٢ – لەگەڵ سنووری یۆناندا: دواتر بەیەکگەیشتنەوەی ئاردا و مارێلزا

ڕێڕەوی مارێتزا: لە سەرچاوەکەوە دەستپێدەکات و بە رووباری ئاردادا درێژدەبێتەوە، تا دەگاتە خاڵێکی سەر رووبارەکە، کە دەکەوێتە نزیک گوندی شۆریک کۆی.

ڕێڕەوی ئاردا: لە باشووری رۆژهەڵاتەوە دەستپێدەکات تاکو ئەو خاڵەی کە لەسەر مارتیژا بە رووبەری یەک کیلۆمەتر دەستنیشانکراوە. واتە دیوی خوارەوەی بۆسناکۆی:

لەسەر رێگەیەکی نیمچە راستە، بە جۆرێک کە گوندی بۆسناکۆی دەکەوێتە ناو خاکی تورکیاوە، بەوپێیەی گوندی شۆریکۆی دەکەوێتە سەرسنووری نێوان تورکیا و یۆنان، لەبەرئەوە لەلایەن ئەو لیژنەیەی کە لە مادە (٥)دا دەستنیشانکراوە، بەپێی زۆرینەی ژمارەی دانیشتوان لەڕووی

ڕەگەزەوە، ئەگەر تورک بن یان یۆنانی دەخرێتە سەر یەکێک لەو دووانە، بەڵام خواستی ئەو گوندنشینانە هەژمار ناکرێت کە دوای ١١ی١٠ی ١٩٢٢ کۆچیان کردووە بۆ ئەو گوندە: لەوێشەوە بەرەو دەریای ئیجە: واتە ڕێڕەوی مارتێزا.

**مادەی ٣**

لە دەریای سپی ناوەڕاستەوە تا سنووری خاکی فارس، سنوورەکانی تورکیا بەمشێوەیەی خوارەوە دەستنیشانکراون:

**١) سنووری لەگەڵ سوریادا:**

ئەو سنوورەی کە لە مادەی ٨ی ڕێککەوتننامەی فەڕەنسا– تورکیای ڕۆژی ٢٠ی١٠ی١٩٢١ دەستنیشانکراوە.

**٢) سنووری لەگەڵ عێراقدا:**

سنووری نێوان تورکیا و عێراق، بەپێی ڕێککەوتنێکی دۆستانە، لە ماوەی نۆ مانگدا لە نێوان تورکیا و بەریتانیادا دەستنیشان دەکرێت.

لە ئەگەری ڕێکنەکەوتنی هەردوو حکومەتەکە، ئەوا کێشەکە دەبرێتە بەردەم ئەنجومەنی گشتی کۆمەڵەی گەلان.

هەردوو حکومەتی بەریتانیا و تورکیا دوولایەنە بەڵێندەدەن بەوەی کە نابێت هیچ جوڵەیەکی سەربازی یان هیچ جوڵەیەکی تر روبدات تا ئەو کاتەی بڕیاری یەکلاکردنەوەی پرسی سنوورەکان

دەدرێت، کە ببێتە مایەی پشێوی دۆخی ئێستای ئەو ناوچانەی کە چارەنوسیان پەیوەستە بەو بڕیارەی لەسەری رێککەوتوون.

**مادەی ٤**

ئەو سنوورانەی لەسەر نەخشە هاوپێچکراوەکەی ئەم پەیماننامەیە کێشراون بە پێوانەی یەک بە ملیۆنە، لە ئەگەری دەرکەوتنی جیاوازیش لەنێوان دەق و نەخشەکەدا، ئەوا پێشینە بۆ دەقەکەیە. [بگەڕێرەوە بۆ پێشەکیەکە]

**مادەی ٥**

لێژنەیەک بە ئامانجی دەستنیشانکردنی ئەو سنوورانە لەسەر ئەرزی واقیع پێکدەهێندرێت، وەک ئەوەی لە بڕگەی (٢)ی مادەی (٢)دا هاتووە، ئەم لیژنەیە لە دوو نوێنەری وڵاتانی تورکیا و یۆنان پێکدێت، بە شێوەیەک هەر وڵاتێک نوێنەرێکی دەبێت و بە هەردوو نوێنەرەکە سەرۆکی لیژنەکە لە هاوڵاتییەکی وڵاتی سێیەم دیاری دەکەن.

پێویستە لەسەر لیژنەکە هەوڵبدات تا دەتوانێت پابەندی ئەو دەقانە بێت کە لەم پەیماننامەیەدا هاتووە، هاوکات دەبێت بە گوێرەی توانا، سنوورە کارگێڕییەکان و بەرژەوەندییە ئابوورییە خۆجێییەکان لەبەرچاوبگرێت.

بڕیاردانی لیژنەکە بە زۆرینەی دەنگ دەبێت و پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکانیش پابەندبن پێوەی، لایەنەکانیش بە شێوەیەکی یەکسان تێچووی کاروبارەکانی لیژنەکە لەئەستۆدەگرن.

### مادەی ٦

سەبارەت بەو سنوورەی کە تەنها ڕێڕەوێکی ئاوی دەستەواژەکانی "ڕێڕەو" یان "کەناڵ"، کە لەم پەیماننامەیەدا هاتووە، بۆ ئەو رووبارانەی کە کەشتیوانی تێدا ناکرێت، بە واتای هێڵی ناوەڕاستی ڕێڕەوە ئاوییەکە دێت، بەڵام بۆ رووبارانەی کە کەشتیوانی تێدا دەکرێت بە واتای کۆریدۆرە ئاوییەکە یان لقە سەرەکییەکەی دێت. ئەمەش لە دەستی لیژنەی دەستنیشانکردنی سنووردایە، کە ئەوە دیاریبکات هێڵی سنووری نێوانیان لە ئەگەری گۆڕانکاری لە کەناڵ یان ڕێڕەوە ئاوییەکان، گۆرانکاری بەسەر هێڵی سنوورەکە دەهێنێت یان لە کاتی جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیە دەگەڕێنەوە سەر دەستنیشانکردنەکەی سەرەتا.

لە حاڵەتی نەبوونی بڕیاری پێچەوانەی ئەم پەیماننامەیەدا، وڵاتی کەناراو، دورگە و دورگۆکەکان لە دووری ٣ میلەوە لەخۆدەگرێت.

### مادەی ٧

هەریەک لە وڵاتە پەیوەندیدارەکانی ئەم پەیماننامەیە، لە ئەستۆیانە هەموو بەڵگەنامە پێویستەکانی تایبەت بە ئەرکەکانیان، رادەستی لیژنەی دەستنیشانکردنی سنوور بکەن، بە تایبەتی لە نێویشیاندا کۆپی ڕەسەنی ئەو ڕێککەوتننامانەی کە سنوورەکانی ئێستا یان سنوورە کۆنەکان دەستنیشان دەکەن، هەروەها سەرجەم ئەو نەخشە فراوانانەی کە لە ئێستادا هەن،

لەگەڵ داتای روپێوییەکان "جیۆدیزیا"[٢]، لەگەڵ پرۆسەی روپێوییە تەواوکراوەکان ئەگەر بڵاویش نەکرابێتنەوە، لەگەڵ ئەو زانیارییانەی پەیوەندیدارن بە گۆڕانکارییەکان لە ڕێڕەوە ئاوییە سنوورییەکاندا. هاوکات پێویستە لەو ساتەی کە ئەم پەیماننامەیە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، هەموو نەخشە و داتاکانی جیۆسیدی و پڕۆسەکانی روپێوی، تەنانەت ئەگەر بڵاویش نەکراونەنەوە، بەڵام لەلای دەسەڵاتدارانی تورکیای قوستەنتینییە هەن، بەبێ دواکەوتن رادەستی سەرۆکی لیژنەی دەستنیشانکردنی سنوور بکرێن.

ولاتە پەیوەندیدارەکان بەڵێنیش دەدەن، داوا لە دەسەڵاتە خۆجێیەکان بکەن بۆ گەیاندنی سەرجەم بەڵگەنامەکان بە لیژنەکە، بە تایبەتی پلانەکان و تاپۆ و تۆمارەکانی زەوی و پێدانی سەرجەم وردەکارییەکانی پەیوەست بە ماڵ و موڵک و هەلومەرجی ئێستای ئابووری و زانیارییە گرنگەکان، ئەگەر داواکران.

**مادەی ٨**

ولاتە پەیوەندیدارەکان پێشکەشکردنی هەموو هاوکارییەکی پێویست بە لیژنەی دەستنیشانکردنی سنوورییان لە ئەستۆدایە، کە پەیوەستن بە گواستنەوە، نیشتەجێکردن، کار و کەرەستەکان (هێما سنوورییەکان و میلەمەرزەکان) بۆ بەجێگەیاندنی

---

[٢] – زانستی جیۆدیزیا لە بابەتەکانی پەیوەست بە قەبارە، شێوە، ڕەهەندەکان، هێزی کێشکردن و پلەی گەرمی ناوەوەی زەوی دەکۆڵێتەوە.

ئەرکەکانیان، ئەمەش چ بە ڕێگەی ڕاستەوخۆ بێت یان بە ڕێگەی دەسەڵاتە خۆجێییەکان.

بە تایبەتی حکومەتی تورکیا ئەوەی لە ئەستۆدایە کە کارمەندی تەکنیکی پێویست بۆ لیژنەی دەستنیشانکردنی سنوور دابین بکات، ئەگەر پێویستی کرد، لەپێناو هاوکاریکردنی لیژنەکە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی.

**مادەی ٩**

وڵاتە پەیوەندیدارەکان پاراستنی هەریەک لە خاڵە سێگۆشەییەکان، تابلۆکان، ناوەندە سنوورییەکان یان هێماکانی سنووریان لە ئەستۆدایە، کە لەلایەن لیژنەی دەستنیشانکردنی سنوورەوە دانراوە.

**مادەی ١٠**

دەبێت ستوون و عەمودەکانی سەر سنوور بە شێوازێک دابنرێن، کە لە هەردوو دیوی سنوورەکەوە ببینرێن و ژمارەشیان لەسەر بێت و شوێن و ژمارەکانیشیان لەسەر بەڵگەنامەی نەخشەکاندا نووسرابن.

**مادەی ١١**

پرۆتۆکۆڵەکانی دەستنیشانکردنی سنوور و ئەو نەخشە و بەڵگەنامانەی کە لەگەڵیاندا هاوپێچکراون، بە سێ کۆپی ئامادە دەکرێت، دووان لەم کۆپییانە دەنێردرێن بۆ حکومەتی وڵاتانی هاوسنوور و کۆپی سێیەمیشیان دەنێردرێت بۆ حکومەتی کۆماری

فەڕەنسا، ئەویش لەلای خۆیەوە کۆپییە ڕەسەنەکان بۆ ئەو وڵاتانە دەنێرێت، کە واژۆیان لەسەر ئەم پەیماننامەیە کردووە.

**مادەی ١٢**

ئەو بڕیارەی کە لە کۆنگرەی لەندەنی ١٣ی شوباتی ١٩١٣، بە گوێرەی مادەی ٥ لە پەیماننامەی لەندەنی ١٧ تا ٣٠ ئایاری ١٩١٣ و مادەی ١٥ی پەیماننامەی ئەسینای ١ تا ١٤ تشرینی دووەمی ١٩١٣دا درا، کە لە ١٣ی شوباتی ١٩١٤دا گەیەندرایە حکومەتی یۆنان، سەبارەت بە سەروەری یۆنان بەسەر دوورگەکانی رۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست، جگە لە دورگەکانی ئیمبرۆس و تێنێدۆس و دورگەکانی کەروێشک، بە تایبەتیش دورگەکانی لیمۆنس و سامۆتراس و میتێلین و کیۆس و سامۆس و نیکاریا، کە بڕیارەکانی ئەم پەیماننامەیەش لەبەرچاودەگرن و رێز لەو دورگانە دەگرن کە لەژێر سەروەری ئیتاڵیادان و لە مادەی ١٥شدا هاتووە.

لەبارێکدا ئەگەر دەقێکی پێچەوانە لەم پەیماننامەیەدا نەهاتبوو، ئەوا ئەو دورگانەی بە کەمتر لە سێ میل لە کەنارەکانی ئاسیاوە دوورن لە ژێر سەروەری تورکیادا دەمێننەوە.

**مادەی ١٣**

بەمەبەستی دڵنیابوونەوە لە پاراستنی ئاشتی، حکومەتی یۆنان لە ئەستۆیدایە، لە دورگەکانی میتێلین و کیۆس و سامۆس و نیکارایا، ئەم رێوشوێنانەی خوارەوە بگرێتەبەر:

١) نابێت هیچ بنکەیەکی دەریایی یان قەڵایەک، لەو دورگانەی کە ئاماژەیان پێدراوە، دروست بکرێن.

٢) فڕینی فڕۆکە جەنگییەکانی یۆنان بە ئاسمانی کەناراوەکانی خاکی ئەنادۆڵدا قەدەغەیە، بە هەمانشێوە، ڕێگری لە فڕۆکە جەنگییەکانی حکومەتی تورکیاش دەکرێت نە ئاسمانی ئەو دورگانەدا بفڕن کە لەمەوپێش ئاماژەیان پێکراوە.

٣) هێزە سەربازییەکانی یۆنان لەو دورگانەی ئاماژەیان پێکراوە لەو چەند یەکە ئاساییەدا دەوەستێتەوە کە بۆ خزمەتی سەربازی بانگ دەکرێن، کە دەکرێت مەشق و ڕاهێنانیان بە خێرایی پێبکرێت، هاوکات بۆ هێزی جەندرمە و پۆلیسیش، کە بگونجێت لەگەڵ ژمارەی ئەو هێزانەی جەندرمە و پۆلیسدا کە لە سەرتاسەری خاکی یۆناندا هەیە.

**مادەی ١٤**

هەریەک لە دورگەکانی ئیمبرۆس و تێنیدۆس، کە تا ئەم ساتەش لەژێر سەروەری تورکیادان، سوودمەند دەبن لە ڕێکخستنی ئیدارەیەکی تایبەت، کە لە نوێنەرە خۆجێییەکان پێکدێت، لەگەڵ ئەوەشدا گرەنتی تەواوەتی دەدرێت بە دانیشتوانی ڕەسەنی نا موسڵمان لە ئیدارەی خۆجێی و پاراستنی کەسایەتی و موڵک وماڵیان.

بە پێکهێنانی هێزێکی پۆلیسیش دڵنیایی دەدرێت لە پاراستنی سیستمەکە، کە لە خەڵکی ناوچەکە پێکهاتوون و لەلایەن ئەو

ئیدارە خۆجێییەوە دامەزراون، کە لە سەرەوەدا ئاماژەی پێکراوە و لەژێر فەرمانیدا دانراون.

ئەو رێککەوتننامانەی کە لەنێوان هەردوو وڵاتی یۆنان و تورکیادا واژۆکراون یان دەکرێت لە داهاتودا واژۆبکرێن، لەسەر دانیشتوانی هیچکام لە دوو دورگەی ئیمبرۆس و تێنێدۆس جێبەجێناکرێن.

### مادەی ١٥

تورکیا لە بەرژەوەندی ئیتاڵیا دەستبەرداری سەرجەم ماف و خاوەندارێتی ئەو دورگانە دەبێت کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێدراوە، ئەوانیش: ستامپالیا (ئەسترۆپالیا)، رۆدس (ڕۆدوس)، کالکی (خارکی)، سکارپانتۆ، کاسۆس (کاسۆ)، پیسکۆپیس (تیلۆس)، میسیرۆس (نیسیرۆس)، سالمینۆس (کالمینۆس)، لێرۆس، پاتمۆس، لیپسۆس (لیپسۆ)، سمی (سیمی) و سۆس (کۆس)، کە لە ئێستادا لەلایەن ئیتاڵیا و دورگۆکە وابەستەکانییەوە داگیرکراون، لە سەروشیانەوە دورگەی کاستیلۆڕیزۆ.

### مادەی ١٦

لەم ساتەوە تورکیا بە هەموو شێوەیەک، دەستبەرداری ماف و خاوەندارێتی هەموو ئەو زەویانە دەبێت، کە لە دەرەوەی سنوری ئاماژەپێکراوی ئەم پەیماننامەیەدان، لەگەڵ دورگەکانی دیکە، جگە لەوانەی سەروەرییەکەی بە گوێرەی ئەم پەیماننامەیە دانیپێدانراوە، چارەنووسی ئەو زەوی و دورگانەش یەکلادەکرێنەوە یان دەکرێ لایەنە پەیوەندیدارەکان یەکلاییکەنەوە.

بڕیارەکانی ئەم مادەیە کاریگەری نییە لەسەر هیچ ڕێککەوتنێکی تایبەت، کە لە ئەنجامی پەیوەندیی هاوسێیەتییەوە لە نێوان تورکیا و هەر وڵاتێکی دراوسێیدا ئەنجام دراون، یان ڕەنگە ئەنجام بدرێن.

**مادەی ١٧**

دەستبەرداربوونی تورکیا لە هەموو ماف و دەستکەوتەکانی لە میسر و سوداندا، ئەمەش لە ٥ی تشرینی دووەمی ١٩١٤وە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

**مادەی ١٨**

تورکیا لە هەموو بەڵێن و پابەندبوونەکانی پەیوەست بە قەرزەکانی دەوڵەتی عوسمانی دەبەخشرێت، کە بە باجی میسری دەستەبەرکراون، واتە قەرزەکانی ساڵانی ١٨٥٥ و ١٨٩١ و ١٨٩٤. ئەو بڕە پارە ساڵانەیەی لەلایەن میسرەوە دەخرێتە خزمەتی دانەوەی ئەم قەرزانە، لە ئێستادا بەشێکن لە دانەوەی قەرزە گشتییەکانی میسر، بەمەش میسر لە هەموو پابەندییەکانی بە قەرزە گشتییەکانی دەوڵەتی عوسمانی دەبەخشرێت.

**مادەی ١٩**

هەر کێشەیەک لە دانپێدانان بە وڵاتی میسرەوە بێتە ئاراوە، ئەوا بە ڕێککەوتنێک یەکلاییدەکرێتەوە، کە دواتر دانوستانی لەسەر دەکرێت، بە جۆرێک دواجار لەنێوان وڵاتە

پەیوەندیدارەکان یەکلایی دەکرێتەوە. بڕیارەکانی ئەم پەیماننامەیە کە تایبەتن بەو زەوییانەی بە گوێرەی پەیماننامەی ناوبراو لە تورکیا دابڕێندراون، میسر ناگرێتەوە.

**مادەی ٢٠**

لەم ساتەوە تورکیا دان بە لکاندنی قوبرسدا دەنێت، کە لە ٥ی تشرینی دووەمی ١٩١٤ لەلایەن حکومەتی بەریتانیاوە ڕاگەیەندرا.[٣]

**مادەی ٢١**

ئەو هاوڵاتییە تورکانەی بەشێوەیەکی سروشتی لە ٥ی تشرینی دووەمی ١٩١٤ەوە لە قوبرس نیشتەجێبوون، بەگوێرەی ئەو مەرجانەی لە یاسای ناوخۆییدا هاتوون، ڕەگەزنامەی بەریتانی وەردەگرن، بەمەش ڕەگەزنامە تورکییەکەیان لەدەست دەدەن. بەڵام مافی ئەوەیان دەبێت، دوو ساڵ دوای چوونە بواری جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیەوە، ڕەگەزنامەی تورکیا هەڵبژێرن، بە مەرجێک لە ماوەی دوو ساڵی دوای هەڵبژاردنی ڕەگەزنامەی تورکی، قوبرس بەجێبهێڵن.

ئەو هاوڵاتییە تورکانەی کە بە شێوەیەکی سروشتی لە سەروبەندی چوونە بواری جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیەدا لە قوبرس نیشتەجێبوون و ڕەگەزنامە بەریتانییەکەیان بەدەستهێناوە،

---

[٣] – دوای دەستپێکردنی جەنگی یەکەمی جیهانی و بەشداریکردنی دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگەکەدا، بەریتانیا لە ٥ی تشرینی یەکەمی ١٩١٤ قوبرسی خستە سەر ئیمپراتەکەی. (و.کوردی)

یان ئەوانەی لە ئەنجامی داوانامەیەکی پێشکەشکراو دەیانەوێت رەگەزنامەکە بەگوێرەی یاسای ناوخۆیی وەربگرن، ئەوانیش رەگەزنامەی تورکییان لێ وەردەگیرێتەوە.

حکومەتی قوبرسیش مافی ئەوەی دەبێت رەگەزنامەی بەریتانی بۆ دانیشتوانی دورگەکە رەتبکاتەوە، کە هاوڵاتی تورکی بوون و پێشتر بەبێ رەزامەندی حکومەتی تورکیا رەگەزنامەی تریان بەدەستهێناوە.

**مادەی ٢٢**

بەبێ زیانگەیاندن  بە بڕیارە گشتییەکانی مادەی ٢٧، تورکیا بەگوێرەی ئەم پەیماننامەیە دان بە هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم ئەو ماف و ئیمتیازاتانەدا دەنێت کە لە لیبیا بەدەستیهێناوە، تەنانەت ئەگەر ئەو ماف و ئیمتیازاتانە بەگوێرەی پەیماننامەی لۆزانی ١٨ی تشرینی یەکەمی ١٩١٢  و ئەو دۆکیۆمێنتانەش بێت کە پەیوەندیان پێوەی هەیە.

## ٢- بڕیاری تایبەت

### مادەی ٢٣

لایەنە پەیمانبەستە باڵاکان ڕێککەوتن لەسەر دانانی و ڕاگەیاندنی بنەمای ئازادی هاتوچۆ و کەشتیوانیی دەریایی و ئاسمانی، لە سەروبەندی ئاشتی و جەنگیشدا، لە هەریەک لە گەرووی دەردەنیڵ، دەریای مەڕەمەڕە و بۆسفۆڕدا، وەک ئەوەی لە ڕێککەوتننامە جیاکەدا[٤] سەبارەت بە سیستمی گەرووە ئاوییەکان دەستنیشانکراوە و ئەمڕۆ واژۆکراوە. ئەم ڕێککەوتننامەیە تا ئەو شوێنەی کە پەیوەندی بەو لایەنە باڵادەستانەوە هەیە، هەمان هێز و کاریگەری دەبێت، تا ئەو ئاستەی کە بەشێک بێت لەم پەیماننامەیە.

### مادەی ٢٤

ئەو ڕێککەوتننامە جیایەی کە ئەمڕۆ واژۆکراوە، ڕێز لە سیستمی سنوور دەگرێت و لە مادەی ٢ی ئەم پەیماننامەیەشدا ڕوونکراوەتەوە، هەمان هێز و کاریگەری هاوتای دەبێت بۆ لایەنە پەیمانبەستە باڵاکان وەک ئەوەی بەشێک بێت لەم پەیماننامەیە.

---

[٤] ڕێککەوتننامەی گەرووە ئاوییەکان لەهەمان ڕۆژی واژۆکردنی پەیماننامەی لۆزان لە ٢٤ی تەمووزی ١٩٢٣دا بەستراوە. (و،کوردی)

**مادەی ٢٥**

تورکیا لە ئەستۆیدایە بە تەواوی توانایەوە دانبنێت بە پەیماننامەکانی ئاشتی و ئەو رێککەوتنانەی دیکەش کە وڵاتانی تری واژۆکاری ئەم پەیماننامەیە لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا بەستویانە کە لەپاڵ تورکیادا جەنگاون، هاوکات دانبنێت بە هەر مامەڵەیەک کە دەرهەق بە خاکەکانی (ئیمپراتۆریتی ئەڵمانیای پێشوو، نەمسا، مەجەر و بولگاریا) گرتبێتیەبەر، یان رەنگە بیگرێتەبەر، هەروەها داننانی بەو وڵاتە تازانەشدا کە دەکەونە سنوورەکانییەوە بەو شێوەیەی کە کێشراوە.

**مادەی ٢٦**

تورکیا بە گوێرەی ئەم پەیماننامەیە داندەنێت بە سنوورەکانی ئەڵمانیا، نەمسا، بولگاریا، یۆنان، هەنگاریا، پۆڵەندا، رۆمانیا، وڵاتی سڕبۆکراتی سلۆڤینیا و وڵاتی چیکۆسلۆڤاکیا و قبوڵیشیان دەکات، ئەم سنوورانە دیاریکراون یان رەنگە لە داهاتوودا بەگوێرەی ئەو پەیماننامانە دیاریبکرێن، کە لە مادەی ٢٥ دا ئاماژەیان پێکراوە، یاخود هەر رێککەوتنامەگەلێکی تەواوکاری دیکە.

**مادەی ٢٧**

نابێت بە هیچ هۆکارێک حکومەتی تورکیا یان دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە لە دەرەوەی خاکی تورکیا پیادەی هیچ دەسەڵاتێک یان دەسەڵاتێکی دادوەری لە پرسە سیاسی، تەشریعی یان کارگێڕییەکاندا بەسەر هاوڵاتیانی ئەو ناوچەیەدا بکات، کە لەژێر

سەروەری یان پاراستنی وڵاتانی تری بەشدار لەم پەیماننامەیەدان، یاخود بەسەر هاوڵاتییانی ئەو وڵاتانەی کە لە تورکیا جیابوونەتەوە.

هاوکات ناکرێت بە هیچ شێوەیەک تایبەتمەندییە رۆحییەکانی پایەدارانی ئاینی ئیسلام پێشێل بکرێن.

**مادەی ٢٨**

هەریەک لە لایەنە پەیمانبەستە باڵاکان بەگوێرەی ئەم پەیماننامەیە، تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بەوانەوە هەیە، رازین بەوەی کە خۆبەدەستەوەدان لە تورکیا لە هەموو روویەکەوە بە تەواوەتی هەڵبوەشێننەوە.

**مادەی ٢٩**

ئەو مەغریبی و تونسیانەی لە ژێر سەرپەرشتی فەڕەنسان و لە تورکیادان، لە هەموو روویەکەوە هەمان مامەڵەی هاوڵاتییانی تری فەڕەنساییان لەگەڵدا دەکرێت.

ئەو لیبییانەی کە ئیتاڵیا سەرپەرشتیاریانە و لە تورکیادان، لە هەموو روویەکەوە هەمان مامەڵەی هاوڵاتییانی تری ئیتاڵیاییان لەگەڵدا دەکرێت.

بڕیارەکانی ئەم مادەیە بەهیچ شێوەیەک ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە بە بنەچە تونسی، لیبی و مەغریبین و لە تورکیا رەگەزنامەیان پێدراوە.

وەکچۆن خەڵکی ئەو ناوچانەی بە گوێرەی بڕیارەکانی بڕگەی یەکەم و دووەمی ئەم مادەیە سوودمەند دەبن، بەهەمانشێوە هاوڵاتییانی تورکیاش بەهەمان ئەندازە لە هەریەک لە وڵاتانی فەڕەنسا و ئیتاڵیادا سوودمەند دەبن.

ئەو کاڵایەنەی هاوردە یان هەنادردە دەکرێن بۆ ئەو ناوچانەی خەڵکەکەی لە تورکیا بەگوێرەی بڕگەی یەکەمی ئەم مادەیە سوودی لێدەبینن، لە تورکیاش هەمان مامەڵە لەگەڵ ئەو کاڵایانەدا دەکرێت کە لە ناوچە ئاماژەپێکراوەکان دروستدەکرێن یان بۆیان دەنێردرێن، ئەمەش بە ڕێککەوتنی نێوان هەردوو حکومەتی فەڕەنسا و تورکیا یەکلاییدەکرێتەوە.

## باسی دووەم: رەگەزنامە

### مادەی ٣٠

کەسانی سەرپەرشتیکراوی تورک کە خۆبەخۆ بەگوێرەی بڕیارەکانی ئەم پەیماننامەیە نیشتەجێی هەرێمێکن و لە تورکیا جیاکراوەتەوە، بەشێوەکی دیفاکتۆ و بەگوێرەی ئەو مەرجانەی کە یاسا ناوخۆییەکان بۆیان دیاریدەکات، دەکەونە ژێر سەرپەرشتی ئەو وڵاتەی کە ناوچەکەی خراوەتەسەر.

### مادەی ٣١

ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لەسەرو هەژدە ساڵەوەیە و رەگەزنامەی تورکییان لەدەستداوە و رەگەزنامەی نوێیان بە گوێرەی مادەی ٣٠ بەدەستهێناوە، لەدوای چوونە بواری جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیە بە دوو ساڵ، سەرپشکن لەوەی رەگەزنامەی تورکی هەڵبژێرن.

### مادەی ٣٢

ئەو کەسانەی تەمەنیان لە سەروو هەژدە ساڵەوەیە و خۆبەخۆ نیشتەجێی ئەو ناوچانەن، کە بەگوێرەی ئەم پەیماننامەیە لە تورکیا جیاکراونەتەوە و لەڕووی پێکهاتەی رەگەزیشەوە لەگەڵ زۆرینەی دانیشتوانی ئەو ناوچەیەدا جیاوازن، ئەوا مافی هەڵبژاردنی رەگەزنامەی یەکێک لەو وڵاتانەیان دەبێت کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی لە هەمان پێکهاتە رەگەزییەکەی خۆیەتی، ئەمەش

لەگەڵ چوونەبواری جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیەدایە بە دوو ساڵ، ئەمەش وەستاوەتە سەر رەزامەندی ئەو وڵاتە.

**مادەی ٣٣**

ئەو کەسانەی بەگوێرەی مادەکانی ٣١ و ٣٢ بوونەتە خاوەنی رەگەزنامە، پێویستە لەو بەروارەوە تا دوازدە مانگی تر شوێنی نیشتەجێبوونیان بگوازنەوە بۆ ئەو وڵاتەی کە هەڵیانبژاردووە.

هاوکات ئەو کەسانە مافی هێشتنەوەی ئەو موڵکە نەگوازراوانەیان هەیە، کە پێش بەدەستهێنانی رەگەزنامەکە لە وڵاتی پێشووتر هەیان بووە.

ئەوانە مافی ئەوەشیان دەبێت کە هەموو سەروەت و سامانە گوازراوەکانیان بە هەموو جۆرەکانییەوە لەگەڵ خۆیان ببەن، بەبێ ئەوەی لە کاتی گواستنەوەیدا هیچ رسوماتێکی هەناردە یان هاوردەیان بەسەردا بسەپێندرێت.

**مادەی ٣٤**

بە رەچاوکردنی هەر رێککەوتنێک کە رەنگە ببەسترێت لەنێوان ئەو حکومەتانەی دەسەڵاتیان بەسەر ئەو وڵاتانەدا هەیە کە لە تورکیا جیابوونەتەوە، لەگەڵ حکومەتی ئەو وڵاتانەی کە ئەو کەسە پەیوەندیدارانە تێیدا نیشتەجێن، ئەو تورکانەی کە تەمەنیان لەسەرو هەژدە ساڵەوەیە و لە هاوڵاتییانی هەرێمێکی جیابۆوەن لە تورکیا و خۆبەخۆ لەگەڵ چوونە بواری جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیەدا لەوێ نیشتەجێن، ئەوا دەتوانن

بەگوێرەی ئەم پەیماننامەیە رەگەزنامەی ئەو هەرێمە هەڵبژێرن کە خۆیان لە هاوڵاتییانی ئەو شوێنەن، ئەمەش ئەگەر بە رەگەز سەر بە زۆرینەی دانیشتووانی ئەو ناوچەیە بن و گوێڕایەڵی ئەو حکومەتە بن کە تێیدا دەسەڵاتدارە، هاوکات پێویستە ئەم مافەش لە ماوەی دوو ساڵی دوای چوونەبواری جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیەوە، پیادەبکرێت.

**مادەی ٣٥**

ولاتانی واژۆکاری ئەم پەیماننامەیە لە ئەستۆیانە رێگری لەو کەسانە نەکەن کە دەیانەوێت بەگوێرەی ئەم پەیماننامەیە، یان بەگوێرەی پەیماننامەکانی ئاشتی کە لەگەڵ ئەڵمانیا، نەمسا، بولگاریا یان هەنگاریا بەستراون، یاخود بەگوێرەی هەر پەیماننامەیەک کە ئەو هێزانە بەبێ تورکیا دەیبەستن، یاخود هەریەکێک لەوانە لەگەڵ روسیا، یان لەنێوان خۆیاندا دەیبەستن، ئەو رەگەزنامانە بەدەستبهێنن یان رەنگە بتوانن بەدەستییبهێنن.

**مادەی ٣٦**

لە هەموو ئەو بابەتانەی کە پەیوەستن بە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەم باسە، ژنی خێزاندار گوێڕایەڵی هاوسەرەکەی دەبێت و مندالانی خوار تەمەن هەژدە ساڵیش دەکەونە ژێر رکێفی دایک و باوکییانەوە.

## باسی سێیەم: پاراستنی کەمینەکان

### مادەی ٣٧

تورکیا لە ئەستۆیدایە، ئەو بڕیارانەی کە لە مادەکانی ٣٨ تا ٤٤ی ئەم پەیماننامەیەدا هاتووە، وەک یاسای بنەڕەتی ببینێت، کە تێیدا هیچ ڕێسا و یاسا یان کردەیەکی فەرمی دژیەک نەبێ لەگەڵیاندا یان لە سەروویانەوە بێت، لەگەڵ ئەوەشدا نابێت هیچ ڕێسا و یاسا یان کردەیەکی فەرمی پێشێلیان بکات یان جێگەیان بگرێتەوە.

### مادەی ٣٨

دەبێت حکومەتی تورکیا پاراستن و دەستەبەرکردنی تەواوەتی ژیان و ئازادی بۆ دانیشتوانەکەی لە ئەستۆبگرێت، ئەمەش بەبێ ڕەچاوکردنی شوێنی لەدایکبوون، ناسنامە، زمان، ڕەگەز و ئایین.

سەرجەمی دانیشتوانی تورکیا، مافی خۆیانە بە ئازادانە پەیڕەوی هەر ئاینزا، ئایین، یان بیروباوەڕێک بکەن، ئەمەش چی لە شوێنە گشتییەکاندا بێت یان لە شوێنی تایبەتدا، بە مەرجی ئەوەی ناکۆک نەبێت لەگەڵ ڕێزگرتن لە سیستمی گشتی و ڕەوشت و ئاکاری چاک.

کەمینە ناموسڵمانەکان بەوپەڕی ئازادییەوە، بەهەرمەند دەبن لە گەشت و کۆچکردن، ئەمەش بەگوێرەی ئەو ڕێوشوێنانەی کە حکومەتی تورکیا لەپێناو بەرگری نیشتمانی یان پاراستنی نەزمی گشتی، لە تەواوی ناوچەکە یان بەشێکی، دەتوانێت بەسەر هەموو هاوڵاتییانی تورکیادا بیگرێتەبەر.

**مادەی ٣٩**

ئەو هاوڵاتییە تورکانەی کە سەربە کەمینە ناموسڵمانەکانن، بە هەمان شێوەی موسڵمانەکان لە مافە مەدەنی و سیاسییەکان سوودمەند دەبن.

سەرجەم دانیشتوانی تورکیا بەبێ جیاوازی ئایینی، لەبەردەم یاسادا یەکسانن. جیاوازی ئایین، بیروباوەڕ یان ئاینزا، ئاستەنگ نابێت لەبەردەم هیچ هاوڵاتییەکی تورک بۆ سوودمەندبوون لە مافە مەدەنی و سیاسییەکانیان، وەک دامەزراندن لە کەرتی گشتی و فەرمانگە میرییەکان و رێز و پێزانینە فەرمییەکان، یان لە کارکردنی پیشەیی و پیشەسازیدا.

هیچ سنوورێک بۆ بەکارهێنانی ئازادانەی زمانی هیچ هاوڵاتییەکی تورکیا داناندرێت، کە پەیوەست بێت بە دیدارە تایبەتەکان، بازرگانیکردن، پەیڕەوکردنی ئایین، کاری رۆژنامەوانی، هەر جۆرە بڵاوکراوەیەکی چاپەمەنی، یان تەنانەت بە گردبوونەوە جەماوەرییەکانیشەوە.

سەرەڕای بوونی زمانی فەرمی، دەبێت ئاسانکاری پێویست پێشکەشی ئەو هاوڵاتییە تورکانە بکرێت کە بە زمانێکی تری جگە لە تورکی قسە دەکەن، وەک بەکارهێنانی زمانەکەیان بە شێوەیەکی زارەکی لەبەردەم دادگاکاندا.

**مادەی ٤٠**

ئەو هاوڵاتییە تورکانەی سەر بە کەمینە ناموسڵمانەکانن، لە واقیعدا وەک هاوڵاتیانی تری تورکیا بە هەمان شێوەی مامەڵە و

ئەمنیەت لە بواری یاسادا سوودمەند دەبن. بە تایبەتیش لەسەر تێچووی خۆیان، مافی یەکسانیان دەبێت لە دامەزراندن و بەڕێوەبردن و بەدەستەوەگرتنی هەر دامەزراوەیەکی خێرخوازی، ئایینی و کۆمەڵایەتی و هەر خوێندنگە و دامەزراوەیەکی تری پەروەردە و فێرکردن، لەگەڵ مافی بەکارهێنانی زمانەکەیان و پەیڕەوکردنی ئازادانەی ئایینەکەیان تیایاندا.

**مادەی ٤١**

هەرچی سەبارەت بە پەروەردەی گشتییە، لەو شار و ناوچانەی کە ڕێژەیەکی زۆر هاوڵاتی ناموسڵمانی تێدا نیشتەجێیە، حکومەتی تورکیا ئاسانکاریی پێویست پێشکەش بە منداڵانی ئەم جۆرە لە هاوڵاتییانی تورک دەکات، ئەمەش بە دابینکردنی خوێندن بە زمانی دایکیان لە خوێندنگە سەرەتاییەکاندا. ئەم بڕگەیە ڕێگر نابێت لە بەردەم حکومەتی تورکیا، کە بیەوێت فێرکردنی زمانی تورکی لەم خوێندنگانەی کە پێشتر ئاماژەیان پێدرا بکات بە زۆر و ئیجباری.

لەو شار و ناوچانەی کە بەشی زۆری دانیشتوانەکەی هاوڵاتی تورکی سەر بە کەمینە ناموسڵمانەکانن، بە کەڵکوەرگرتن لە بەکارهێنانی ئەو بڕە پارەیەی کە لە سامانی گشتی لە چوارچێوەی بودجەی وڵات، شارەوانییەکان یان هەر بڕە بودجەیەکی تردا، کە بۆ مەبەستی پەروەردەیی، ئایینی یان خێرخوازی تەرخان دەکرێت، پشکی دادپەروەرانەی خۆیان بۆ دەستەبەر دەکرێت.

ئەو برە پارەیەی کە بۆیان بڕدراوەتەوە، دەدرێتە نوێنەرە ڕێگەپێدراوەکانی دەستە و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانیان.

**مادەی ٤٢**

هەرچی سەبارەت بە کەمینە نا موسڵمانەکانە، تا ئەو شوێنەی کە پەیوەندی بە یاسای خێزان، یان یاسای باری کەسایەتییەوە هەیە، حکومەتی تورکیا لە ئەستۆیدایە، بەگوێرەی دابونەریتی ئەو کەمینانە، ڕێوشوێن بگرێتەبەر.

ئەم ڕێوشوێنانەش لەلایەن لیژنە تایبەتەمەندەکان پلانڕێژی بۆ دەکرێت، کە لە هەریەک لە نوێنەرانی حکومەتی تورکیا و نوێنەرانی کەمینە پەیوەندیدارەکان بە ژمارەی یەکسان پێکهاتوون. لەحاڵەتی بوونی هەر ناکۆکییەکیشدا، حکومەتی تورکیا و ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان بە ڕێککەوتن ناوبژیکارێک دەستنیشان دەکەن، کە لەناو پارێزەرانی ئەوروپاییدا هەڵدەبژێردرێت.

حکومەتی تورکیا پاراستنی تەواوەتی کڵێسا، پەرستگا، گۆڕستانەکان و هەموو دامەزراوە ئاینییەکانی تری کەمینەکانی لە ئەستۆدایە، کە پێشتر ئاماژەیان پێدراوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ئاسانکاری و مۆڵەتێک دەداتە دامەزراوە ئاینییەکانی وەک دامەزراوە ئایینی و خێرخوازییەکانی سەر بە کەمینە ئاماژەپێکراوەکان، کە لە ئێستادا لە تورکیادان، لە حاڵەتی پێکهێنانی دامەزراوەی نوێی ئایینی و خێرخوازیشدا، لە پێشکەشکردنی ئەو ئاسانکارییە پێویستانەی کە دامەزراوە تایبەتییەکانی تری ئەم جۆرە بەدەستیدەهێنن، حکومەتی تورکیا ڕێگر نابێت.

**مادەی ٤٣**

ئەو هاوڵاتییە تورکانەی کە بەشێکن لە کەمینە نامووسڵمانەکان، نابێت ناچار بکرێن بە ئەنجامدانی هتچ کارێک کە ببێتە مایەی پێشێلکردنی ئایین یان سروتە ئایینییەکانیان، نابێت بەهۆی رەتکردنەوەی ئامادەبوونیان لە دادگاکان یان نەگرتنەبەری هەر رێکارێکی تری یاسایی لە رۆژی پشووی هەفتەدا، بخرێنە ژێر بەرپرسیارێتی.

بەڵام ئەم بڕیارە هاوڵاتیانی تورک لە پابەندبوون بەدەر ناکات، کە بۆ پاراستنی نەزمی گشتی بەسەر هەموو هاوڵاتییانی تری تورکیادا دەسەپێندرێت.

**مادەی ٤٤**

تورکیا رەزامەند دەبێت لەسەر ئەوەی کە مادامەکی مادەکانی پێشووی ئەم بەشە کاریگەرییان لەسەر هاوڵاتییە نامووسڵمانەکانی تورکیا هەیە، لەبەرئەوە ئەم بریارانە پابەندبوونێکی نێودەوڵەتی گرنگ پێکدەهێنن و دەکەونە ژێر چاودێری کۆمەڵەی گەلان. بەم پێیەش بەبێ رەزامەندی زۆرینەی ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان رێگە بە هەموارکردنەوەی ئەو بڕیارانە نادرێت. ئیمپراتۆرێتی بەریتانیا، فەڕەنسا، ئیتاڵیا و ژاپۆن، لەسەر ئەوە رێککەوتوون لە ئەگەری هەموارکردنەوەی ئەم مادانە رەزامەندی نیشان نەدەن، کە بەشێوەیەکی گونجاو هاوهەڵوێستی زۆرینەی ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلانی لەسەرە.

تورکیا رەزامەندە لەسەر ئەوەی هەر ئەندامێکی ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان، مافی ئەوەی هەیە ئەنجومەنەکە ئاگادار بکاتەوە

لە هەر پێشێلکاری یان هەر مەترسییەک لەسەر پێشێلکردنی هەریەکێک لەو ئەرکانەی کە لە ئەستۆیەتی، دواتر ئەنجومەن دەتوانێت رێکارەکانی بگرێتەبەر و بڕیارەکانی بەگوێرەی بارودۆخەکە، کە بە گونجاوی دەزانێت، دەربکات.

تورکیا رەزامەندە لەسەر ئەوەی هەر کاتێک جیاوازی بۆچوون لەسەر پرسی یاسایی یان راستینەی ئەم مادانە، لەنێوان حکومەتەکەی و هەر وڵاتێکی تری واژۆکاری ئەم پەیماننامەیە یان هەر وڵاتێکی تری ئەندام لە کۆمەڵەی گەلان دروستبوو، ئەوا بەگوێرەی مادەی ١٤ی پەیمانی کۆمەڵەی گەلان، ئەمە بە ناکۆکییەک دادەنرێت، کە سروشتێکی نێودەوڵەتی هەیە. لێرەوە حکومەتی تورکیا رەزامەندی نیشاندەدات لەسەر رەوانەکردنی هەر ناکۆکییەکی لەم جۆرە بۆ دادگای دادی نێودەوڵەتی هەمیشەیی، ئەگەر هاتوو لایەنی بەرامبەر داوای بکات. بڕیاری دادگای هەمیشەیی قسەی کۆتایی دەبێت و وەک بڕیارێکیش بەگوێرەی مادەی ١٣ی پەیمانەکە، هەمان هێز و کاریگەری دەبێت.

**مادەی ٤٥**

ئەو مافانەی، کە بەگوێرەی بڕیارەکانی ئەم بەشە بە کەمینە ناموسڵمانەکان بەخشراوە، بەهەمان شێوە لەلایەن یۆنانەوە بە کەمینە موسڵمانەکانی ناو وڵاتەکەی دەبەخشرێت.

# بەشی دووەم:
# بەندی داراییەکان

## باسی یەکەم: قەرزی گشتی عوسمانی

### مادەی ٤٦

قەرزی گشتی عوسمانی وەک ئەوەی لە خشتەی هاوپێچکراوی ئەم باسەدا دەستنیشانکراوە، بەپێی ئەو مەرجانەی کە لەم باسەدا هاتووە، لەنێوان تورکیا و ئەو وڵاتانەی کە خاکەکانیان لەدوای جەنگەکانی بەلْکان لە ١٩١٢ – ١٩١٣ لە ئیمپراتۆریێتی عوسمانی دابڕاوە، هەروەها ئەو وڵاتانەشی ئەو دورگانەیان پێوەلکێندراوە و لە مادەکانی ١٢ و ١٣ی ئەم پەیماننامەیەدا ئاماژەیان پێکراوە و سەرزەمینی ئەو خاکانەشی کە لە کۆتا پەرەگرافی ئەم مادەیەدا ئاماژەیانپێکراوە، لەگەڵ ئەو وڵاتە تازە دروستکراوانەش، کە لە ناوچەکانی ئاسیا بەگوێرەی ئەم پەیماننامەیە لە ئیمپراتۆریێتی عوسمانی دابڕێندراون، دابەش دەکرێن. جگە لەوەش هەموو ئەو وڵاتانەی کە لە سەرەوە ئاماژەیانپێکراوە، بەپێی ئەو مەرجانەی لەم باسەدا هاتوون بەشداری دەکەن لە کرێی ساڵانەی خزمەتکردنی قەرزی گشتی عوسمانی، لەو بەروارانەی کە لە مادەی ٥٣دا هاتووە.

لەو بەروارانە بەدواوە کە لە مادەی ٥٣دا هاتووە، تورکیا بە هیچ شێوەیەک بەرپرسیار نابێت لە دانەوەی پشکی ئەو قەرزانەی وڵاتانی تر کە دێتە سەری.

بۆ مەبەستی دابەشکردنی قەرزی گشتی عوسمانی، ئەو بەشەی خاکی تورکیا کە لە ١ی ئابی ١٩١٤وە لەژێر سەروەری تورکیا بووە و وەک ئەوەی لە مادەی ٢ی ئەم پەیماننامەیەدا هاتووە و لە دەرەوەی سنووری تورکیادا بووە، ئەوا بە گوێرەی ئەم پەیماننامەیە بە دابڕاو لە ئیمپراتۆریێتی عوسمانی دادەنرێت.

**مادەی ٤٧**

ئەنجومەنی قەرزی گشتی عوسمانی، لە ماوەی سێ مانگ و لەکاتی چوونە بواری جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیەوە، لەسەر ئەو بنەمایەی کە لە مادەکانی ٥٠ و ٥١دا هاتووە، بڕە قیستی ساڵانەی ئەو قەرزانە دیاریدەکات، کە لە بەشی (A)ی خشتەی هاوپێچکراوی ئەم باسەدا ئاماژەپێکراوە، بەمەش ئەو بڕەی کە بۆیان دیاریکراوە، لەلایەن هەریەک لەو وڵاتە پەیوەندیدارانەوە دەدرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت لەوە ئاگاداربکرێنەوە.

هەریەک لەم وڵاتانە دەرفەتی ئەوەیان پێدەدرێت کە نوێنەریان بنێرنە قوستەنتینییە، بۆ بەدواداچوونی رێکاری ئەو هەژماردنانەی کە ئەنجومەنی قەرزی گشتی عوسمانی بۆ ئەم مەبەستە دەیگرێتەبەر. ئەنجومەنی قەرز ئەو ئەرکانەش جێبەجێ دەکات کە لە مادەی ١٣٤ی پەیماننامەی ئاشتی لەگەڵ بولگاریادا و لە ٢٧ی تشرینی دووەمی ١٩١٩دا ئاماژەپێکراوە.

هەر ناکۆکییەک لەنێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان سەبارەت بە جێبەجێکردنی ئەو بنەمایانەی کە لەم مادەیەدا هاتووە، بێتە ئاراوە، لە ماوەیەک کە نابێت زیاتر بێت لە مانگێک دوای ئاگادارکردنەوەکە کە لە بڕگەی یەکەمدا ئاماژەپێکراوە، ئەوا رەوانەی لای ناوبژیکارێک دەکرێت، کە پێویستە ئەنجومەنی قەرز لە کۆمەڵەی گەلان دەستنیشانی بکات؛ ناوبژیوانەکەش لە ماوەیەک کە زیاتر نەبێت لە سێ مانگ بڕیاری لەسەر دەدات. کرێ و خەرجی ناوبژیوانەکەش کە ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان دەستنیشانی دەکات، لەگەڵ خەرجییەکانی تری ئەو ناوبژیوانە دەکەوێتە سەر لایەنە

پەیوەندیدارەکان. بڕیارەکانی ناوبژیوانەکە یەکلاکەرەوەن. ڕێگە نادرێت بەبیانوی ناردنی هەر ناکۆکییەک بۆ ئەو ناوبژیوانەی کە ئاماژەپێکراوە، پێدانی قیستەکان رابگیرێت.

**مادەی ٤٨**

جگە لە تورکیا، پێویستە لەسەر هەموو ئەو وڵاتانەی کە قەرزی گشتی عوسمانییان خراوەتە ئەستۆ، وەک ئەوەی کە لە بەشی (A)ی خشتەی هاوپێچکراوی ئەم بەشەدا دەستنیشانکراوە، بەگوێرەی مادەی ٤٧ لە بەرواری ئاگادارکردنەوەیانەوە، لە ماوەی سێ مانگدا، دڵنیایی تەواو دەدەن بە ئەنجومەنی قەرزەکان بۆ پێدانی ئەو بڕەساڵانەیەی پشکەکانیان، کە لەم مادەیەدا هاتووە. خۆ ئەگەر هاتوو لەم ماوەیەی کە لەسەرەوە باسکرا ئەو دڵنیاییە نەدەن، یان لە حاڵەتی بوونی هەر ناکۆکییەک لەبارەی هاوتاکردنی ئەو دڵنیاییەی کە دانراوە، ئەوا هەریەک لە وڵاتانی بەشدار لەم پەیماننامەیەدا مافی ئەوەیان دەبێت لەوبارەیەوە سکاڵا ئاراستەی ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان بکەن.

ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان دەسەڵاتی ئەوەی هەیە، کۆکردنەوەی بڕە داهاتی تەرخانکراو، بەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییانە بسپێرێت، کە لە بواری داراییدا کار دەکەن و (جگە لە تورکیا) لەو وڵاتانەدان، کە قەرزەکانیان بەسەردا دابەشکراوە.

بڕیارەکانی ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان، یەکلاییکەرەوەن.

**مادەی ٤٩**

لە ماوەی مانگێکدا لە بەرواری دیاریکردنی کۆتایی، بەگوێرەی مادەی ٤٧ بڕی قیستی ساڵانەی هەریەک لەو وڵاتە پەیوەندیدارانەی کە لێی بەرپرسن، لیژنەیەک لە پاریس کۆدەبێتەوە بۆ دانانی نەخشەڕێگەی دابەشکردنی سەرمایەی بنەڕەتی قەرزی گشتی عوسمانی، وەک ئەوەی کە لە بەشی (A)ی خشتەی هاوپێچکراوی ئەم باسەدا دیاریکراوە. ئەم دابەشکارییەش بەپێی ئەو رێژانەی بۆ دابەشکردنی قیستەکان پەسەندکراون ئەنجام دەدرێن، لەگەڵ ئەوەشدا مەرجی رێککەوتننامەکانی بەڕێوەبردنی قەرزەکان و بڕیارەکانی ئەم باسە لەبەرچاودەگیرێن.

ئەو لیژنەیەی کە لە بڕگەی یەکەمدا ئاماژەی پێکراوە، لە نوێنەری حکومەتی تورکیا و نوێنەری ئەنجومەنی قەرزی گشتی عوسمانی و نوێنەری قەرزارەکانی تر پێکدێت، جگە لە قەرزی یەکگرتوو، هەریەک لە حکومەتە پەیوەندیدارەکانیش مافی ئەوەیان هەیە نوێنەری تێدا دابنێن. سەرجەم ئەو بابەتانەشی کە لیژنەکە ناتوانێت لەسەریان بگاتە رێککەوتن، ئەوا دەبرێتە بەردەم ئەو ناوبژیکارەی کە لە بڕگەی چوارەمی مادەی ٤٧دا ئاماژەی پێکراوە.

ئەگەر هاتوو تورکیا لەبارەی پشکەکەیەوە بڕیاری دەرکردنی پشکێکی نوێ بدات، پێویستە دابەشکردنی سەرمایەی بنەڕەتی قەرزی گشتی عوسمانی لە پلەی یەکەمدا بێت، بەوپێیەی کە کاریگەری لەسەر تورکیا هەیە، ئەمەش لەلایەن لیژنەیەکەوە

دەکرێت کە پێکهاتووە لە نوێنەری حکومەتی تورکیا و نوێنەری ئەنجومەنی قەرزی گشتی عوسمانی و نوێنەری قەرزارەکانی تر، جگە لە قەرزی یەکگرتوو. ئەو پشکە نوێیانەش رادەستی لیژنەکە دەکرێت، کە دڵنیایی دەدات لە گەیاندنییان بە خاوەن پشکەکان، بە مەرجی ئەوەی تورکیا لە بەرپرسیاریەتی دەبورێت، هەروەها ناردنی مافی خاوەن پشکەکان لەلایەن وڵاتانی تری بەپرس لە قەرزی گشتی عوسمانی. ئەو پشکانەی کە پەیوەست بە پشکی هەر وڵاتێکی قەرزی گشتی عوسمانی دەردەچن، لە خاکی هەر لایەنێکی پەیمانبەستوی باڵا کە رەنگە لەم بابەتەدا بەشداربێت، ئەوا لە هەموو باجی مۆر یان باجەکانی تر دەبەخشرێت.

پێدانی ئەو بڕە پارەیەی کە هەریەک لە وڵاتانی پەیوەندیدار لە ئەنجامی بڕیارەکانی ئەم مادەیە خراوەتە سەرشانی، کە پەیوەستە بە دابەشکردنی سەرمایەی بنەڕەتی، نابێت دوابخرێت.

**مادەی ٥٠**

ئەو بڕە رسومە ساڵانەیەی کە لە مادەی ٤٧دا هاتووە، لەگەڵ ئەو سەرمایە بنەڕەتییەی قەرزی گشتی عوسمانیش، کە لە مادەی ٤٩دا ئاماژەی پێکراوە، بەم شێوەیە دابەش دەکرێن:

١ – هەریەک لە قەرزەکان و قیستی ئەو قەرزانەی بەر لە ١٧ی تشرینی یەکەمی ١٩١٢ لەنێوان وڵاتانی ناو سنوری ئیمپراتۆریێتی عوسمانیدا دابەش دەکرێن، هاوشێوەی ئەوەی کە لە دوای جەنگی باڵکان (١٩١٢ – ١٩١٣) دابەشکرا، لەگەڵ ئەو وڵاتانەی بەڵکانیش کە بەهۆی ئەم شەڕانەوە خاکیان لە

ئیمپراتۆرێتی عوسمانی جیابۆتەوە، لەگڵ ئەو وڵاتانەشی کە دوورگەکانیان بۆ گەڕاوەتەوە وەک ئەوەی لە مادەکانی ١٢ و ١٥ی ئەم پەیماننامەیەدا ئاماژەیان پێکراوە؛ رودانی ئەو گۆڕانکارییە ناوچەییانە لەبەرچاودەگیرێن، کە دوای چونە بواری جێبەجێکردنی ئەو پەیماننامانەی کۆتاییان بە جەنگەکان هێناوە، یان ئەو پەیماننامانەی لە داهاتوودا دەبەسترێن.

٢ – پاشماوەی ئەو قەرزانەی کە ئیمپراتۆرێتی عوسمانی دوای ئەم یەکەم دابەشکردنە لێی بەرپرسە و پاشماوەی قیستی سالآنەی ئەو قەرزانە، لەگەڵ ئەو قەرزانەی کە لەلایەن ئەو ئیمپراتۆریەتەوە لە ماوەی نێوان ١٧ی تشرینی یەکەمی ١٩١٢ و ١ی تشرینی دووەمی ١٩١٤ گرێبەستی لەسەر کراوە، لەگەڵ قیستی سالآنەی ئەو قەرزانەش، لەنێوان تورکیا و وڵاتە تازە دروستکراوەکانی ئاسیا دابەش دەکرێن، کە بەگوێرەی ئەم پەیماننامەیە خاکێکیان لە ئیمپراتۆرێتی عوسمانی بۆ دابڕیندراوە، ئەو وڵاتانەشی کە خاکەکانیان بەگوێرەی کۆتا پەرەگرافی مادەی ٤٦ی ئەم پەیماننامەیە بۆ گەڕاوەتەوە.

دابەشکردنی سەرمایەکە لە حاڵەتی بوونی هەر قەرزێکدا پەیوەستە بەبڕی ئەو سەرمایەی کە لە کاتی چونە بواری جێبەجەێکردنی ئەم پەیماننامەیەوە نەدراوە.

**مادەی ٥١**

بڕی ئەو پشکە لە کرێی ساڵانەی قەرزی گشتی عوسمانی کە هەر وڵاتێکی پەیوەندیدار لێی بەرپرسە و لە ئەنجامی ئەو دابەشکردنەی کە لە مادەی ٥٠دا هاتووە، بەم شێوەیە دیاریدەکرێت:

١ – سەبارەت بەو دابەشکارییەی کە لە خاڵی (١)ی مادەی ٥٠دا هاتووە، لە پلەی یەکەمدا، پشکی ئەو دورگانەی کە لە مادەکانی ١٢ و ١٥دا ئاماژەی پێکراوە، لەگەڵ ئەو خاکانەشی لە دوای جەنگەکانی باڵکان لە ئیمپراتۆریێتی عوسمانی دابڕاون، کە پێکەوە وەرگیراون، پێویستە جێگیربکرێن.

بڕی ئەو پشکەش هەمان ڕێژەی کۆی گشتی ئەو قیستی ساڵانەیەی دەبێت کە بەگوێرەی خاڵی (١)ی مادەی ٥٠ دابەش دەکرێت، وەک تێکڕای کۆی گشتی داهاتی ئەو دورگە و ناوچانەی سەرەوە، کە بە گشتی وەرگیراون، ئەمەش کۆی تێکڕای داهاتەکانی ئیمپراتۆریێتی عوسمانی لە ساڵە داراییەکانی ١٩١٠–١٩١١ و ١٩١١–١٩١٢ لەخۆدەگرێت، لەوانەش داهاتی باجە گومرگییەکان. کە لە ساڵی ١٩٠٧دا دامەزراوە.

دواتر ئەو بڕە پارەیەی کە بەم شێوازە دیاریکراوە، بەسەر هەریەک لەو وڵاتانەدا دابەش دەکرێت کە خاکێکیان خراوەتەپاڵ، ئەمەش لە پەرەگرافی کۆتاییدا ئاماژەی پێکراوە، ئەو پشکەی کە هەریەک لەم وڵاتانە لێی بەرپرسیارن، هەمان ڕێژە دەبێت لەگەڵ کۆی گشتی ئەو بڕە پارەیەی کە بەم شێوازە دابەشکراوە. وەک تێکڕای کۆی گشتی داهاتی خاکە گەڕێندراوەکانی هەریەک لەم

ولاَتانە کە لە ساڵانی دارایی ١٩١٠-١٩١١ و ١٩١١-١٩١٢ دەستیکەوتووە، بە تێکڕای کۆی گشتی داهاتی ئەو خاکانەشی کە لەدوای شەڕەکانی باڵکان لە ئیمپراتۆریێتی عوسمانی جیابوونەتەوە، لەگەڵ ئەو دوورگانەشی کە لە مادەکانی ١٢ و ١٥دا ئاماژەپێکراوە، لە کاتی ئەژماردنی ئەو داهاتانەی کە لەم خاڵەدا هاتووە، داهاتە گومرگییەکانی لێ بەدەر دەکرێت.

٢ – سەبارەت بەو خاکانەی کە بەگوێرەی ئەم پەیماننامەیە لە ئیمپراتۆریێتی عوسمانی دابڕاون (لەوانەش ئەو خاکانەی کە لە کۆتا بڕگەی مادەی ٤٦دا ئاماژەی پێکراوە)، بڕی پشکی هەریەک لە ولاَتە پەیوەندیدارەکان هاوتا دەبێت لەگەڵ ڕێژەی کۆی گشتی ئەو بڕە ساڵانەیەی کە بەگوێرەی خاڵی (٢)ی مادەی ٥٠ دابەش دەکرێت، تێکڕای کۆی گشتی داهاتی خاکە دابڕاوەکان ( لەوانەش داهاتی باجی زیادەی گومرگی کە لە ساڵی ١٩٠٧دا دەرکرا) بۆ ساڵانی دارایی ١٩١٠-١٩١١ و ١٩١١-١٩١٢ بەسەر تێکڕای کۆی گشتی داهاتەکانی ئیمپراتۆریێتی عوسمانی، ئەمەش جگە لەو خاک و دورگانەی کە لە خاڵی (١)ی ئەم مادەیەدا ئاماژەیان پێکراوە.

**مادەی ٥٢**

ئەو قەرزانەی لە بەشی (A)ی خشتەی هاوپێچکراوی ئەم باسەدا هاتووە، بەم مەرجانەی لە خوارەوە باسکراون، لەنێوان تورکیا و ئەو ولاَتانەی کە لە مادەی ٤٦دا ئاماژەیان پێکراوە، دابەشدەکرێن:

١ – سەبارەت بەو قەرزانەی لە خشتەکەدا هاتووە، کە لە ١٧ی تشرینی یەکەمی ١٩١٧دا بوونیان هەبووە، بڕی سەرمایەکە، ئەگەر

بەردەستبێت، کە لە بەرواری چوونەبواری جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیەدا نەدراون، لەگەڵ سووی ئەو بەروارانەی لە خاڵی یەکەمی مادەی ٥٣دا ئاماژەی پێکراوە، ئەو دابەشکاریەشی کەلەو بەروارانەوە کراون، بەگوێرەی بڕیارەکانی خاڵی (١)ی مادەی٥٠ و خاڵی (١)ی مادەی ٥١ دابەشدەکرێن.

٢ – سەبارەت بەو بڕە پارانەی لەدوای یەکەم دابەشکاری ئیمپراتۆریێتی عوسمانی لێی بەرپرسە، ئەو قەرزانەشی کە لە خشتەکەدا هاتووە و لەلایەن ئیمپراتۆریێتی عوسمانییەوە لەماوەی نێوان ١٧ی تشرینی یەکەمی ١٩١٢ و ١ی تشرینی دووەمی ١٩١٤دا گرێبەستی لەسەر کراوە، بەهای سەرمایەکە، ئەگەر بەردەست بێت، کە لە بەرواری چوونەبواری جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیەدا نەدراون، لەگەڵ سووی بەرواری ١ی ئازاری ١٩٢٠ و ئەو بڕە پارانەشی کە لەو بەروارەوە دراون، بەگوێرەی بڕیارەکانی خاڵی (١)ی مادەی٥٠ و خاڵی (١)ی مادەی ٥١ دابەشدەکرێن. ئەنجومەنی قەرزی گشتی عوسمانی لەماوەی سێ مانگدا لە کاتی چوونە بواری جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەوە، بڕی پشکی هەریەک لە وڵاتە پەیوەندیدارەکان بە قەرزەکانەوە دیاریدەکات و لەو بڕە پارەیەش کە دیاریکردووە ئاگاداریان دەکاتەوە.

ئەو برە پارانەی کە وڵاتانی تر جگە لە تورکیا لێی بەرپرسن، ئەوا خۆیان دەیدەنە ئەنجومەنی قەرزی گشتی عوسمانی، ئەنجومەنەکەش دەیداتەوە بە خاوەن قەرزەکان یان ئەوەتا دەخرێتە سەر ئەژماری حکومەتی تورکیا بۆ ئەوەی ئەو بڕە پارەیەی کە

تورکیا لەسەریەتی بیدات تەواوبێت، جا ئەمەش چی لە شێوەی سوو یان گەڕاندنەوەی ئەو بڕە پارەیە بۆ حیسابی ئەو وڵاتانە.

ئەو بڕە پارانەی لە بڕگەی پێشوودا ئاماژەیانپێکرا، ئەوا لە بەرواری چوونە بواری جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیەوە ساڵانە بە پێنج قیستی یەکسان دەدرێنەوە، ئەو بەشەی ئەم پارانەی کە دەدرێنەوە بە خاوەن قەرزەکانی ئیمپراتۆریێتی عوسمانی، بەو ئەندازەیە سوودی دەبێت کە لە گرێبەستەکانی بەڕیوەبردنی قەرزەکاندا هاتووە؛ ئەو بەشەی بۆ حکومەتی تورکیا دەوگوێزرێتەوە سووی لەسەر دانادرێت.

**مادەی ٥٣**

قیستی ساڵانە کە دەچێتە خزمەتی قەرزی گشتی عوسمانی (وەک ئەوەی لە بەشی (A) خشتەی هاوپێچکراوی ئەم باسەدا هاتووە) لەلایەن ئەو وڵاتانەوە دەدرێن، کە لە دوای شەڕەکانی باڵکان خاکییان لە ئیمپراتۆریێتی عوسمانی دابڕێندراوە، دەبێت لە کاتی چوونە بواری جێبەجێکردنی ئەو پەیماننامانەوە بدرێت، کە بەهۆیەوە خاکییان پیوە لکێندراوە، لە حاڵەتی ئەو دوورگانەی لە مادەی ١٢دا هاتووە، ساڵانەی قیستەکان لە ١ تا ١٤ی تشرینی دووەمی ١٩١٣ەوە دەدرێت، لە حاڵەتی ئەو دوورگانەشی لە مادەی ١٥دا هاتووە، ساڵانەی قیستەکان لە ١٧ی تشرینی یەکەمی ١٩١٢وە دەدرێت.

بڕی ساڵانەی ئەو قیستانەی کە وڵاتانی تازە دامەزراو لە ناوچەکانی ئاسیا دەبێت بیدەن کە بەگوێرەی ئەم پەیماننامەیە لە ئیمپراتۆریێتی

عوسمانی جیابوونەتەوە، ئەو وڵاتەشی کە خاکێکی پێوەلکێندراوە کە لە بڕگەی کۆتایی مادەی ٤٦دا هاتووە، لە ١ی ئازاری ١٩٢٠ەوە دەبێت.

**مادەی ٥٤**

پسولەی گەنجینەکانی ساڵانی ١٩١١، ١٩١٢ و ١٩١٣ کە لە بەشی (A)ی خشتەی هاوپێچکراوی ئەم باسەدا هاتووە، بە ڕێژەی ئەو سووەی کە ڕێککەوتنی لەسەرکراوە، لەماوەی دە ساڵدا لەو بەروارانەی کە لە گرێبەستەکاندا هاتوون دەدرێنەوە.

**مادەی ٥٥**

ئەو وڵاتانەی کە لە مادەی ٤٦دا ئاماژەیانپێکراوە، بە تورکیاشەوە، بڕی ساڵانەی قیستەکانیان دەدەن بە ئەنجومەنی قەرزی گشتی عوسمانی کە پێویستە بۆ خزمەتکردنی ئەو پشکەی خۆیان لە قەرزی گشتی عوسمانی (وەک ئەوەی لە بەشی (A)ی خشتەی هاوپێچکراوی ئەم باسەدا هاتووە) بە لەخۆگرتنی ئەو قیستە نەدراوانەش کە لە بەروارەکانی مادەی ٥٣دا هاتووە. ئەو بڕە پارەیەش بەبێ سوود بە قیستی یەکسان لە ماوەی بیست ساڵدا لە بەرواری چوونە بواری جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیەوە دەدرێت.

بڕی ئەو ساڵانەی کە لەلایەن وڵاتانی تری جگە لە تورکیاوە دەدرێت بە ئەنجومەنی قەرزی گشتی عوسمانی، دەخرێنە سەر ئەو بڕە پارەیەی کە تورکیا لەبری ئەوان داویەتی، ئەمەش بە لێبڕینی ئەو بڕە قیستە کەڵەکەبووەی کە تورکیا هێشتا وەک قەرز لەسەری دەبێت.

**مادەی ٥٦**

ئەنجومەنی قەرزی گشتی عوسمانی چیتر نوێنەری خاوەن پشکەکانی ئەڵمانیا، نەمسا و هەنگاریا ناگرێتەخۆی.

**مادەی ٥٧**

ئەو سنوورە کاتییانەی بۆ ماوەیەکی زەمەنی دیاریدەکرێن بۆ پێشکەشکردنی کۆبۆن یان داواکاری

سووی سەر قیست و پێشینەکانی قەرزی گشتی عوسمانیە، بە قەرزەکانی تورکیاشەوە کە لە ساڵانی ١٨٥٥، ١٨٩١ و ١٨٩٤ لەسەر باجی میسری گرەنتیکراون، ماوەیەکی زەمەنیش دیاردەکرێت بۆ پێشکەشکردنی گرەنتی پێدانەوەی ئەو برە قەرزانەی کە بۆ پێدانی ئەو برە پارەیە وەرگیراون، لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩١٤ەوە تا ماوەی سێ مانگ دوای چوونەبواری جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیە بە راگیراو دادەنرێت.

# پاشکۆی یەکەمی باسی یەکەم

## خشتەی قەرزی گشتی عوسمانی لە پێش جەنگدا
## (١ی تشرینی دووەمی ١٩١٤)

## خشتەی (A)

| قەرز | بەرواری گرێبەست | سوو ٪ | بەرواری تەواوبوون | دەرکردەی بانکی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ |
| قەرزی یەکگرتوو | ٨ تا ١٩٠٦/٦/٢١ – ١ تا ١٩٠٣/٩/١٤ | ٤ | - | - |
| عوسمانی | ١٨ تا ١٨٩٠/٤/٣٠ | ٤ | ١٩٣١ | بانکی ئیمپراتۆریێتی عوسمانی |
| بۆری مس | ٤/٢٦ تا ١٨٩٣/٨/٥ | ٤ | ١٩٥٤ | بانکی ئیمپراتۆریێتی عوسمانی |
| ٤٠،٠٠٠٠،٠٠٠ فرەنکی فەڕەنسی (هێڵی ئاسنی ڕۆژهەڵات) | ١ تا ١٨٩٤/٣/١٣ | ٤ | ١٩٥٤ | بانکی ئەڵمانی و کۆمەڵەکەی، لەوانەش بانکی جیهانی و دوو بانکی فەڕەنسی |
| ٥٪ی ساڵی ١٨٩٦ | ٢/٢٩ تا ٣/١٢ | ٥ | ١٩٤٦ | بانکی ئیمپراتۆریێتی عوسمانی |
| گومرگەکانی ساڵی ١٩٠٢ | ١٧ تا ٥١٨٨٦/٢٩ و ٩/٢٨ تا ١٩٠٢/١٠/١١ | - | - | بانکی ئیمپراتۆریێتی عوسمانی |
| ٤٪ی ساڵی ١٩٠٣ (ماسیگرەکان) | ١٨٨٨/١٠/٣ تا ٢/٢١ تا ١٩٠٣/٣/٦ | ٤ | ١٩٥٨ | بانکی ئەڵمانی |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| بەغداد، زنجیرەی ١ | ٢/٢٠ تا ١٩٠٣/٣/٥ | ٤ | ٢٠٠١ | بانکی ئەڵمانی |
| ٤٪ی ساڵی ١٩٠٤ | ٤ تا ١٩٠٣/٩/١٧ | ٤ | ١٩٦٠ | بانکی ئیمپراتۆریێتی عوسمانی |
| ٤٪ی ساڵی ١٩٠١ تا ١٩٠٥ | ١٩٠١/١٢/٤ تا ١٩٠٣/١١/٦ تا ٤/٢٥ تا ١٩٠٥/٥/٨ | ٤ | ١٩٦١ | بانکی ئیمپراتۆریێتی عوسمانی |
| ئامێرە سەربازییەکان | ٤ تا ١٩٠٥/٤/١٧ | ٤ | ١٩٦١ | بانکی ئەڵمانی |
| بەغداد، زنجیرەی ٢ | ٥/٢٠ تا ١٩٠٨/٦/٢ | ٤ | ٢٠٠٦ | بانکی ئەڵمانی |
| بەغداد، زنجیرەی ٣ | ٥/٢٠ تا ١٩٠٨/٦/٢ | ٤ | ٢٠١٠ | بانکی ئەڵمانی |
| ٤٪ی ساڵی ١٩٠٨ | ٦ تا ١٩٠٨/٩/١٩ | ٤ | ١٩٦٥ | بانکی ئیمپراتۆریێتی عوسمانی |
| ٤٪ی ساڵی ١٩٠٩ | ٩/٣٠ تا ١٩٠٩/١٠/١٣ | ٤ | ١٩٥٠ | بانکی ئیمپراتۆریێتی عوسمانی |
| سۆما - پاندێرما | ١١/٢٠ تا ١٩١٠/١٢/٣ | ٤ | ١٩٩٢ | بانکی ئیمپراتۆریێتی عوسمانی |
| حەدیدە - سەنعا | ٢/٢٤ تا ١٩١١/٣/٩ | ٤ | ٢٠٠٦ | بانکی فەڕەنسی |
| گومرگەکانی ساڵی ١٩١١ | ١٠/٢٧ تا ١٩١٠/١١/٩ | ٤ | ١٩٥٢ | بانکی ئەڵمانی و کۆمەڵەکەی |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ئاودێرکردنی دەشتی کۆنیا | ٥ تا ١٩١٣/١٨ | - | ١٩٣٢ | - |
| دۆکەکان و جبەخانە و دەزگا دەریاییەکان | ١١/١٩ تا ١٩١٣/١٢/٢ | ٢/١٥ | ١٩٤٣ | - |
| ٥٪ی ساڵی ١٩١٤ | ١٣ تا ١٩١٤/٤/٢٦ | ٥ | (١٩٦٢) | بانکی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی |
| ئاڤانس رۆجەر دی تاباکاس | ١٩١٣/٨/٤ | - | - | - |
| ٥٪ی پارەی گەنجینەی ساڵی ١٩١١ (کڕینی کەشتی جەنگی) | ١٩١١/٧/١٣ | ٥ | ١٩١٦ | بانکی نیشتمانی تورکیا |
| پسولەکانی گەنجینەی ئیپراتۆریەت | ٨ تا ١٩١٢/١١/٢١ | ٦ | ١٩١٥ | بانکی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی |
| پسولەکانی گەنجینەی عوسمانی (سەنەدەکانی هاوردەی راستوخۆ) | ١/٩ تا ١٩١٣/٢/١ | ٥ | ١٩١٨ | پیێر و هاوبەشکانی |

## بڕوانە مادەی ٥٤

*24ی تەمووزی .................................................................................................*
*1923*

## خشتەی (B)

| سەرمایەی بنەڕەتی (£ T) | سوو ٪ | بەرواری گرێبەست | پێشکەشکار |
|---|---|---|---|
| ٣٠٠.٠٠٠ | ٧ | ٣ تا ١٦ی حوزەیرانی ١٩٠٨ | کۆمپانیای هێڵی ئاسنی بەغداد |
| ٥٥،٠٠٠ | ٨ | ٥ تا ١٨ی ئابی ١٩٠٤ | بەڕیوەبەرایەتی فانۆسەکان |
| ٣٠٠،٠٠٠ | ٧ | ٨ تا ١٥ی تەمووزی ١٩٠٧ | بەڕیوەبەرایەتی فانۆسەکان |
| ١٧،٣٣٥ | ٤ | ٩ تا ٢٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٠٤ | کۆمپانیای کۆنستانزا کەیبڵز |
| ٣٠٠٠ | - | - | کۆمپانیای تونێڵکان |
| ١٥٣،١٤٧ | - | لە چەند بەرواریێکدا | سندوقی هەتیوان |
| ٣٣،٠٠٠ | ٥.٥ | ١٣ تا ٢٦ی ئابی ١٩١٢ | بانکی ئەڵمانی |
| ٥٠٠،٠٠٠ | ٧ | ٣ تا ١٦ی نیسانی ١٩١٣ | بەڕیوەبەرایەتی فانۆسەکان |
| ٢٠٠،٠٠٠ | ٦ | ٥ تا ٢٣ی ئازاری ١٩١٤ | کۆمپانیای هێڵی ئاسنی ئەنادۆڵ |

## باسی دووەم: بابەتی هەمەچەشن

### مادەی ٥٨

تورکیا لەلایەک و لایەنە پەیمانەبەستە باڵاکانی تریش لەلایەکی ترەوە (جگە لە یۆنان) لە ماوەی نێوان ١ی ئابی ١٩١٤ و چوونە بواری جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیەوە، بە شێوەیەکی هاوتا هەریەک لە تورکیا و دەسەڵاتە ئاماژەپێکراوەکان و هاوڵاتیان (بە کەسە یاساییەکانیشەوە) دەستبەرداری سەرجەم داواکارییە داراییەکان دەبن بۆ ئەو زەرەر و زیانانەی کە بە دوای یەکەوە لە ئەنجامی کردەکانی شەڕ، ڕێوشوێنی دەستبەسەرداگرتن، بە بارمتەگرتن، لێدەرچوون یان دەستبەسەرداگرتن دووچاری دەبنەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا نابێت ئەو بڕیارانەی کە لە سەرەوە ئاماژەیانپێکرا پێشێلی بڕیارەکانی بەشی سێیەمی (بابەتی ئابووری) ئەم پەیماننامەیە بکەن.

تورکیا لە بەرژەوەندی لایەنە پەیمانبەستەکانی تر (جگە لە یۆنان) دەستبەرداری مافی هەموو ئە بڕە زێرانە دەبێت کە بەگوێرەی خاڵی (١)ی مادەی ٢٥٩ لە پەیماننامەی ئاشتی ٢٨ی حوزەیرانی ١٩١٩ لەگەڵ ئەڵمانیا و خاڵی (١)ی مادەی ٢١٠ لە پەیماننامەی ئاشتی ١٠ی ئەیلولی ١٩١٩ لەگەڵ نەمسا، کە بۆ ئەڵمانیا و نەمسا گواستراوەتەوە.

ئەنجومەنی بەڕیوەبردنی قەرزی گشتی عوسمانی لە هەموو پابەندبوونێکی بە پارەدان دەبەخشرێت، کە بە گوێرەی ڕێککەوتنی ٢٠ی حوزەیرانی ١٣٣١ (٣ی تەمووزی ١٩١٥) لێی داواکرابوو، کە پەیوەندی

هەیە بە دەرچوونی یەکەمین دراوی تورکییەوە، یان بەو وشانەی کە لە پشتەوەی ئەم تێبینیانە نووسراون.

تورکیا ڕەزامەندی خۆی دەربڕیوە کە داوای گەڕاندنەوەی ئەو بڕە پارەیە لە حکومەتی بەریتانیا  یان سەرپەرشتیکراوانی نەکات کە دەدرێتە ئەو کەشتییە جەنگیانەی لەلایەن حکومەتی عوسمانییەوە لە ئینگلتەرا فەرمانییان پێدەکرا و لە ١٩١٤ەوە حکومەتی بەریتانیا دەستیبەسەردا گرتوون، لەگەڵ ئەوەشدا دەستبەرداری هەموو داوایەکی ئەم بابەتە دەبێت.

**مادەی ٥٩**

یۆنان دان بە ئەرکی قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەدا دەنێت، کە لە دەرئەنجامی ڕەفتارەکانی سوپا یان ئیدارەی یۆنان بە پێچەوانەی یاساکانی جەنگ دەرهەق بە ئەنادۆڵ ئەنجامیداوە. لەلایەکی ترەوە بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی دارایی یۆنان کە لە ئەنجامی درێژەکێشانی شەڕ و ئاکامەکانی دووچاری بووەتەوە، تورکیا بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە دەستبەرداری سەرجەم داواکارییەکانی قەرەبووکردنەوە دەبێت لە دژی حکومەتی یۆنان.

**مادەی ٦٠**

هەریەک لەو وڵاتانەی لە دوای شەڕەکانی باڵکان یاخود بەهۆی ئەم پەیماننامەیەوە لە ئیمپراتۆریتی عوسمانی جیابوونەتەوە یاخود جیادەبنەوە، بەبێ بەرامبەر، دەبنە خاوەنی هەموو ئەو سەروەت و سامانەی ئیمپراتۆریتی عوسمانی کە لە ناوچەکانیاندایە.

هاوکات ئەو سەروەت و سامانەی کە لە تۆماری مەدەنییەوە گوێزراوەتەوە بۆ دەوڵەت، بە گوێرەی داهات لە ٨ی ئەیلولی ١٩٠٨ەوە

دیاریکراوە، هەروەها ئەوانەشی کە لە ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨دا لەلایەن تۆماری مەدەنییەوە لە بەرژەوەندی خزمەتی گشتی بەڕیوەبراون، دەخرێنەپاڵ ئەو موڵک و ماڵانەی کە لە بڕگەی پێشوودا ئاماژەیان پێکراوە. ئەو وڵاتانەشی پێشتر باسیان لێوەکراوە، سەبارەت بە موڵک و ماڵە پەیوەندیدارەکان، جێگەی ئیمپراتۆریێتی عوسمانی دەگرنەوە، هاوکات پارێزگاری لەو وەقفانەش دەکەن، کە لەسەر ئەو موڵکانە درووستکراوە.

ئەو ناکۆکیانەی لەنێوان هەردوو حکومەتی یۆنان و تورکیا سەبارەت بەو موڵک و ماڵانە دێتە ئاراوە، کە لە تۆماری مەدەنییەوە گوێزراونەتەوە بۆ دەوڵەت و لە خاکی ئیمپراتۆریێتی پێشووی عوسمانیدا هەڵکووتوون، کە یان دوای شەڕەکانی باڵکان، یاخود دواتر گوێزراونەتەوە سەر یۆنان، بە گوێرەی پڕۆتۆکۆڵی تایبەتی ژمارە ٢ کە هاوپێچی پەیماننامەی ئەسینای ١ تا ٤ی تشرینی دووەمی ١٩١٣ کراوە، ئەوا رەوانەی لای دادگای ناوبژیوانی دەکرێت لە لاهای. بڕیارەکانی ئەم مادەیە دەستکاری سروشتی یاسایی ئەو موڵک و ماڵانە ناکات، کە بە ناوی تۆماری مەدەنییەوە تۆمار کراون یان لەلایەن ئەوەوە بەڕیوەدەبرێن و لە بڕگەکانی ٢ و ٣ی ئەم مادەیەدا ئاماژەیان پێنەکراوە.

**مادەی ٦١**

سودمەندانی خانەنشینی مەدەنی و سەربازی تورکیا، کە بە گوێرەی ئەم پەیماننامەیە رەگەزنامەی وڵاتێکی تری جگە لە تورکیا وەردەگرن، سەبارەت بە خانەنشینەکانیان ناتوانن داواکاری پێشکەش بە حکومەتی تورکیا بکەن.

## مادەی ٦٢

بەگوێرەی مادەی ٢٦١ی پەیماننامەی ئاشتی ٢٨ی حوزەیرانی ١٩١٩ کە لە ڤێرسای لەگەڵ ئەڵمانیا بەستراوە، هەروەها مادە هاوبەشەکانی هەریەک لە پەیماننامەکانی ئاشتی ١٠ی ئەیلولی ١٩١٩ لەگەڵ نەمسا؛ ٢٧ی تشرینی دووەمی ١٩١٩ لەگەڵ بولگاریا و ٤ی حوزەیرانی ١٩٢٠ لەگەڵ هەنگاریا، تورکیا داندەنێت بە گواستنەوەی هەر داواکارییەک، کە بۆ پارەدان یان گەڕانەوەی پارە، ئەڵمانیا، نەمسا، بولگاریا یان هەنگاریا لە دژی هەیانبێت. وڵاتە پەیمانبەستەکانی تر رازین بەوەی تورکیا لەو قەرزانە ببەخشن کە لەسەر ئەو هەژمارەدا لێی بەرپرسە.

هاوکات ئەو داواکارییانەش کە تورکیا لە دژی ئەڵمانیا، نەمسا، بولگاریا و هەنگاریا بەرزییان دەکاتەوە، دەنێردرێن بۆ ئەو دەسەڵاتە پەیمانبەستانەی کە ئەمازەیان پێکراوە.

## مادەی ٦٣

بە گوێرەی ئەم پەیماننامەیە، حکومەتی تورکیا بە ڕێککەوتنێک لەگەڵ وڵاتانی تری پەیمانبەست، حکومەتی ئەڵمانیا لەو پابەندییانە دەبەخشێت، کە لە ماوەی جەنگدا رازیبوو بوو بە وەرگرتنی دراوی تورکی بە نرخێکی دیاریکراو لە بەرامبەر هەناردەکردنی کاڵا بۆ تورکیا لە دوای جەنگدا.

# بەشی سێیەم:
# بڕگەی ئابووری

**مادەی ٦٤**

لەم بەشەدا، دەستەواژەی "هێزەکانی هاوپەیمانان" بە مانای وڵاتە پەیمانبەستەکان دێت، جگە لە تورکیا.

دەستەواژەی "هاوڵاتیانی هاوپەیمانان" کەسانی ئاسایی، کۆمپانیا و کۆمەڵەکانی وڵاتانی پەیمانبەست، یان وڵات یاخود هەر خاکێک دەگرێتەوە، کە لەژێر پارێزگاری یەکێک لە هێزە ئاماژەپێکراوەکان بێت، جگە لە تورکیا.

بڕیارەکانی ئەم بەشە، کە پەیوەستە بە "هاوڵاتیانی هاوپەیمانان"ەوە، سوود بەو کەسانەش دەگەیەنێت کە رەگەزنامەی هیچ یەک لە هێزەکانی هاوپەیمانانیان وەرنەگرتووە، کە پێشتریش لەسەر دەستی ئەو هێزانە پاراستنیان لەلایەن دەسەڵاتدارانی عوسمانییەوە بەدەستهێناوە، ئەو کەسانە هەمان مامەڵەی هاوڵاتیانی هاوپەیمانانیان لەگەڵدا دەکرێت و لەم رووەشەوە ئیمتیازاتەکانیان مسۆگەر دەکرێن.

## باسی یەکەم: موڵک و ماف و بەرژەوەندییەکان

**مادەی ٦٥**

موڵک و ماف و بەرژەوەندی ئەو کەسانەی کە لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩١٤ هاوڵاتی هاوپەیمانان بوون و لە کاتی چوونەبواری جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیەشدا لەو ناوچانەدا بوون کە هێشتا سەر بە تورکیایە، ئەوا دەستبەجێ بەگوێرەی ئەو بارودۆخەی تێیدان بگەڕێندرێنەوە بۆ خاوەنەکانیان.

لە بەرامبەریشدا، موڵک و ماف و بەرژەوەندی ئەو هاوڵاتییە تورکانەی رەنگە تا ئێستا لەو ناوچانەدابن کە لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩١٤دا خراونەتە ژێر سەروەری یان پارێزگاری هێزەکانی هاوپەیمانانەوە، یاخود هی ئەو ناوچانەن کە لە دوای شەڕەکانی باڵکانەوە لە ئیمپراتۆریێتی عوسمانی جیابوونەتەوە و لە ئێستادا لە ژێر سەروەری ئەو هێزانەدان کە ئاماژەیان پێکرا، ئەوا دەستبەجێ بەگوێرەی ئەو بارودۆخەی تێیدان بگەڕێندرێنەوە بۆ خاوەنەکانیان.

هەمان حکوم بەسەر موڵک و ماف و بەرژەوەندی ئەو هاوڵاتیانەی تورکیادا جێبەجێدەکرێت، کە لەو ناوچانەدان بەگوێرەی ئەم پەیماننامەیە لە ئیمپراتۆریێتی عوسمانی جیاکراونەتەوە و لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە دووچاری پاکتاوکردن یان هەر کارێکی تری نائاسایی بوونەتەوە.

سەرجەم ئەو موڵک و ماف و بەرژەوەندییانەی بەگوێرەی ئەم پەیماننەمەیە کەوتوونەتە ناوچەیەکی جیابۆوە لە ئیمپراتۆریێتی عوسمانیدا، دوای ئەوەی لەلایەن حکومەتی

عوسمانییەوە دوچاری شەڕێکی سەخت بۆوە، لە ئێستاشدا لەژێر دەستی وڵاتێکی پەیمانبەستدان و دەسەڵاتیشی بەسەر ناوچەی ئاماژەپێکراودا دەسەپێنێت، ئەوا دەستبەجێ بەگوێرەی ئەو بارودۆخەی تێیدان بگەڕێندرێنەوە بۆ خاوەنەکانیان. هەمان حکوم بەسەر ئەو موڵکە نەگوێزراوانەدا جێبەجێدەکرێت کە رەنگە وڵاتی پەیمانبەست لە ناوچە ئاماژەپێکراوەکاندا پاکتاوی کردبن. سەرجەم داواکارییەکانی تری هاوڵاتییان دەخرێنە بەردەم دادگای تایبەتمەندی ناوخۆ.

سەرجەم ئەو ناکۆکیانەی کە پەیوەستن بە ناسنامە یاخود گەڕانەوەی ئەو موڵکانەی کە داوا دەکرێن، دەخرێنە بەردەم دادگای ناوبژیوانی تێکەڵاو، کە لە باسی ٥ی ئەم بەشدا هاتووە.

**مادەی ٦٦**

لەپێناو جێبەجێکردنی بڕیارەکانی بڕگەی یەکەم و دووەمی مادەی ٦٥، لایەنە پەیمانبەستە باڵاکان دەستبەجێ مافی خاوەنداریێتی موڵک و ماف و بەرژەوەندییەکان بۆ خاوەنەکانییان دەگێڕنەوە، بەبێ ئەوەی ماندووبکرێن یان بارگرانیان بخرێتەسەر، کە رەنگە ئەو موڵک و ماف و بەرژەوەندییانە بەبێ رەزامەندی خاوەنە ئاماژەپێکراوەکانییان وەرگیرابن. ئەرکی حکومەتی ئەو هێزەیە لایەنی سێیەم قەرەبوو بکاتەوە کە گەڕانەوەکە ئەنجام دەدات، کە رەنگە بە رێگەی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ موڵکەکەیان لە حکومەتی ئاماژەپێکراو وەرگرتبێت و لەوانەشە بەهۆی گەڕاندنەوەیەوە زیانیان بەرکەوێت. ئەو ناکۆکیانەی رەنگە سەبارەت بەم قەرەبوکردنەوانەوە

بێنە ئاراوە، ئەوا لەلایەن دادگا ئاساییەکانەوە یەکلادەکرێنەوە. لە هەموو حاڵەتەکانی تردا، دەرگا کراوە دەبێت بۆ هەر لایەنێکی سێیەم کە رەنگە زیانی بەرکەوتبێت، بۆ وەرگرتنەوەی قەرەبوو رێکار لە دژی هەر کەسێکی بەرپرس بگرێتەبەر.

بۆ ئەوەی ئەو بڕیارانە جێبەجێبکرێن، سەرجەم کارەکانی گواستنەوە یان رێکارەکانی شەڕیکی تری نائاسایی، کە رەنگە لایەنە پەیمانبەستە باڵاکان دەرهەق بە موڵک و ماف و بەرژەوەندییەکانی دوژمن ئەنجامیاندابێت، دەستبەجێ هەڵدەوەشێتەوە و رادەگیرێت تاوەکو پاکتاوکردنەکە تەواو دەبێت. لەسەر داواکارانە رازیبن بە وەرگرتنەوەی دەستبەجێی موڵک و ماف و بەرژەوەندییەکانیان، هەرکە دەستنیشانکران.

ئەو موڵک و ماف و بەرژەوەندییانەی کە گەڕاندنەوەیان لە مادەی ٦٥دا هاتووە، هەر کاتێک لەلایەن حکومەتی یەکێک لە لایەنە پەیمانبەستە باڵاکانەوە لە بەرواری واژۆکردنی ئەم پەیماننامەیەوە پاکتاوکران، ئەوا ئەو لایەنە لە ئەرکی گەڕاندنەوەی ئەو موڵک و ماف و بەرژەوەندیانەی ئاماژەپێکراوە، لە پێدانی داهاتی پاکتاوکردنەکە بە خاوەنەکەی، دەبەخشرێت. ئەگەر دادگای ناوبژیوانی تێکەڵاو کە لە مادەی ٥دا هاتووە، لەسەر داوای خاوەنەکەی بۆی دەرکەوت کە پاکتاوکردنەکە لە بارودۆخێکدا ئەنجامنەدراوە کە دڵنیایی بدات لە نرخێکی دادپەروەرانە، ئەوا لە غیابی رێککەوتنی نێوان لایەنەکاندا، دەسەڵاتی زیادکردنی ئەو برە پارەیەی هەیە، کە بۆ داهاتی پاکتاوکردنەکە بە گونجاوی دەزانێت. ئەگەر لە ماوەی

دوو مانگدا لە بەرواری ڕێککەوتن لەگەڵ خاوەنەکەی یاخود بڕیاری دادگای ناوبژیوانی تێکەڵاو پارەکە نەدرێت، ئەوا موڵک و ماف و بەرژەوەندییەکان دەگەڕێندرێنەوە.[٥]

**مادەی ٦٧**

یۆنان و ڕۆمانیا و وڵاتی سڕبۆکرواتی سلۆڤینیا لەلایەک، تورکیاش لەلایەکی ترەوە، بە هاوبەشی لە ئەستۆیانە، چی بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی کارگێڕی پێویست، چی بە گەیاندنی سەرجەم بەڵگەنامە پەیوەندیدارەکان پێوەی، ئاسانکاری بکەن لە گەڕان و پشکنین لە خاکەکانیان بۆ گێڕانەوەی سەرجەم جۆرەکانی سامانی گوێزراوە، کە لەلایەن سوپا و ئیدارەکانیان لە هەریەک لە خاکەکانیان، لە تورکیا، یۆنان، ڕۆمانیا، وڵاتی سڕبۆکرواتی سلۆڤینیا، یەک لەدوای یەک بردویانە، دەستیان بەسەرداگرتووە یان گلیانداوەتەوە، کە دەکەوێتە ئەم خاکە ئاماژەپێکراوانەوە.

ئەو ڕێوشوێنی گەڕان و پشکنینەی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە، ئەو موڵکانەش دەگرێتەوە کە لەلایەن سوپا یان ئیدارەکانی ئەڵمانیا، نەمسا، هەنگاریا یان بولگاریاوە، لە هەریەک لە خاکەکانی یۆنان، ڕۆمانیا یان وڵاتی سربۆکرواتی سلۆڤینیا، گلدراوەتەوە یان دەستیان بەسەرداگیراوە و دراونەتە تورکیا یان هاوڵاتییەکانی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو موڵکانەش دەگرێتەوە کە لەلایەن هەریەک لە

---

[٥] - ئەم بڕگەیە لە وەرگێڕانە عەرەبییەکەدا نەبوو، بۆ بە کوردی کردنی سوود لە دەقە ئینگلیزییەکە بیندراوە.

سوپاکانی یۆنان یان رۆمانیا، لە خاکی تورکیادا دەستیان بەسەرداگیراوە یان گلدراونەتەوە و دراونەتە یۆنان، رۆمانیا یان وڵاتی سربۆکرواتی سلۆڤینیا یان هاوڵاتییەکانیان.
داواکارییەکانی پەیوەست بەم گەڕان و پشکنینە، دەبێت لە ماوەی شەش مانگی دوای جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیە پێشکەش بکرێن.

**مادەی ٦٨**

ئەو قەرزانەی کە لە گرێبەستەکانی نێوان دەسەڵات و ئیدارەکانی یۆنان لەلایەک و هاوڵاتیانی تورکیاش لەلایەکی ترەوە سەرچاوەیان گرتووە، لەو ناوچانەی تورکیا کە لەلایەن سوپای یۆنانەوە داگیرکراون، بەگوێرەی بڕیارەکانی ئەم گرێبەستانە لەلایەن حکومەتی یۆنانەوە دەدرێنەوە.

**مادەی ٦٩**

نابێت هیچ باج یان زێدە باجێکی ساڵانی پێشووی دارایی ١٩٢٢ – ١٩٢٣ بەسەر هاوڵاتیانی هاوپەیمانان و موڵکەکانیاندا بسەپێندرێت، کە بەهۆی ئەو ئیمتیازاتانەی هاوڵاتیانی هاوپەیمانان لە ١ی ئابی ١٩١٤دا بەدەستیانهێناون.
هەر بڕە پارەیەک ئەگەر دوای ١٥ی ئایاری ١٩٢٣ پەیوەست بە ساڵانی پێشووی دارایی ١٩٢٢-١٩٢٣ کۆکرابێتەوە، هەر کە ئەم پەیماننامەیە چووە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەوا دەگەڕێندرێتەوە بۆ کەسانی پەیوەندیداری پێوەی. نابێت داوای هیچ بڕە پارەیەک بکرێت کە لە پێش ١٥ی ئایاری ١٩٢٣ خەرجکراوە.

**مادەی ٧٠**

داواکارییەکان لەسەر بنەمای مادەکانی ٦٥ و ٦٦ و ٦٩ لە ماوەی شەش مانگ لە کاتی چونە بواری جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیە دەخرێنە بەردەم دەسەڵاتی پەیوەندیدار، ئەگەریش ڕێککەوتن نەکرا، ئەوا لە ماوەی دوازدە مانگی دوای چوونە بواری جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیە، دەخرێتە بەردەم دادگای ناوبژیوانی تێکەڵاو.

**مادەی ٧١**

ئەگەر ئیمپراتۆریێتی بەریتانیا، فەڕەنسا، ئیتاڵیا، ڕۆمانیا و وڵاتی سرپبۆکرواتی سلۆڤینیا یاخود هاوڵاتییەکانیان، پێش ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩١٤ داواکاری یان سکاڵانامەیان سەبارەت بە موڵک و ماف و بەرژەوەندییەکانیان لە دژی حکومەتی عوسمانی دەستپێکردبوو، ئەوا بڕیارەکانی ئەم باسە زیان بەو جۆرە داواکاری و سکاڵانامانە ناگەیەنێت.

هەمان ڕێوشوێن بۆ ئەو داواکاری و سکاڵایانە دەگیرێتەبەر، کە لەلایەن حکومەتی عوسمانی یان هاوڵاتییەکانی لە دژی هەریەک لە حکومەتەکانی بەریتانیا، فەڕەنسا، ئیتاڵیا، ڕۆمانیا و سربۆکرواتی سلۆڤینیا دەکرێن. ئەو داواکاری و سکاڵانامانەی دژ بە حکومەتی تورکیا و حکومەتەکانی تر، کە لەم مادەیەدا ئاماژەیان پێکراوە بەردەوام دەبن، بەو مەرجانەی کە پێش ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩١٤ هەبووبن، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی پێویستە بۆ هەڵوەشاندنەوەی رادەستبوون.

**مادەی ٧٢**

مولّک و ماف و بەرژەوەندییەکانی ئەڵمانیا، نەمسا، هەنگاریا و بولگاریا یاخود هاوڵاتییەکانیان لەو خاکانەی کە بە گوێرەی ئەم پەیماننامەیە هێشتا سەر بە تورکیان، کە پێش چوونە بواری جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیە هەریەک لە حکومەتەکانی هاوپەیمانان دەستیان بەسەرداگرتبوو یان داگیریانکردبوو، تا ئەو کاتەی رێککەوتنی نێوانیان و هەریەک لە حکومەتەکانی ئەڵمانیا، نەمسا، هەنگاریا و بولگاریا یاخود سەرپەرشتیکراوە پەیوەندیدارکەنیان ئەنجامدەدرێن، لەژێر دەستی ئەو حکومەتانەدا دەمێنێتەوە، ئەگەریش ئەو مولّک و ماف و بەرژەوەندییانەی کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێکرا پاکتاوبکرێن، ئەوا ئەو جۆرە لە پاکتاوکردنە پەسەند دەکرێت.

ئەو حکومەتانەی لەو خاکانە بەگوێرەی ئەم پەیماننامەیە لە تورکیا جیاکراونەتەوە، لە ماوەی ساڵێکی دوای چوونە بواری جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیەوە دەسەڵاتی پاکتاوکردنی ئەو مولّک و ماف بەرژەوەندییانەی هەیە کە سەر بە ئەڵمانیا، نەمسا، هەنگاریا و بولگاریا یاخود هاوڵاتییەکانیانن.

بەبێ گوێدانە ئەوەی کە ئایا ئەم پاکتاوکردنە ئەنجام دراوە یان نا، داهاتەکەی دەدرێتە لیژنەی قەرەبووکردنەوە، کە بەگوێرەی پەیماننامەی ئاشتی لەگەڵ وڵاتانی پەیوەندیداردا جێگیرکراوە، تەنانەت ئەگەر ئەو مولّکە پاکتاوکراوانە سەر بە هەریەک لە وڵاتانی ئەڵمانیا، نەمسا، هەنگاریا یان بولگاریا-ش بووبێت.

لە حاڵەتی پاکتاوکردنی موڵکی تایبەتیشدا، داهاتی پاکتاوکردنەکە بە شێوەیەکی راستەوخۆ دەدرێتەوە بە خاوەنەکەی.

بڕیارەکانی ئەم مادەیە کۆمپانیا سنووردارەکانی عوسمانی ناگرێتەوە.

حکومەتی تورکیا بەهیچ شێوەیەک بەرپرسیار نابێت بەرامبەر ئەو رێوشوێنانەی کە لەم مادەیەدا ئاماژەیان پێکراوە.

## باسی دووەم: گرێبەست و سکاڵانامە و بڕیارەکان

### مادەی ٧٣

ئەو جۆرە گرێبەستانەی لە خوارەوە ئاماژەیان پێکراوە و پێش ئەو بەروارەی لە مادەی ٨٢دا هاتووە، لەنێوان ئەو کەسانەدا ئەنجامدراون کە دواتر بوونەتە دوژمن، بەگوێرەی بڕیاری گرێبەستەکان و بڕیارەکانی ئەم پەیماننامەیە لە دۆخی کرداریدا دەمێننەوە:

آ- گرێبەستەکانی پەیوەست بە فرۆشتنی خانووبەرە، تەنانەت ئەگەر رێکارە فەرمییەکانیشی تەواو نەکرابێت، بە مەرجێک ئەو گەیاندنە بە واقیعی پێش ئەو بەروارەی کە لایەنەکان بوونە دوژمنی یەکتر ئەنجامدرابێت، وەک ئەوەی لە مادەی ٨٢دا هاتووە.

ب- گرێبەست و رێککەوتنەکانی بەکرێدانی زەوی و خانووبەرەکان، کە لە نێوان تاکەکاندا ئەنجام دەدرێت.

ج- گرێبەستی نێوان تاکەکان کە پەیوەندی بە بەڕێوەبردنی کانگا، دارستان و زەوییە کشتوکاڵییەکانەوە هەیە.

د- گرێبەستی رەهن، بەڵێننامە یاخود ئیمتیازات.

ە- ئەو گرێبەستانەی کۆمپانیاکان پێکدەهێنن، جگە لەو "کۆمپانیایانەی لە ژێر ناوی دەستە جەمعی"دان و لە دەرەوەی ئەو یاسایانە پێکدەهێندرێن کە دەبێت ملکەچی بن، قەوارەیەکی سەربەخۆن لەو قەوارانەی کە (هاوبەشەکان)ی لێ پێکدێت.

و- بەبێ گوێدانە پێویستییەکەی، ئەو گرێبەستانەی کە لە نێوان تاکەکان، کۆمپانیا و دەوڵەت، پارێزگاکان، شارەوانییەکان

یان کەسانی تری یاسایی ئەنجام دەدرێن و راسپێردراون بۆ ئەرکێکی کارگێڕی.

ز- گرێبەستەکانی پەیوەست بە دۆخی خێزان.

ح- گرێبەستەکانی پەیوەست بە دیاری یان پاداشت بە هەر جۆرێک بێت.

ناکرێت بانگەشە بەم مادەیەوە بکرێت بۆ ئەوەی رەوایەتی بدرێتە ئەو گرێبەستە جیاوازانەی کە لە نێوان خۆیاندا بەستوویانە. ئەم مادەیە گرێبەستەکانی ئیمتیازات ناگرێتەوە.

**مادەی ٧٤**

گرێبەستەکانی بیمە بەگوێرەی بڕیارەکانی ئەم باسە بەڕێوەدەچن.

**مادەی ٧٥**

جگە لە گرێبەستە ئاماژەپێکراوەکانی هەریەک لە مادەکانی ٧٣ و ٧٤ و گرێبەستەکانی ئیمتیازات، هەر گرێبەستێکی تر، کە لە نێوان ئەو کەسانەدا ئەنجامدراون کە دواتر بوونەتە دوژمنی یەکتر، ئەوا لەو رۆژەوەی لایەنەکان بوونەتە دوژمن بە پوچەڵ دادەنرێت.

هاوکات، هەریەک لە لایەنەکانی گرێبەسەتەکە مافی ئەوەی هەیە، لە ماوەی سێ مانگی دوای چوونە بواری جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیە داوای جێبەجێکردنی ئەو گرێبەستە بکات، بە مەرجێک لە هەر شوێنێک پێویستی بوو قەرەبوو بدرێتەوە بە لایەنی بەرامبەر، ئەمەش بەگوێرەی جیاوازی ئەو مارجانەی لە کاتی بەستنی گرێبەستەکە و ئەوانەشی لە کاتی درێژکردنەوەی

ماوەکەیدا هەبوون. لە حاڵەتی بوونی هەر نەکاۆکییەک لەنێوان لایانەکاندا، ئەوا ئەم قەرەبووکردنەوەیە لەلایەن دادگای ناوبژیوانی تێکەڵاوەوە یەکلادەکرێتەوە.

**مادەی ٧٦**

گونجاوێتی سەرجەم ئەو سازشانەی پێش چوونە بواری جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیە لە نێوان هاوڵاتییانی وڵاتە پەیمانبەستەکان و لایەنەکانی ئەو گرێبەستانە، لە مادەکانی ٧٣ تا ٧٥ دیاری دەکرێت، بە تایبەت ئەوانەی کە هەڵوەشاونەتەوە، شێوازەکانی جێبەجێکردن یان هەموارکردنەوەی ئەم جۆرە گرێبەستانە رێکدەخەن، لەوانەش رێککەوتنەکانی پەیوەست بە پرۆسەی پارەدان یاخود ئاڵوگۆڕکردن.

**مادەی ٧٧**

ئەو گرێبەستانەی کە لە دوای ٣٠ تشرینی یەکەمی ١٩١٨ەوە لەنێوان هاوڵاتیانی هاوپەیمانان و هاوڵاتیانی تورکیا بەستراون، بە کارایی دەمێننەوە و بە پشتبەستن بە یاسای ئاسایی بەڕێوەدەبرێن.

ئەو گرێبەستانەی بەگوێرەی پێویست لەگەڵ حکومەتی قوستەنتینیە لە نێوان ساڵەکانی ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨ – ١٦ی ئازاری ١٩٢٠ بەستراون، بە کارایی دەمێننەوە و بە پشتبەستن بە یاسای ئاسایی بەڕیوەدەبرێن.

سەبارەت بەو خاکانەی کە هێشتا لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ئاماژەپێکراودان، لەسەر داوای لایەنە پەیوەندیدارەکان لە ماوەی

سێ مانگی دوای چوونە بواری جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیە بە مەبەستی پەسەندکردنیان دەخرێنە بەردەم ئەنجومەنی نیشتمانی مەزنی تورکیا. ئەو پارانەی بەگوێرەی ئەم جۆرە گرێبەستانە دراون، بە پێی پێویست دەخرێتە سەر ئەو لایەنەی کە پێی هەڵدەستێت.

ئەگەر رەزامەندیشی لەسەر نەدرا، ئەوا لایەنی پەیوەندیدار بەپێی پێویستی بارودۆخەکە مافی قەرەبووکردنەوەی هەیە، کە هاوتایە لەگەڵ ئەو زیانە راستەوخۆیەی پێیگەیشتووە؛ ئەگەر رێککەوتنێکی دۆستانە بۆ ئەم جۆرە قەرەبووکردنەوەیە نەکرێت، ئەوا لەلایەن دادگای ناوبژیوانی تێکەڵاوەوە دیاریدەکرێن. بڕیارەکانی ئەم مادەیە گرێبەستی ئیمتیاز و گواستنەوەی ئیمتیازات ناگرێتەوە

**مادەی ٧٨**

سەرجەم ئەو ناکۆکیانەی پێشتر هەبوون، یان ئەوانەی رەنگە لە ماوەی شەش مانگدا سەرهەڵبدەن و لە خوارەوە ئاماژەیان پێکراوە و پەیوەندییان بە گرێبەستەکانەوە هەیە لە نێوان ئەو لایەنانەی کە بوونەتە دوژمن، جگە لە گرێبەستی ئیمتیازات، ئەوا لەلایەن دادگای ناوبژیوانی تێکەڵاوەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت، ئەمەش جگە لەو ناکۆکیانەی کە بە گوێرەی یاساکانی هێزە بێلایەنەکان دەخرێنە ژێر دەسەڵاتی دادگا نیشتمانییەکانی ئەو هێزانەوە. لەم حاڵەتەی دواییدا، ئەم جۆرە ناکۆکییە لەلایەن دادگا نیشتیمانییەکانەوە یەکلادەکرێنەوە نەک لەلایەن دادگای

ناوبژیوانی تێکەڵاوەوە. داواکارییەکانی پەیوەست بەو ناکۆکیانەی کە بە گوێرەی ئەم مادەیە لە دەسەڵاتی دادگای ناوبژیوانی تێکەڵاودان، دەبێت لە ماوەی شەش مانگی دوای دامەزراندنی ئەم داگایەوە بخرێنە بەردەمی. دوای ئەوەی ئەم ماوەیە کۆتاییهات و ناکۆکییەکان نەخرانە بەردەم دادگای ناوبژیوانی تێکەڵاوەوە، ئەو کات لەلایەن دادگا تایبەتمەندەکانەوە بە گوێرەی یاسای ئاسایی بڕیاریان لەسەر دەدرێت.

بڕیارەکانی ئەم مادەیە بارودۆخی بەستنی ئەو گرێبەستانە ناگرێتەوە کە لایەنەکان لە کاتی شەڕدا لە یەک وڵاتدا نیشتەجێبوون و ئازادبوون لە کاروبارەکانیان و لە مامەڵەکردن بە موڵکەکانیانەوە، هاوکات ئەو ناکۆکیانەش ناگرێتەوە کە پەیوەستن بە بڕیارێک کە پێش ئەو بەروارەی هەردوو لایەنەکەی تێدا بۆتە دوژمن، لەلایەن دادگای تایبەندمەندەوە دەرکراوە.

**مادەی ٧٩**

ئەو ماوەیەی لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩١٤ەوە دەستپێدەکات و تا سێ مانگی دوای چوونە بواری جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیە، کە مامەڵەی پێشکەشکردنی داوانامە یان سنووردارکردنی مافی موڵکداریەتی تێدا راگیراوە، بەڵام رێگە بەهەر داوانامەیەک یان سنووردارکردنێکی مافی موڵکداریەتی دەدرێت کە لەسەر خاکی لایەنە پەیمانبەستەکان پێشکەشکرابێت، جا ئەو داواکارییانە لە پێش سەرهەڵدانی جەنگەکەوە پێشکەشکرابن یاخود دوای جەنگەکە.

ئەم حکومە بە تایبەتی بەسەر ئەو ماوەیەدا جێبەجێ دەکرێت کە ڕێگەپێدراوە بۆ خستنەڕووی سوود یان پشکی قازانجەکان، یاخود بۆ پێشکەشکردن لە پێناو مسۆگەرکردنی گەڕاندنەوەی قەرزەکان بە هەر هۆکارێکی دیکە. ئەو ماوەیەشی کە لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە بۆ رۆمانیا راگرتنەکەی لە رۆژی ٢٧ی ئابی ١٩١٦ەوە دەستپێدەکات.

**مادەی ٨٠**

هیچ چەکێکی پارە (بەڵگەنامەی دانپێدانان بە پارەی وەرگیراو) کە پێش شەڕەکە لەنێوان دوژمنەکاندا دەرکرابێت، بە پوچەڵ هەژمار ناکرێت تەنها لەبەر شکستهێنان لە پێشکەشکردنی چەکی پارەکە بۆ رەزامەندی یان پێدانی پارە لە کاتی خۆیدا، یاخود ئاگاداری قبوڵنەکردن یان نەدانی پارە بەو کەسانەی کە کۆیدەکەنەوە یان دەیگوازنەوە، یاخود بۆ دەربڕینی نارەزایەتی لە چەکی پارەکە، یاخود بەهۆی شکستهێنان لە تەواوکردنی هەر ڕێکارێکی فەرمی لە ماوەی کاتی جەنگەکەدا.

ئەگەر ئەو ماوەیەی کە دەبوو چەکی پارە بۆ قبوڵکردن یان پێدانی پارەکە پێشکەش بکرێت، یاخود ئاگاداری بدرێت بۆ قبوڵنەکردن یان نەدانی پارە بەو کەسانەی کۆیدەکەنەوە یان دەیگوازنەوە، یاخود نارەزایەتی دەربڕدرێت لە چەکی پارەکە، ئەگەریش نەکرا ئەوا لە کاتی جەنگدا ماوەیەکی بەسەردەچێت، کاتێک ئەو لایەنەی کە دەبوو چەکی پارە پێشکەش بکات، یان نارەزایەتی دەربڕێت، یان ئاگاداری بدات بۆ قبوڵنەکردن و پێنەدانی پارە، ئەگەر

لە کاتی جەنگدا نەیتوانیبێت ئەو کارانە بکات، ئەوا لە ماوەی سێ مانگی دوای جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیەوە ڕێگەی پێدەدرێت بۆ پێشکەشکردنی ئاگادارکردنەوەی قبوڵنەکردن یان نەدانی پارە، یاخود دەربڕینی ناڕەزایەتی.

**مادەی ٨١**

ئەو فرۆشراوانەی کە لە ماوەی جەنگدا ئەنجامدراون بۆ بەدیهێنانی ئەو بەڵێننامە یان گرێبەستەکانی خانوبەرە کە پێش جەنگەکە وەک دڵنیاییی بۆ قەرزەکان ئامادەکراون، بەرکاردەبن، سەرەڕای ئەوەی ڕەنگە سەرجەم ڕێکارە فەرمییەکانیش بۆ ئاگادارکردنەوەی قەرزدار نەگیرابنەبەر، بە مەرجێک قەرزدارەکە مافی ئاشکرای هەبێت لە بانگێشتکردنی قەرزدەر بۆ بەردەم دادگای ناوبژیوانی تێکەڵاو بۆ پێدانەوەی حسابەکەی، ئەگەر بەم شێوەیە نەبوو ئەوا قەرزدەرەکە بەرپرسیارە لە قەربووکردنەوەکە.

ئەرکی دادگای ناوبژیوانی تێکەڵاوە کە حیسابی نێوان لایەنەکان یەکلابکاتەوە، هاوکات لەو هەلومەرجە بکۆڵێتەوە کە بەگوێرەی بەڵێننامە یان گرێبەستی خانووبەرە فرۆشراوە، لەگەڵ ئەوەشدا فەرمان بە قەرزدەرەکە بکات بۆ قەرەبووکردنەوەی هەر زەرەرێک کە قەرزدار لە ئەنجامی ئەم فرۆشتنەدا دووچاری بووەتەوە لەوەی ئەگەر قەرزدەر بە نیازێکی خراپەوە مامەڵەی کردبێت یاخود ئەگەر سەرجەم هەنگاوەکانی لە سنووری دەسەڵاتی خۆی بەکارنەهێنابێت بۆ ئەوەی پەنا بۆ فرۆشتن

نەبات یاخود بوبێتە هۆکاری ئەوەی فرۆشتنەکە لە هەلومەرجێکدا ئەنجامبدرێت کە دڵنیابێت لە بەدیهێنانی نرخێکی دادپەروەرانە. ئەم حکومە تەنها لە نێوان دوژمنەکان کاری پێدەکرێت، ئەو مامەڵانەش ناگرێتەوە کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێکراوە و لەوانەیە دوای ١ی ئایاری ١٩٢٣ ئەنجامدرابن.

**مادەی ٨٢**

بۆ مەبرستەکانی ئەم باسە، دەبێت لایەنەکانی گرێبەست لەو رۆژەوە وەک دوژمن بناسرێن، کە بازرگانی نێوانیان لەسەر ئەرزی واقیع ئاستەم و یاساغکرا یاخود نایاسایی بوو بە گوێرەی یاسا، فەرمان یان رێساگەلێک کە لایەنێکیان ملکەچی بووە.

جگە لە مادەکانی ٧٣ تا ٧٥ و ٧٩ و ٨٠، هەر گرێبەستێک کە لەسەر خاکی یەکێک لە لایەنە پەیمانبەستە باڵاکاندا لەنێوان دوژمنەکان (بە کۆمپانیاکانیشەوە) یان بریکارەکانیاندا بەسترابێت، ئەوا بە یاسای ئاسایی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، جا ئەگەر ئەو هەرێمە خاکی وڵاتێکی دوژمنی یەکێک لە لایەنە پەیمانبەستەکانیش بووبێت، کە لە ماوەی جەنگەکەدا لەوێ بووە و بە ئازادی کاروباری تایبەت و موڵەکەکانی خۆی رایی کردووە.

**مادەی ٨٣**

بڕیارەکانی ئەم باسە لەنێوان ژاپۆن و تورکیادا جێبەجێ ناکرێت؛ ئەو پرسانەشی کە لەم باسەدا ڕووندەکرێنەوە، لە هەریەک لەم دوو وڵاتەدا بە یاسای ناوخۆیی یەکلادەکرێنەوە.

## پاشکۆ

## یەکەم: بیمەی ژیان

### بڕگەی ١

گرێبەستەکانی بیمەی ژیان، کە لەنێوان کۆمپانیای بیمە و کەسێکدا بەستراوە و دواتر لەیەکتر بوونەتە دوژمن، بەهۆی سەرهەڵدانی جەنگ یان بە دوژمنبوونی کەسەکەوە بە هەڵوەشاوە دانانرێن.

پێدانی هەر بڕە پارەیەک لە ماوەی جەنگدا بەپێی ئەو گرێبەستەی، کە بەگوێرەی بڕگەی پێشو بە هەڵوەشاوە هەژمارنەکراوە، دەتوانرێت دوای جەنگ وەربگیرێتەوە.

ئەم بڕە پارەیەش لە بەرواری دیاریکراو تا ڕۆژی دانەوەی بڕە پارەکە، ساڵانە بە سوودی سەدا پێنج زیاد دەبێت.

ئەگەر لە ماوەی جەنگدا بەهۆی نەدانی بڕە پارەی بیمە، گرێبەستەکە هەڵوەشایەوە، یان بەهۆی پێشێلکردنی مەرجەکانی گرێبەستەکەوە پوچەڵ بووبێتەوە، ئەوا بیمە پێدراو یان نوێنەرەکانی، یان ئەوانەی مافیان بەسەریەوە هەیە، مافی ئەوەشی هەیە لە هەر ساتێکدا بیەوێت لە ماوەی دوازدە مانگی دوای چوونە بواری جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیە داوا لە کۆمپانیای بیمە بکات بۆ دەستهەڵگرتن لە بەهای داندراو لە بەرواری بەسەرچوون یان هەڵوەشانەوەی، لەگەڵ سوود بە ڕێژەی سەدا پێنج لە هەر ساڵێکدا.

**بڕگەی ٢**

لەوە تێدەگەین گرێبەستی بیمەی ژیان کە پێش ٢٩ی تشرینی ١٩١٤ لە نێوان کۆمپانیاکانی سەر بە هێزەکانی هاوپەیمانان و هاوڵاتیانی تورکیادا بە پارەیەک بەستراوە کە لیرەی تورکی نییە و بڕە قیستی بیمەکەیان لە پێش و دوای بەرواری ١٨ی تشرینی ١٩١٥ داوە، یاخود ئەگەر هاتوو تەنها پێش ئەو بەروارەش دابێتیان، یەکەم، مافی بیمەکراو لە ماوەی پێش ١٨ی تشرینی ١٩١٥ بەگوێرەی مەرجە گشتییەکانی سیاسەتەکە بەو دراوە دیاریدەکرێت کە لە گرێبەستەکەدا ئاماژەپێکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەو نرخەی کە وڵاتی خاوەن دراوەکە مامەڵەی پێدەکرێت (بۆ نموونە، هەر بڕە پارەیەکی دیاریکراو؛ بە فرانک، فرانکی زێڕ یان دراوێکی پەیوەست بە فرانکی فەرەنسی دەدرێت)، بۆ ئەو ماوەیەی دوای ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩١٥ دراوی تورکی–لیرەی تورکی بە بەهای هاوتای پێش جەنگ وەردەگیرێت.

ئەو هاوڵاتییە تورکانەی گرێبەستەکانیان بە دراوێکی تری جگە لە دراوی تورکی بەستبوو، ئەگەر بیسەلمێنن کە لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩١٥ەوە بڕە پارەی بیمەکەیان بەو دراوە داوە کە لە گرێبەستەکاندا ئاماژەپێکراوە، ئەوا ئەو گرێبەستانەی کە ئاماژەیان پێکراوە بە هەمان دراو بە نرخی ئێستای وڵاتی خۆی بۆ ماوەی دوای ١٨ی تشرینی دوومەی ١٩١٥ مامەڵەیان پێوە دەکرێت.

ئەو هاوڵاتییە تورکانەی کە گرێبەستەکانیان بە دراوێکی

تری جگە لە دراوی تورکی لە پێش ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩١٤ لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانە بەستبوو کە سەر بە یەکێک لە هێزەکانی هاوپەیمانان بوون، بەو پێیەی مادام هێشتا بڕە پارەی بیمەکە

دەدرێت، مافی ئەوەیان هەیە لە ماوەی سێ مانگی دوای جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیە، سیاسەتی بیمەی خۆیان بە تەواوی بەو دراوە رێکبخەن کە لە گرێبەستەکەدا هاتووە، بەو نرخەش دەبێت کە لە وڵاتی خاوەن دراوەکەدا مامەڵەی پێوە دەکرێت. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت لە ماوەی ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩١٥ەوە ئەو برە پارە بیمەیە بەو دراوە بدەن. لەلایەکی ترەوە ئەو برە پارەیەی کە لەو باەروارەوە بە دراوی لیرەی کاخەزی تورکی داویانە، بە هەمان دراو بۆیان دەگەڕێندرێتەوە.

**بڕگەی ٣**

سەبارەت بە پرسی بیمە بە لیرەی تورکی و بە دراوی کاغەزی لیرەی تورکی یەکلاییدەکرێتەوە.

**بڕگەی ٤**

بڕیارەکانی بڕگەی ٢ و ٣ ئەو خاوەن بیمانە ناگرێتەوە کە پێشتر بە رێککەوتنێکی راشکاوانە بەهای بیمەکانیان و شێوازی پێدانی برە پارەی بیمەکانیان، لەگەڵ کۆمپانیاکانی بیمەدا یەکلاکردۆتەوە، ئەوانەش ناگرێتەوە کە بیمەکانیان لە کۆتایی چوونە بواری جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیەدا یەکلاییبۆتەوە.

**بڕگەی ٥**

بۆ جێبەجێکردنی بڕگەکانی پێشوو، گرێبەستی بیمە، کە لەسەر بنەمای ئەگەرەکانی ژیانی مرۆڤ، لەگەڵ رێژەی

سوودەکەی بۆ هەژمارکردنی پەیوەستبوونی هاوتای نێوان هەردوو لایەنەکە، وەک گرێبەستی بیمەی ژیان هەژمار دەکرێت.

## دووەم: بیمەی دەریایی

### بڕگەی ٦

بە پشتبەستن بەو بڕیارانەی کە لەم پەیماننامەیەدا هاتووە، گرێبەستەکانی بیمەی دەریایی بە هەڵوەشێندراوە هەژمار ناکرێن، بە مەرجێک مەترسییەکە پێش ئەوەی لایەنەکان ببنە دوژمن دەستیپێکردبێت، لەگەڵ ئەوەشدا سیاسەتەکە ئەو زیانانە ناگرێتەوە کە بەهۆی ئەو رێکارە جەنگیانەی هێزێک گرتویەتیەبەر، جا ئەگەر لایەنی بیمەدەرە هاوڵاتی یاخود هاوپەیمانی ئەو هێزەش بێت.

## سێیەم: بیمەی ئاگر و بیمەکانی تر

### بڕگەی ٧

بەگوێرەی ئەوەی کە لە بڕگەی پێشوودا هاتووە، گرێبەستەکانی بیمەی ئاگر و سەرجەم جۆرەکانی تری گرێبەستی بیمە، بە هەڵوەشاوە هەژمار ناکرێن.

## باسی سێیەم: قەرزەکان

### مادەی ٨٤

لایەنە پەیمانبەستە باڵاکان ڕێککەوتوون لەسەر دانان بەو قەرزانەی کە دەبوایە پێش جەنگەکە یاخود لە ماوەی جەنگەکەدا بەگوێرەی ئەو گرێبەستانە بیدەن کە پێش جەنگ بەستویانە و بەهۆی جەنگەکەوە نەدراون، بەگوێرەی بڕیاری گرێبەستەکان دەبێت بەو دراوەش بێت، کە لەسەری ڕێککەوتوون، لەگەڵ ئەوەشدا بە هاوتای ئەو نرخەی، کە لە وڵاتی خاوەن دراوەکە مامەڵەی پێوەدەکرێت.

بەبێ ئەوەی زیان بە بڕیارەکانی پاشکۆی باسی دووەمی ئەم بەشە بگات، ڕێککەوتنێک لەسەر ئەوە دەکرێت کە ئەو بڕە پارەیەی بەگوێرەی گرێبەستێک لە پێش جەنگدا دراوە، بەو بڕە پارەیە هەژمار دەکرێت کە لە ماوەی جەنگەکەدا بە تەواوی یاخود بەشێکی بە دراوێک کۆکراوەتەوە، جگە لەو دراوانەی کە لە گرێبەستەکەدا ئاماژەیان پێکراوە، دەتوانرێت دانەوەی ئەم پارانە بە هەمان ڕێوشوێنی ڕادەستکردنی ئەو بڕە پارانە بێت کە بەو دراوە کۆکراونەتەوە، ئەم حکومە نابێت کاریگەری بخاتە سەر ئەو ڕێکخستنانەی دژیەکن لەگەڵ بڕیارەکانی پێشوو، کە پێش چوونە بواری جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیە لە نێوان لایەنەکاندا ڕێککەوتنێکی دۆستانەی لەسەر ئەنجامدراوە.

**مادەی ٨٥**

قەرزی گشتی عوسمانی بە ڕێککەوتنێکی گشتگیر لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەم باسە و باسەکانی تری ئەم بەشە (بەندە ئابوورییەکان) جێهێڵدراوە.

**مادەی ٨٦**

بە لەبەرچاوگرتنی بڕیارەکانی ئەم پەیماننامەیە، مافی خاوەنداریێتی پیشەسازی، ئەدەبی و هونەری، وەک ئەوەی لە ١ی ئابی ١٩١٩دا هەبووە، بەگوێرەی یاسای هەریەک لە لە وڵاتە پەیمانبەستەکان، لەگەڵ چوونە بواری جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیەوە، لە خاکی وڵاتە پەیمانبەستە باڵاکانەوە لە بەرژەوەندی ئەو کەسانە دەردەچێتەوە یان دەگەڕێندرێنەوە، کە خۆیان یان نوێنەرە یاساییەکانیان لە کاتی دەستپێکردنی جەنگەکەدا مافی سوود لێبینینیان هەبووە. بەهەمانشێوە ئەو مافانەی کە دەکرا لە ماوەی جەنگەکەدا بەدەستبهێندرێن و لە ڕێگەی پێشکەشکردنی داواکارییەکی یاسایی بووبێت بۆ پاراستنی خاوەداریەتی پیشەسازی، بڵاوکردنەوەی بابەتی ئەدەبی یان هونەری، لە کاتی چوونە بواری جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیەوە پێویستە دانیپێدا بنرێت و لە بەرژەوەندی ئەو کەسانە بێت کە مافی بەدەستهێنانیان هەبووە.

بەبێ زیانگەیاندن بەو مافانەی کە بەگوێرەی حکومەکەی سەرەوە دەگەڕێندرێنەوە، سەرجەم کارەکان (بە پێدانی مۆڵەتیشەوە) کە بە گوێرەی ئەو ڕێکارە تایبەتیانەی لە ماوەی

جەنگدا لەلایەن یەکێک لە دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکردن یان کارگێڕی هێزەکانی هاوپەیمانان گیراونەتە بەر، کە پەیوەندارە بە مافەکانی هاوڵاتیانی تورک سەبارەت بە خاوەندارێتی پیشەسازی، ئەدەبی یاخود هونەری، کاریگەری دەمێنێت و بە تەواوی جێبەجێ دەکرێت. ئەم حکومە دەبێت بۆ ئەو ڕێوشوێنە هاوبەشانە جێبەجێ دەکرێت، کە دەسەڵاتدارانی تورکیا لە بابەتەکانی پەیوەست بە هاوڵاتیانی هەر هێزێکی هێزێکی هاوپەیمان دەیگرنەبەر.

**مادەی ٨٧**

لە دوای چوونە بواری جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیەوە، بەبێ سەپاندنی هیچ جۆرە باجێک یاخود سزایەک، لانیکەم ساڵێک دەدرێت بە هاوڵاتیانی تورکیا لە خاکی هەریەک لە وڵاتانی دیکەی پەیمانبەست و سەرپەرشتیکراوانی ئەو وڵاتانە لە تورکیا، بۆ هەر کارێک کە بیانەوێت بیکەن، هەر ڕێکارێکی فەرمی کە دەیگرنەبەر، دانەوەی هەر باجێک کە لەسەریانە، هەروەها بە شێوەیەکی گشتی پابەندبوون بە جێبەجێکردنی یاسا و ڕێساکانی وڵاتانی پەیوەندیدار، بۆ پاراستن، بەدەستهێنان یاخود دژایەتیکردنی پێدانی مافی خاوەندارێتی پیشەسازی، کە لە ١ی ئابی ١٩١٤دا بەدەستهاتبوون، یان ئەگەر جەنگەکە ڕێگری لێ نەکردبوایە لەم بەروارەوە دەتواندرا بە پێشکەشکردنی داواکارییەک بەدەستبهێندرێت، جا ئەمە لە پێش یان لە کاتی جەنگەکەدا بوایە.

مافەکانی خاوەنداریێتی پیشەسازی، کە لە ئەنجامی شکستهێنان لە جێبەجێکردنی هەر کارێک، هەر شێوە پابەندبوونێک یان دانەوەی هەر رسوماتێک بەسەرچووە، دووبارە دەگەڕێندرێنەوە، لە حاڵەتی بوونی بڕوانامەی داهێنان و نەخشەسازیشدا، هەر هێزێک بیەوێت، دەتوانێت ئەو رێکارانە بگرێتەبەر، کە بە پێویستی دەزانێت بۆ پاراستنی مافەکانی لایەنی سێیەم، کە بڕوانامەی داهێنان یان نەخشەسازیان لەو ماوەیە بەکارهێناوە، کە بەسەرچووە.

ماوەی نێوان ١ی ئابی ١٩١٤ و کاتی چوونە بواری جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیە، لەگەڵ ئەو ماوەیە هەژمار ناکرێت کە دیاریکراوە بۆ کەڵکوەرگرتن لە بڕوانامەی داهێنان، نیشانەی بازرگانی یاخود نەخشەسازی بەکارهێندراو، لەگەڵ ئەوەشدا رێککەوتن کراوە لەسەر ئەوەی هیچ بڕوانامەیەکی داهێنان، نیشانەیەکی بازرگانی یان نەخشەسازییەک کە لە ١ی ئابی ١٩١٤ەوە کاری پێکراوە، تەنها بەهۆی کەڵکوەرنەگرتن لەو بروانامەی داهێنانە، نیشانەی بازرگانیە یان نەخشەسازییە، ئەگەر بێت و لە ماوەی دوو ساڵی دوای چوونە بواری جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیە کەڵک وەرنەگیرێت لە بڕوانامەی داهێنان، بەکارهێنانی مارکەی بازرگانی یاخود نەخشەسازیی، ئەوا کۆتایی پێدێت یان هەڵدەوەشێتەوە.

**مادەی ٨٨**

نابێت هیچ داوانامەیەک بەرزبکرێتەوە یان داواکارییەک پێشکەش بکرێت، لەلایەکەوە لەلایەن هاوڵاتییانی تورکیا یان ئەو کەسانەی لە تورکیا نیشتەجێن، یاخود خەریکی کاری بازرگانین لە تورکیا، لەلایەکی دیکەشەوە لەلایەن هاوڵاتییانی هێزەکانی هاوپەیمانان یان ئەو کەسانەی، کە لە خاکی ئەواندا نیشتەجێن یان بازرگانی دەکەن، یاخود لەلایەن لایەنی سێیەمەوە قەواڵەیەکیان لە ماوەی جەنگەکەدا، بەهۆی هەر ڕوداوێکەوە کە لە خاکی لایەنەکەی دیکە ڕویداوە لە ماوەی نێوان بەرواری سەرهەڵدانی جەنگەکە و بەرواری چوونە بواری جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیە لەو کەسانە وەرگرتووە، کە دەتوانرێت بە پێشێلکاری مافەکانی خاوەندارییەتی پیشەسازی یان ئەدەبی، یاخود هونەری دابنرێت، جا لە هەر کاتێکی ماوەی جەنگەکدا بووبێت یان بەگوێرەی بڕیارەکانی مادەی ٨٦ تازەکرابنەوە.

لەناو ئەو ڕوداوانەی کە لەسەر ئاماژەیان پێکراوە، بریتین بەکارهێنانی مافەکانی خاوەندارییەتی پیشەسازی یان ئەدەبی، یاخود هونەری لەلایەن هەر یەک لە حکومەتی لایەنە پەیمانبەستە باڵاکان یان هەر کەسێک بە نوێنەرایەتی، یاخود ڕەزامەندی ئەوان کار دەکات، هەروەها بۆ خستنەڕووی فرۆشتن، خستنەڕووی فرۆشتن یان بەکارهێنانی بەرهەمەکان و هەر بابەتێکی دیکە بە هەر جۆرێک بێت بۆ جێبەجێکردنی مافەکان دەگرێتەوە.

**مادەی ٨٩**

ئەو مۆڵەتانەی بۆ بەکارهێنانی خاوەنداریەتی پیشەسازی یان بۆ لەبەرگرتنەوەی بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکان کە لە پێش جەنگەکەدا بەخشرابوون و لەلایەکەوە لەلایەن هاوڵاتییانی هێزەکانی هاوپەیمانان یان ئەو کەسانەی کە لە خاکەکانیاندا نیشتەجێن و بازرگانی دەکەن، لەلایەکەی دیکەوە لەلایەن هاوڵاتییانی تورکیاوە بەکارهێندراون، ئەوا لە بەرواری لە هەڵگیرسانی جەنگەکە لەنێوان تورکیا و ئەو هێزانەی هاوپەیمانان کە پەیوەندیدارن پێوەی بە هەڵوەشاوە دادەنرێن. لە هەر حاڵەتێکدا، سوودمەندانی پێشووی ئەم جۆرە مۆڵەتە، مافی ئەوەی هەیە لە ماوەی شەش مانگی دوای چوونە بواری جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیەدا داوای مۆڵەتێکی تازە لە خاوەن مافەکە بکات، لە حاڵەتی نەبوونی ڕێککەوتنی نێوان لایەنەکانیشدا، مەرجەکان لەلایەن دادگای ناوبژیوانی تێکەڵاوەوە دیاری دەکرێن، کە لە باسی پێنجەمی ئەم بەشەدا ئاماژەی پێکراوە. دادگای دەستەڵاتی ئەوەی هەیە لە کاگتی پێویستی بارودۆخەکە، ئەو بڕە پارەیە دیارییبکات، کە بە بەکارهێنانی بە ڕەوا دەزانێت لە کاتی جەنگدا.

**مادەی ٩٠**

دانیشتوانی ئەو ناوچانەی بەهۆی ئەم پەیماننامەیەوە لە تورکیا جیاکراونەتەوە، سەرباری ئەو گواستنەوە و گۆڕانکارییە نەتەوەییانەی کە لە ئەنجامیدا دێنە ئاراوە، بەردەوام دەبن لە

سودمەندبوون لە سەرجەم مافەکانی خاوەنداریەتی پیشەسازی، ئەدەبی و هونەری لە تورکیا، کە بەگوێرەی یاسای عوسمانی لە کاتی گواستنەوەکەدا مافیان هەبووە. سەرجەم مافەکانی خاوەنداریەتی پیشەسازی، ئەدەبی و هونەری کە پێشتر لەو ناوچانەدا بوون، کە بە گوێرەی ئەم پەیماننامەیە لە تورکیا جیاکراونەتەوە، یاخود دواتر بەگوێرەی بڕیارەکانی مادەی ٨٦ بەدەستهێندراونەتەوە، دەبێت لەلایەن ئەو وڵاتەی کە ناوچەکانی بۆ جیاکراوەتەوە، دانیانپێدا بنرێت و وەک ئەو ماوەیە بن، کە بو گوێرەی یاسای عوسمانی لێی سوودمەندبوون.

**مادەی ٩١**

ئەگەر لایەنە پەیوەندیدارەکان لەماوەی سێ مانگی دوای چوونە بواری جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیەدا داواکاریان پێشکەشکرد، ئەوا سەرجەم بەخشینەکانی بڕوانامەی داهێنان و تۆمارکردنی نیشانەی خاوەنداریەتی بازرگانی، لەگەڵ سەرجەم تۆمارەکانی گواستنەوە یان تایبەتمەندییەکانی بڕوانامەی داهێنان و نیشانەی خاوەنداریەتی بازرگانی، کە بەپێی پێویست لە ٣٠ تشرینی یەکەمی ١٩١٨ەوە لەلایەن حکومەتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی یاخود شوێنی ترەوە ئەنجامدراون، ئەوا دەبێت لەلایەن حکومەتی تورکیاوە تۆمار بکرێن. ئەم جۆرە تۆمارکردنانە دەبێت هەمان تایبەتمەندی و کاریگەری بەرواری تۆمارکردنە ڕەسەنەکانیان هەبێت.

## باسی پێنجەم: دادگای ناوبژیوانی تێکەڵاو[٦]

### مادەی ٩٢

لە ماوەی سێ مانگی دوای چوونە بواری جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیەوە دادگای ناوبژیوانی تێکەڵاو لەلایەن هەریەک لە هێزەکانی هاوپەیمانان لەلایەک و تورکیا لەلایەکی دیکەوە دادەمەزرێت.

هەریەک لەم دادگایانە لە سێ ئەندام پێکدێن، کە دوو لەو ئەندامانە بە دوای یەکدا لەلایەن هەریەک لە حکومەتە پەیوەندیدارەکانەوە دەستنیشان دەکرێن، کە مافی ئەوەیان هەیە چەند کەسێک دابنێن و بەپێی کەیسەکەش یەکێک لەو کەسانە بە ئەندامی دادگا هەڵبژێرن. سەرۆکی دادگا بە رێککەوتنی نێوان حکومەتە پەیوەندیدارەکان هەڵدەبژێردرێت.

ئەگەر لە ماوەی دوو مانگی دوای چوونە بواری جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیە نەگەنە رێککەوتنێک، ئەوا لەسەر داوای یەکێک لە حکومەتە پەیوەندیدارەکان، لەلایەن سەرۆکی دادگای دادی نێودەوڵەتی هەمیشەیی لە لاهای، سەرۆک لەنێوان هاوڵاتیانی ئەو هێزانەوە دادەنرێت. کە لە کاتی جەنگەکەدا بێلایەن بوون.

ئەگەر لە ماوەی ئەو دوو مانگەدا یەکێک لە حکومەتە پەیوەندیدارەکان ئەندامێکی بۆ نوێنەرایەتیکردنی لە دادگا هەڵنەبژێرێت، ئەوا لەسەر داوای حکومەتە پەیوەندیدارەکەی دیکەوە، لەلایەن ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان دادەنرێت.

---

[٦] – دادگای ناوبژیوانی تێکەڵاو، دوای کۆتاییهاتنی یەکەمین جەنگی جیهانی بە مەبەستی چەسپاندنی ئاشتی و پەرەپێدانی دادوەری لە جیهاندا دامەزرێندرا و لە ساڵی ١٩٣٠دا هەڵوەشایەوە.

ئەگەر ئەندامێکی دادگا کۆچی دواییکرد، یان دەستیلەکارکێشایەوە، یان بە هەر هۆکارێک بێت نەتوانێک بە ئەرکەکانی خۆی هەڵسێت، ئەوا بەو شێوەیە شوێنەکەی پڕدەکرێتەوە کە پێیَ داندراوە، ئەو ماوەیەشی کە لەسەرەوە ئاماژەپێکراوە لە کارتی مردن، یان دەستلەکارکێشانەوە، یان بە ئەرک هەڵنەستان، بۆ دوو مانگ درێژ دەکرێتەوە.

**مادەی ٩٣**

بارەگای دادگای ناوبژیوانی تێکەڵاو لە قوستەنتینیە (ئیستەنبوڵ) دەبێت. ئەگەر بڕ و سروشتی کەیسەکان پێویست بکات، ئەوا حکومەتە پەیوەندیدارەکان مافی دروستکردنی بەشێک یاخود چەند بەشێکیان لە هەر دادگایەکدا هەیە، دەشتواندرێت بارەگاکانیان لە هەر شوێنێک بێت، کە گونجاوە. وەکئەوەی لە بڕگەی ٢ و ٣ و ٤ و ٥ی مادەی ٩٢دا هاتووە، هەریەک لەم بەشانە لە جێگری سەرۆک و دوو ئەندام پێکدێن.

هەر حکومەتێک بۆ نوێنەرایەتیکردنی لە بەردەم دادگادا، بریکارێک یاخود چەند بریکارێک دەستنیشان دەکات.

ئەگەر دوای سێ ساڵ لە دامەزراندنی دادگای ناوبژیوانی تێکەڵاو یاخود یەکێک لە بەشەکانی، هەریەک لەو دادگا یاخود بەشە، کارەکانی جێبەجێ نەکردبێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ئەو هێزە داوا بکات کە خاوەنی ئەو ناوچەیەیە کە دادگا یان بەشەکەی لێیە، ئەوا پێویستە بارەگاکە لەو ناوچەیە بگوازرێتەوە.

**مادەی ٩٤**

دادگای ناوبژیوانی تێکەڵاو کە پشتبەست بە مادەکانی ٩٢ و ٩٣ دامەزرێندراوە، بەگوێرەی ئەم پەیماننامەیە و لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانیدا بڕیار لەسەر هەموو پرسەکان دەدات.

بڕیارەکان بە زۆرینە دەدرێن.

لایەنە پەیمانبەستە باڵاکان کۆکن لەسەر ئەوەی بڕیارەکانی دادگای ناوبژیوانی تێکەڵاو وەک بڕیارگەلێکی کۆتایی و بنبڕ سەیر بکەن و سەرپەرشتیکراوانیشیان پێوەی پابەند بکەن، لەگەڵ پێگەیشتنی ئاگادارکردنەوەی بڕیارەکانی دوو دادگاکە، دەبێت دڵنیابن لەوەی کە لە هەموو خاکەکەیاندا جێبەجێ دەکرێن، نەک بە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانە رایبگەیەنن.

لایەنە پەیمانبەستە باڵاکان لە ئەستۆیانە دادگا و دەسەڵاتەکانیان بە هەر شێوەیەک کە لە توانایاندایە، راستەوخۆ هاریکاری دادگا ناوبژیوانییە جێگیرەکان بکەن، بە تایبەتیش لە بابەتەکانی پەیوەست بە گەیاندنی ئاگادارنامەکان و کۆکردنەوەی بەڵگە.

**مادەی ٩٥**

دادگاکانی ناوبژیوانی تێکەڵاو تایبەتمەندە بە دادپەروەری، ویژدان و نیازپاکی.

هەریەک لە دادگاکان ئەو زمانە دەستنیشان دەکات کە لە بەردەمیدا بەکاردەهێندرێت، بڕیاریش دەدات بە وەرگێرانی پێویست بۆ دڵنیابوونەوە لە تێگەیشتنی تەواوەتی لە کەیسەکان، لەگەڵ ئەوەشدا رێسای کارکردن و ماوە زەمەنییەکەی

دەستنیشان دەکات بۆئەوەی گرتنەبەری رێکار و رێوشوێنی پێویست لەبەرچاو بگیرێت. ئەم رێساگەلەش پێویستە لەسەر ئەم بنەمایانەی خوارەوە بێت:

١ – دەبێت رێکار و رێوشوێنەکە پێشکەشکردنی یاداشت و دژە یاداشت بێت بە دواییەکدا، لەگەڵ ئەوەشدا بژاردەی پێشکەشکردنی وەڵام و رەتکردنەوەش لەخۆ بگرێت. ئەگەر هەر لایەنێک داوای مۆڵەتی پێشکەشکردنی گوتەیەکی زارەکی بکات، ئەوا بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە رێگەی پێدەدرێت، لەم دۆخەشدا لایەنی بەرامبەریش هەمان مافی دەبێت.

٢ – دادگا دەسەڵاتی تەواوی هەیە بۆ ئەنجامدانی لێپرسینەوە، بەرهەمهێنانی بەڵگەنامە و پشکنینی پسپۆڕان، بۆ دەربڕینی بۆچوون، داواکردنی هەر زانیارییەک، گوێگرتن لە هەر شایەتحاڵێک و داوای هەر روونکردنەوەیەکی زارەکی یان نووسراو بکات لە لایەنەکان یاخود نوێنەرەکانیان.

٣ – جگە لە هەر بڕیارێکی پێچەوانەی ئەم پەیماننامەیە، نابێت هیچ داوایەک دوای بەسەرچوونی ماوەی شەش مانگ لە دامەزراندنی ئەم دادگایە وەربگیرێت، مەگەر لەسەر بنەمای مۆڵەتپێدانێکی راشکاوانە، کە لە بڕیارێکی داگای ئاماژەپێکراودا هاتبێت، وەک رەچاوکردنی رێوشوێنێکی ئاوارتە، کە پەیوەستە بە مەودا یان هێزێکی لە رادەبەدەر.

٤ – ئەرکی دادگایە جگە لە رۆژانی پشوو، دانیشتنی هەفتانە ئەنجام بدات، کە پێویستە بۆ رایکردنی خێرای کارەکانی، نابێت ئەم دانیشتنانەش لە هەشت هەفتە زیاتر بێت لە ساڵێکدا.

٥ – دەرکردنی بڕیار هەمیشە لە دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە دوو مانگ بەسەر دانیشتنەکەدا دەبێت، دوای ئەوەش دادگا بەردەوام دەبێت لە هەڵسەنگاندنی بڕیارەکەی.

٦ – لە ئەگەری بوونی گوتەی زارەکی، بە ئاشکرا گوێی لێدەگیرێت و لە هەر حاڵەتێکیشدا بە ئاشکرا بڕیاری لە بارەوە دەدرێت.

٧ – هەموو دادگایەکی ناوبژیوانی تێکەڵاو، لە ئەگەری پێویستی بۆ تەواوکردنی کارەکانی، مافی ئەوەی هەیە لە هەر شوێنێک، جگە لەو شوێنەی کە بارەگاکەی تێدایە، دابنیشێت.

**مادەی ٩٦**

حکومەتە پەیوەندیدارەکان بە رێککەوتنێکی هاوبەش سکرتێری گشتی بۆ هەریەک لە دادگاکان دادەنێن، هەریەکێکیشیان سکرتێرێک یان چەند سکرتێرێکی بۆ دادەنێن. سکرتێری گشتی و سکرتێرەکان دەبێت لەژێر فەرمانی دادگاکەدا بن، مافی ئەوەیان هەیە بە رەزامەندی حکومەتە پەیوەندیدارەکان، هەر کەسێک کە پێویستی بە هاوکاری ئەوان هەبێت، دەتوانێت پەیوەندیان پێوە بکات.

هەریەک لە دادگاکان نوسینگەکەی لە قوستەنتینیە دەبێت. هاوکات حکومەتە پەیوەندیدارەکان دەسەڵاتی دروستکردنی نووسینگەی زیادەیان لە هەر شوێنێکی دیکە دەبێت، کە بۆی گونجاو بێت.

هەریەک لە دادگاکان تۆمار، نووسراو و بەڵگەنامەکانی پەیوەست بەو کەیسانەی، کە خراوەتە بەردەمی، لە سکرتاریەتەکەی خۆیدا دەیپارێزێت، لەگەڵ تەواو بوونی

ئەرکەکانیشیدا، دەیانخاتە ئەرشیفی حکومەتی ئەو وڵاتەی، کە بارەگاکەی لێ دامەزراوە. هاوکات ئەم ئەرشیفانە لە بەردەستی حکومەتە پەیوەدنیدارەکانیش دەبێت.

**مادەی ٩٧**

هەریەک لە حکومەتەکان موچەی ئەو ئەندامەی خۆی دەدات، کە لە دادگای ناوبژیوانی تێکەڵاودا دایناوە، لەگەڵ ئەوەشدا پێدانی موچەی هەر بریکارێک یان سکرتێرێکی لە ئەستۆدایە کە دایناون.

پاداشتی هەریەک لە سەرۆک و سکرتێری گشتی بە رێککەوتنی نێوان حکومەتە پەیوەندیدارەکان دیاریدەکرێت، پاداشت و خەرجییە گشتییەکانی دادگاش، بە یەکسانی لە نێوان هەردوو حکومەتەکەدا خەرج دەکرێت.

**مادەی ٩٨**

ئەم باسە کەیسەکانی نێوان ژاپۆن و تورکیا ناگرێتەوە، کە بە گوێرەی مەرجەکانی ئەم پەیماننامەیە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی دادگای ناوبژیوانی تێکەڵاوەوە. ئەم جۆرە کەیسانە بە رێککەوتنی هەردوو حکومەتەکە یەکلادەکرێنەوە.

## باسی شەشەم: پەیماننامەکان

### مادەی ٩٩

لە ساتی چوونە بواری جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیە بەبێ زیانگەیاندن بە بڕیارەکانی، پەیماننامەکان، ڕێککەوتننامەکان و ڕێککەوتنە هەمەلایەنەکان، کە سروشتێکی ئابووری یان تەکنیکیان هەیە، کە لە خوارەوەدا ئاماژەیان پێکراوە، لەنێوان تورکیا و وڵاتانی دیکەی پەیمانبەست، کە لایەنن تێیدا، دەچێتە بواری جێیەجێکردنەوە:

١ – هەریەک لە ڕێککەوتننامەکانی ١٤ی ئازاری ١٨٨٤، ١ی کانوونی دووەمی ١٨٨٦ و ٢٣ی ئازاری ١٨٨٧ و پڕۆتۆکۆڵی کۆتایی ی ٧ی تەمووزی ١٨٨٧ی پەیوەست بە پاراستنی کێبڵەکانی ژێر دەریا.

٢ – هەریەک لە ڕێککەوتننامەکانی ١٤ی تەمووزی ١٨٩٠ی پەیوەست بە گشتاندنی تاریفەی گومرگی و ڕێکخستنی یەکێتییەکی نێودەوڵەتی بۆ گشتاندنی تاریفەی گومرگی.

٣ – ڕێوشوێنەکانی ٩ی کانوونی دووەمی ١٩٠٧ی پەیوەست بە دامەزراندنی نووسینگەیەکی نێودەوڵەتی بۆ پاکوخاوێنی گشتی لە پاریس.

٤ – ڕێککەوتننامەی ٧ی حوزەیرانی ١٩٠٥ی پەیوەست بە دامەزراندنی دەزگایەکی کشتوکاڵی نێودەوڵەتی لە ڕۆما؛

٥ – ڕێککەوتننامەی ١٦ی تەمووزی ١٨٦٣ بۆ وەرگرتنی ڕەسمی هاتوچۆ لەسەر ڕووباری شێڵد.

٦ – ڕێککەوتننامەی ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٨٨٨ی پەیوەست بە هێنانەئارای ڕێوشوێنێکی دیاریکراو، کە گەرەنتی بەکارهێنانی

ئازادانە دەکات لە نۆکەندی سویس، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی بڕیارە تایبەتەکان، کە لە مادەی ١٩ی ئەم پەیماننامەیەدا ئاماژەپێکراوە.

٧ – پەیماننامە و رێککەوتننامەکانی یەکێتی پۆستە و گەیاندنی جیهانی، لەوانەش ئەو پەیماننامە و رێککەوتنامانەی کە لە ٣٠ی تشرینی دووەمی ١٩٢٠ لە مەدرید واژۆکران.

٨ – رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بە تەلەگراف کە لە ١٠-٢٢ی تەمووزی ١٨٧٥ لە سەینت پترسبۆرگ واژۆکران، ئەو رێسا و تاریفانەشی، کە لە کۆنگرەی نێودەوڵەتی تەلەگراف لە ١١ی حوزەیرانی ١٩٠٨ لە لیشبۆنە پەسەندکران.

**مادەی ١٠٠**

تورکیا بەڵێندەدات پابەند بێت بەو پەیماننامە یان رێککەوتنامانەی کە لە خوارەوە هاتوون، یاخود پەسەندیان بکات:

١ - رێککەوتننامەی ١١ی تشرینی یەکەمی ١٩٠٩ی پەیوەست بە هاتوچۆی نێودەوڵەتی بە ئۆتۆمبێل.

٢ – رێککەوتنی ١٥ی ئایاری ١٨٨٦ی پەیوەست بە مۆرکردنی بارهەڵگرەکانی شەمەندەفەر کە بەستراوەتەوە بە پشکنینی گومرگی و پڕۆتۆکۆلی ١٨ی ئایاری ١٩٠٧.

٣ – رێککەوتننامەی ٢٣ی ئەیلوولی ١٩١٠ی پەیوەست بە یەکخستنی رێسا پەیوەندیدارەکان سەبارەت بە پێکدادان و رزگارکردنی دەریایی.

٤ – ڕێککەوتننامەی ٢١ی کانوونی دووەمی ١٩٠٤ی سەبارەت بە بەخشینی کەشتییە نەخۆشخانە ئاساکان لە باج و رسومات لە بەندەرەکاندا.

٥ – ڕێککەوتننامەکانی ١٨ی ئایاری ١٩٠٤ و ٣٠ی ئەیلوولی ١٩٢١ی پەیوەست بە دژایەتیکردنی بازرگانیکردن بە کۆیلەی سپی پێست.[٧]

٦ – ڕێککەوتننامەکانی ٤ی ئایاری ١٩١٠ی پەیوەست بە قەدەغەکردنی بڵاوکراوە پۆرنۆگرافییەکان.

٧ – بە لەبەرچاوگرتنی هەریەک لە مادەکانی ٥٤ و ٨٨ و ٩٠، ڕێککەوتننامەی تەندروستی ١٧ی ژانیویەی ١٩١٢.

٨ – ڕێککەوتننامەکانی ٣ی تشرینی دووەمی ١٨٨١ و ١٥ی نیسانی ١٨٨٩ی پەیوەست تەگبیرەکانی خۆپارێزی دژ بە مێرولەی فیلۆکسێرا.

٩ – ڕێککەوتننامەی تریاک، کە لە ٢٣ی ژانیویەی ١٩١٢ لە لاهای واژۆکرا و پرۆتۆکۆڵە زیادەکەی ١٩١٤؛

١٠ – ڕێککەوتننامەی تەلەگرافی بێتەل، ٥ی تەمووزی ١٩١٢؛

١١ – ڕێککەوتننامەی ١٠ی ئەیلوولی ١٩١٩، کە لە سەینت جێرمان، کە پەیوەست بە بازرگانی خواردنەوە کحولییەکان لە ئەفریکا، واژۆکرا.

١٢ – ڕێککەوتننامەی پێداچوونەوە بە یاسای گشتی لە ٢٦ی شوباتی ١٨٨٥ لە بەرلین و یاسای گشتی و ڕاگەیاندراوی

---

[٧] – ڕێککەوتننامەی ٣٠ی ئەیلولی ١٩٢١ تەنها بۆ دژایەتیکردنی بازرگانی کۆیلەی سپی پێست بوو، کۆیلە ڕەشپێشتەکانیش بازرگانیپێکردنیان ئاسایی بوو.

بڕۆکسڵ لە ٢ی تەمووزی ١٨٩٠، کە لە ١٠ی ئەیلوولی ١٩١٩ لە سەینت جێرمان واژۆکرارا.

١٣ – ڕێککەوتننامەی ١٣ی تشرینی یەکەمی ١٩١٩، کە گەشتی ئاسمانی ڕێکدەخات، بە مەرجی ئەوەی تورکیا بە گوێرەی پڕۆتۆکۆڵی ١ی ئایاری ١٩٢٠ ئەو جیاوکانە بەدەست بهێنێت، کە دۆخە جوگرافیەکەی پێویستیەتی.

١٤ – ڕێککەوتننامەی ٢٦ی ئەیلولی ١٩٠٦، کە لە بێرن بۆ یاساغکردنی بەکارهێنانی مادەی فسفۆڕی سپی لە دروستکردنی کبریت واژۆکرا.

هاوکات تورکیا بەشداریکردنی لە ڕوونکردنەوەی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییە تازەکانی لە ئەستۆدایە، کە پەیوەستە بە تەلەگراف و تەلەگرافی بێتەل.

# بەشی چوارەم:
# پەیوەندییەکان و
# بابەتە تەندروستییەکان

## باسی یەکەم: بواری پەیوەندییەکان

**مادەی ١٠١**

ئەرکە لەسەر تورکیا پابەندی رێککەوتننامە و پەیڕەوی ناوخۆی رێزگرتن لە ئازادی گوزەرکردن (ترانزێت) بێت، کە لە کۆنگرەی بەرشەلۆنەی ١٤ی نیسانی ١٩٢١ پەسەندکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا پابەند دەبێت بە رێککەوتننامە و پەیڕەوی ناوخۆی رێزگرتن لە سیستمی رێڕەوە ئاوییەکان کە گرنگییەکی نێودەوڵەتیان هەیە و لە کۆنگرەی ١٩ی نیسانی ١٩٢١ و پرۆتۆکۆڵە تەواوکارەکەی پەسەندکرا.

لەسەر ئەم بنەمایە، لەگەڵ چوونە بواری جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیەوە، تورکیا بەڵێن دەدات دەستبکات بە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەم رێککەوتننامانە و پەیڕەوە بنەڕەتییەکانی و پرۆتۆکۆڵەکانی.

**مادەی ١٠٢**

تورکیا ئەرکدارە بەوەی پابەند بێت بە جاڕنامەی بەرشەلۆنەی ٢٠ی نیسانی ١٩٢١، کە "دانینا بە مافی بوونی ئاڵای ئەو وڵاتانەی کە کەنار دەریایان نییە".

**مادەی ١٠٣**

تورکیا ئەرکدارە بەوەی پابەند بێت بە راسپاردەکانی کۆنگرەی بەرشەلۆنەی ٢٠ی نیسانی ١٩٢١ی پەیوەست بەو بەندەرانەی کە

خراونەتە ژێر دەسەڵاتی سیستمی نێودەوڵەتی. دواتریش تورکیا ئەو بەندەرانە دەناسێنێت کە دەخرێنە ژێر دەسەڵاتی ئەم سیستمە.

**مادەی ١٠٤**

تورکیا ئەرکدارە بەوەی پابەند بێت بە راسپاردەکانی کۆنگرەی بەرشەلۆنەی ٢٠ی نیسانی ١٩٢١ی پەیوەست بە هێڵی ئاسنی نێودەوڵەتی. جێبەجێکردنی ئەم راسپاردانەی لەلایەن حکومەتی تورکیاوە ئەو کاتەیە کە بە هەمانشێوە ئەم پەیماننامەیە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

**مادەی ١٠٥**

لەگەڵ چوونە بواری جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیە، تورکیا رەزامەند دەبێت لەسەر پەیوەست بوونی بە رێککەوتننامە و تەگبیرەکانی ١٤ی تشرینی یەکەمی ١٨٩٠ و ٢٠ی ئەیلولی ١٨٩٣ و ٦ی تەمووزی ١٨٩٥ و ١٦ی حوزەیرانی ١٨٩٨ و ١٩ی ئەیلولی ١٩٠٦، کە سەبارەت بە گواستنەوەی کاڵا لە رێگەی شەمەندەفەر لە بێرن واژۆکران.

**مادەی ١٠٦**

کاتێک لە ئەنجامی جێگیرکردنی سنوورە تازەکان، هێڵێکی شەمەندەفەر لە نێوان دوو بەشی هەمان وڵاتدا بە وڵاتێکی دیکەدا تێدەپەڕێت، یاخود لقێکی لە وڵاتێکەوە دەستپێبکات و لە وڵاتێکی دیکە کۆتایی بێت، بە پشتبەستن بە دۆخی کارکردن تا

ئەو شوێنەی کە پەیوەندی بە هاوتوچۆی نێوان هەردوو وڵاتەکەوە هەیە، دەبێت بە ڕێککەوتنێکی نێوان ئیدارە پەیوەندیدارەکانی هێڵەکانی شەمەندەفەر ڕێکبخرێت، کە پشتبەستوو بێت بە هەر ڕێوشوێنێکی تایبەت. ئەگەر هاتوو ئەو ئیدارانە نەیانتوانی ڕێبکەون لەسەر ئەو مەرجانەی لە ڕێککەوتنامەکەدا هاتووە، لەوکاتەدا لە ڕێگەی ناوبژیوانەوە بڕیار لەسەر ئەو مەرجانە دەدرێت.

دامەزراندنی سەرجەم وێستگەکانی هێڵی شەمەندەفەری سەر سنووری نێوان تورکیا و وڵاتە دراوسێکانی و کارکردن لە هێڵەکانی شەمەندەفەری نێوان ئەو وێستگانە، بە ڕێککەوتنێکی هاوشێوە یەکلا دەکرێتەوە.

**مادەی ١٠٧**

گەشتیاران و ئەو کاڵایانەی کە لە تورکیا یاخود لە یۆنانەوە دێن یان بۆیان دەچن، کە ڕێڕەوی سێ بەشی هێڵی شەمەندەفەری ڕۆژهەڵات بەکاردەهێنن، هەریەک لە سنوورەکانی یۆنان–بولگاریا و یۆنان–تورکیاش لە نزیک کولیلی بورگاس تێدەپەڕێنن، نابێت بۆ ئەو جۆرە گوزەرکردنە، هیچ رەسمێک، رەسمی تێپەڕین (ترانزێت) یاخود هیچ جۆرە پشکنینێکیان سەبارەت بە پاسپۆرت یان گومرگ بەسەردا بسەپێندرێت.

ئەو کۆمسیۆنەی لەلایەن ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلانەوە هەڵدەبژێردێت، دەبێت دڵنیابێتەوە لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەم مادەیە.

هەریەک لە حکومەتەکانی یۆنان و تورکیا مافی دانانی نوێنەرێکی پاشکۆیان لەم کۆمسیۆنەدا هەیە، ئەرکی ئەو نوێنەرەش ئەوەیە سەرنجی کۆمسیۆنەکە بۆ هەر پرسێک رابکێشێت، کە پەیوەندی بە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەوە هەیە کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێکراوە، هاوکات لە هەر ئاسانکارییەک بەهرمەند دەبێت بۆ راپەڕاندنی ئەرکەکەی. ئەم نوێنەرانە لەگەڵ کۆمسیۆنەکە لەسەر ژمارە و سروشتی ستافی ئەو کارمەندانە رێکدەکەون، کە پێویستیانە.

بۆ دەرکردنی هەر بڕیارێک لە کۆمەڵەی گەلان، ئەرکی کۆمسیۆنی ئاماژەپێکراوە هەر پێشنیارێک بخاتەڕوو، کە پەیوەندی بە جێبەجێکردنی بڕیارە ئاماژەپێکراوەکانەوە هەبێت و رەنگە نەتوانرابێت چارەسەر بکرێت. هەریەک لە حکومەتەکانی یۆنان و تورکیا جێبەجێکردنی هەر بڕیاریارێکیان لە ئەستۆدایە، کە بە زۆرینەی دەنگی ئەنجومەنی ئاماژەپێکراو دەردەچێت.

هەریەک لە حکومەتەکانی یۆنان و تورکیا موچە و تێچووی کۆمسیۆنی ئاماژەپێکراویان بە یەکسانی لە ئەستۆدایە.

لە ئەگەری ئەوەی کە دواتر تورکیا هێڵێکی شەمەندەفەر دروستبکات و ئەدیرنە بە هێڵی نێوان کۆلیلی بورگاس و قوستەنتینیە ببەستێتەوە، ئەوا بڕیارەکانی ئەم مادەیە تا ئەو شوێنەی پەیوەندی هەیە بە تێپەڕین لەنێوان خاڵەکانی سەر سنووری یۆنان-تورکیا، کە بە رێکەوت دەکەونە نزیک کولیلی بورگاس و بۆسنا کۆی، بەسەر دەچن.

هەریەک لەم دوو هێزە پەیوەندیدارە، دوای پێنج ساڵ لە چوونە بواری جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیە، مافی ئەوەیان هەیە داوایەک بخەنە بەردەستی ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان بۆ بڕیاردان لەسەر پێویستی پاراستنی ئەو چاودێرییەی لە بڕگەی ٢ تا ٥ی ئەم مادەیەدا ئاماژەپێکراوە. هاوکات لەوە تێدەگەین کە بڕیارەکانی بڕگەی یەکەم بۆ تێپەڕین بەسەر دوو بەشی هێڵی شەمەندەفەری رۆژهەلات لە نێوان سنووری یۆنان و بولگاریا و بۆسناکۆی بەردەوام دەبن لە جێبەجێکردن.

**مادەی ١٠٨**

به لەبەرچاوگرتنی هەر بڕیارێکی تایبەت کە پەیوەندی هەیە بە گواستنەوە لە بەندەر و هێڵەکانی شەمەندەفەر، جا ئەگەر خاوەندارێتییەکەی تورکیا بێت یاخود کۆمپانیا تایبەتەکان و لەو ناوچانەشدابن کە بەگوێرەی ئەم پەیماننامەیە لە تورکیا جیاکراونەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بە هەمان شێوە بەگوێرەی هەر رێککەوتنێکی پەیوەست بە ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی کارمەندان، کە لە نێوان وڵاتە پەیمانبەستەکانەوە بەستراوە یاخود دەبەسترێت، گواستنەوەی هێڵی شەمەندەفەر بەم شێوەیەی خوارەوە ئەنجامدەدرێت:

١ - کارەکان و دامەزراندنی سەرجەم هێڵەکانی شەمەندەفەر بە تەواوی و لە بارودۆخیکی گونجاودا جێدەهێڵدرێن؛

٢ - ئەگەر هاتوو سیستمێکی هێڵی شەمەندەفەر بە تەواوی فارگۆنەکەیەوە لە ناوچەیەکی گوێزراوەدا بوو، ئەوا دەبێت ئەو

فارگۆنە بە تەواوەتی لەگەڵ هێڵی شەمەندەفەرەکەی بهێڵدرێتەوە، ئەمەش بە گوێرەی دواین پاکتاوکردن دەبێت، کە پێش ۳۰ تشرینی یەکەمی ۱۹۱۸ ئەنجامدراوە.

۳ – سەبارەت بەو بابەتانەی کە بەڕێوەبردنیان بە گوێرەی ئەم پەیماننامەیە دابەشکراوە، فارگۆنەکان بە رێککەوتنێکی دۆستانە لە نێوان ئەو ئیدارانەدا دابەش دەکرێن، کە بەرپرسیارێتی هەریەک لە بەشەکان لە ئەستۆ دەگرن. دەبێت ئەم رێککەوتننامەیە رێژەی کاڵا تۆمارکراوەکانی سەر ئەو هێڵانە، کە لە دوا پاکتاوکردنی پێش ۳۰ تشرینی یەکەمی ۱۹۱۸دا ئەنجامدراون و درێژی هێڵەکانی شەمەندەفەر (بە رێگەکانی تەنیشتیشیەوە) و شێواز و چڕی هاتوچۆکردن لەبەرچاوبگرێت. لە حاڵەتی رێکنەکەوتنیش، ئەو خاڵانەی کە ناکۆکیان لەسەرە بە رێگەی ناوبژیوانەوە یەکلادەکرێنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر پێویستی کرد دەبێت ئەو بڕیارە ناوبژیوانییە، بزوێنەر، گالیسکەکان و فارگۆنەکانی شەمەندەفەر دیاری بکات، کە لەسەر هەر بەشێک دادەنرێت.

٤ – کاڵا کۆگاکراوەکان و ئامێرەکانی چاککردنەوە و کارگەکان لە هەمان بارودۆخی فارگۆنەکاندا دەهێڵدرێنەوە.

**مادەی ۱۰۹**

لە حاڵەتی نەبوونی هیچ بڕیارێکی پێچەوانەدا، ئەگەر هاتوو لە ئەنجامی جێگیرکردنی سنوورێکی نوێ، سیستمی هایدرۆلیکی (کەناڵ، لافاو، ئاودێری، ئاوەڕۆ یان هەر بابەتێکی هاوشێوە)ی

وڵاتێک، پشتی بەو کارانە بەست، کە لە چوارچێوەی خاکی وڵاتێکی دیکەدا ئەنجام دەدرێن، یاخود ئەگەر بەهۆی بەکارهێنانی پێش جەنگەوە، ئاو یان وزەی هایدرۆلیکی لە خاکی وڵاتێکی دیکەدا بەکاربهێندرێت، کە سەرچاوەکەی لەسەر خاکی وڵاتێکی دیکە بوو، ئەوا دەبێت لە نێوان وڵاتە پەیوەندیدارەکانەوە ڕێککەوتنێک ئەنجام بدرێت و بەرژەوەندی و مافە تایبەتەکانی هەریەکێکیانی تێدا بپارێزرێت. لە ئەگەری ڕێکنەکەوتنیشدا بابەتەکە بە ناوبژیوانی ڕێکدەخرێت.

**مادەی ١١٠**

ڕۆمانیا و تورکیا لەسەر ڕێکخستنێکی دادپەروەرانەی دۆخی کارکردنی کێبڵی کۆنستانزا-قوستەنتینیە ڕێکدەکەون. لە ئەگەری ناکۆکیشدا، بابەتەکە لە ڕێگەی ناوبژیوانەوە یەکلادەکرێتەوە.

**مادەی ١١١**

تورکیا بە ڕەسەنایەتی خۆی و بە نوێنەرایەتی هاوڵاتییەکانی، دەستبەرداری هەر جۆرە ماف و نازناو و ئیمتیازاتێکی سەر هەموو یان بەشێکی ئەو کێبڵانەی دەبێت کە چیتر لەسەر خاکەکەی نەماوە.

ئەگەر هاتوو ئەو کێبڵ یاخود ئەو پارچانە، کە بە گوێرەی بڕگەی پێشوو گواستراونەتەوە، کەرتی تایبەت خاوەنداریێتی بکات، ئەوا دەبێت هەریەک لەو حکومەتانەی کە ئەو موڵکانەیان بۆ دەگەڕێندرێتەوە، قەرەبووی خاوەنەکانیان بکەنەوە.

ئەگەر لەسەر بڕی قەرەبووکردنەوەکە هیچ ڕێککەوتنێک نەکرا، ئەوا ئەو بڕە بە ناوبژیوانی دیاریدەکرێت.

**مادەی ١١٢**

تورکیا پارێزگاری لە مافی خاوەنداریێتی ئەو کێبڵانە دەکات، کە پێشتر هەیبووە و لانیکەم سەرێکیان دەکەوێتە خاکی تورکیاوە.

مافی دانانی ئەو کێبڵانەی ئاماژەیان پێکرا لەناو ئەو خاکانەدا کە تورکی نین و دۆخی کارکردنەکەیان بە شێوەیەکی دۆستانە لەلایەن وڵاتانی پەیوەندیدارەوە یەکلادەکرێتەوە. لە حاڵەتی شکستهێنانی ڕێککەوتنەکەشدا، ناکۆکییەکە لە ڕێگەی ناوبژیوانەوە یەکلادەکرێتەوە.

**مادەی ١١٣**

بە پێی ئەم پەیماننامەیە و تا ئەو شوێنەی پەیوەندی پێیەوە هەیە، هەر لایەنێک لە لایەنەکانی پەیمانبەستە باڵاکان ڕازی دەبن بە هەڵوەشاندنەوەی نووسینگەکانی پۆستە بیانییەکان لە تورکیادا.

## باسی دووەم: پرسی تەندروستی

### مادەی ١١٤

ئەنجومەنی باڵای کاروباری تەندروستی لە قوستەنتینیە هەڵوەشێنراوەتەوە. ئیدارەی تورکیا بەرپرسیارێتی رێکخستنی کاروباری تەندروستی کەناراوەکان و سنوورەکانی تورکیای دەکەوێتە ئەستۆ.

### مادەی ١١٥

یەک جۆر باجی تەندروستی، کە بەرکەوتە و مەرجەکانی دادپەروەرانە بێت، بەسەر هەموو کەشتییە دەریاییەکاندا پیادە دەکرێت، بەبێ ئەوەی جیاوازی بکرێت لە نێوان ئەوەی ئاڵای تورکیا یاخود ئاڵا بیانییەکانی بەسەرەوەیە، هاوکات ئەم باجە بە هەمان شێوەی هاوڵاتیانی تورکیا بەسەر هاوڵاتیانی هێزە بیانییەکانیشدا جێبەجێ دەکرێت.

### مادەی ١١٦

تورکیا بەڵێن دەدات بە تەواوەتی رێز لە مافی ئەو کارمەندانەی تەندروستی بگرێت، کە راژەکانیان کۆتایی پێهاتووە، ئەویش بە قەرەبووکردنەوەیان لە پارەی تەرخانکراوی ئەنجومەنی باڵای پێشووی تەندروستی قوستەنتینیە، لەگەڵ ئەوەشدا سەرجەم ئەو مافانەی دیکە، کە فەرمانبەران یان فەرمانبەرانی پێشووی ئەنجومەنەکە یان نوێنەرەکانیان بەدەستیانهێناوە. سەرجەم ئەو پرسانەی کە پەیوەستن بەم

مافانەوە، لەوانەش وەک دامەزراندنی یەدەگەکانی ئەنجومەنی بالای پێشووی تەندروستی لە قوستەنتینیە یان پاکتاوکردنی کۆتایی ئیدارەی تەندروستی پێشو، هاوکات سەرجەم بابەتە هاوشێوە و نزیکەکانی دیکەی، رێکدەخرێن. لیژنەی تایبەتمەند لە نوێنەری هەر وڵاتێک پێکهاتووە، کە نوێنەری لە ئەنجومەنی باڵای تەندروستی قوستەنتینیە هەیە، جگە لە هەریەک لە ئەڵمانیا، نەمسا و هەنگاریا. لە ئەگەری ناکۆکی سەبارەت بە بابەتێک لە نێوان ئەندامانی لیژنەی ئاماژەپێکراو، کە پەیوەندی
بە پاکتاوکردنەکەی پێشووەوە هەیە، یاخود پەیوەندی بە بەکارهێنانی ئەو بڕە پارانەوە هەیە، کە دوای پاکتاوکردنەکە دەمێنێتەوە، ئەوا هەریەک لەو لایەنانەی کە نوێنەریان لە لیژنەکەدا هەیە، مافی ئەوەیان هەیە بابەتەکە بخەنە بەردەم ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان و بڕیارەکانی ئەنجومەنیش کۆتایین.

**مادەی ١١٧**

تورکیا و ئەو دەوڵەتانەی پەیوەندیدارن بە سەرپەرشتیکردنی حەج و رێگە و هێڵی شەمەندەفەری حیجازەوە، بەپێی بڕیارەکانی رێککەوتننامەی تەندروستی نێودەوڵەتی رێوشوێنی تایبەت دەگرنەبەر. لەپێناو ئەوەی ئەو رێوشوێنانە یەکبخرێن و گەرەنتی جێبەجێکردنیان هەبێت، ئەو دەوڵەتانە و تورکیا لیژنەیەکی هەماهەنگی تەندروستی بۆ حەج پێکدەهێنن، کە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی تورکیا و ئەنجومەنی تەندروستی دەریایی و کەرەنتینەی میسر نوێنەرایەتی تێدا

دەکەن. دەبێت ئەم لیژنەیە ڕەزامەندی پێشوەختەی ئەو وڵاتە وەربگرێت، کە لە خاکەکەیدا کۆدەبنەوە.

**مادەی ١١٨**

ڕاپۆرتی کارەکانی لیژنەی هەماهەنگی دەخرێنە بەردەم لیژنەی تەندروستی کۆمەڵەی گەلان و نوسینگەی تەندروستی گشتی نێودەوڵەتی، هاوکات دەخرێنە بەردەم حکومەتی هەر وڵاتێک، کە بایەخ بە حەج دەدات و لەوبارەیەوە داوانامە پێشکەش دەکات. لیژنەکە بۆچونی خۆی لەسەر هەر پرسیارێک دەدات، کە لەلایەن کۆمەڵەی گەلان و نوسینگەی تەندروستی گشتی نێودەوڵەتی یان حکومەتە پەیوەندیدارەکانەوە لێیدەکرێت.

# بەشی پێنجەم:
# بڕیارە هەمەجۆرەکان

## باسی یەکەم: دیلەکانی جەنگ

### مادەی ١١٩

لایەنە پەیمانبەستە باڵاکان لەسەر گەڕاندنەوەی دیلەکانی جەنگ و هاوڵاتییە مەدەنییە زیندانیکراوەکان ڕێکدەکەون، کە تا ئەم ساتەش لەژێر دەستیاندان.

ئاڵوگۆڕی دیلەکانی جەنگ و ئەو هاوڵاتییە مەدەنییە زیندانیکراوانەی، کە لەلای هەریەک لە یۆنان و تورکیا دەستبەسەرکراون، بابەتی ڕێککەوتننامەیەکی جیای نێوان ئەو دەوڵەتانەیە، کە لە ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٢٣ لە لۆزاندا واژۆکراوە.

### مادەی ١٢٠

دیلەکانی جەنگ و هاوڵاتییە مەدەنییە زیندانیکراوەکان، کە چاوەڕێی ئازادکردنن یاخود لەژێر سزادان بەهۆی تاوانانەکانی دژ بە بەرزەفتکردن دەگەڕێنەوە بۆ نیشتمان، بەبێ ڕەچاوکردنی تەواوبوونی ماوەی سزاکەیان یاخود گرتنەبەری ڕێکارەکان لە دژیان، دیلەکانی جەنگ یاخود هاوڵاتییە مەدەنییە زیندانیکراوەکان، کە چاوەڕێی دادگاییکردنن یاخود لەژێر سزادان لە دەستبەسەریدا دەهێڵدرێنەوە بەهۆی تاوانەکانی جیا لە تاوانی دژ بە بەرزەفتکردن.

**مادەی ١٢١**

لایەنە پەیمانبەستە بالاکان ڕەزامەندن لەسەر پێدانی هەموو ئاسانکارییەک بە دامەزراوەکانی وڵاتەکانیان بۆ گەڕان بە دوای بێسەروشوێنبووەکان و دیاریکردنی ناسنامەی دیلەکانی جەنگ و ئەو هاوڵاتییە مەدەنییە زیندانیکراوانەی حەز بە گەڕانەوە ناکەن بۆ وڵاتەکانیان.

**مادەی ١٢٢**

لەگەڵ چوونە بواری جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیە، لایەنە پەیمانبەستە باڵاکان ئەرکدارن بەوەی بە هەر جۆرێک بێت سەرجەم شتومەک، پارە، کاغەزی دارایی، بەڵگەنامە و کەلوپەلە پارێزراوەکانی تایبەت بە دیلەکانی جەنگ و هاوڵاتییە مەدەنییە زیندانیکراوەکان، بگەڕێننەوە.

**مادەی ١٢٣**

لایەنە پەیمانبەستە باڵاکان بە شێوەیەکی دوولایەنە دەستبەرداری گەڕاندنەوەی سەرجەم ئەو بڕە پارانە دەبن، کە بۆ پاراستنی ئەو دیلانەی جەنگ خەرجیان کردووە، کە سوپاکانیان بە دیل گرتویانن.

## باسی دووەم: گۆڕستانەکان

### مادەی ١٢٤

بەبێ زیانگەیاندن بە بڕیارە تایبەتەکانی مادەی ١٢٦ی ئەم پەیماننامەیە، لایەنە پەیمانبەستە باڵاکان لەسەر شانیانە لە هەریەک لە خاکەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیاندا ڕێز لە گۆڕ، گۆڕستان، روفات، مۆنۆمێنتی ئەو سەرباز و کەشتیوانانە بگرن، کە لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩١٤ەوە لە بەرەکانی جەنگدا پێکراون یاخود لە ئەنجامی برینداربوون و نەخۆشی گیانیان لەدەستداوە، هاوکات دیلەکانی جەنگ و ئەو هاوڵاتییە مەدەنییە زیندانیکراوانەی، کە لە دوای ئەو بەروارەوە لە کاتی دیلیدا گیانیان لەدەستداوە.

لایەنە پەیمانبەستە باڵاکان رازی دەبن لەسەر پێدانی هەموو ئاسانکارییەکی پێویست بۆ ئەو لیژنانەی کە لەلایەن هەریەک لە لایەنە پەیمانبەستەکانەوە دیاریکراون بە مەبەستی دەستنیشانکردن و تۆمارکردن و پاراستنی گۆڕستانەکان و ئێسک و پروسک و گۆڕە ئاماژەپێکراوان و دانانی مۆنۆمێنت لە شوێنەکانیان. ئەو جۆرە لیژنانە نابێت هیچ سیمایەکی سەربازییان هەبێت.

لایەنە پەیمانبەستە باڵاکان بە شێوەیەکی دوولایەنە و بە مەرجی پێشێلنەکردنی یاسا نیشتمانییەکان و مەرجە تەندروستییە گشتییەکان، ئەرکدارن بەوەی کە هەموو ئاسانکارییەک بۆ دامەزراوەکانی یەکتری بکەن لەپێناو

جێبەجێکردنی داواکارییەکانی تایبەت بە گواستنەوەی تەرمی سەربازان و کەشتیوانەکان بۆ وڵاتانی خۆیان.

**مادەی ١٢٥**

ئەرکی سەرشانی لایەنە پەیمانبەستە باڵاکانە ئەمانەی خوارەوە بە یەکتری بدەن:

١ – لیستی ناوی تەواوی دیلەکانی جەنگ و ئەو هاوڵاتییە مەدەنییە زیندانیکراوانەی، کە لە کاتی دیلیاندا گیانیان لەدەستداوە، لەگەڵ هەر زانیارییەک، کە دەبێتە هۆی ناسینەوەیان.

٢ – هەر زانیارییەک سەبارەت بە ژمارە و شوێنی گۆڕی سەرجەم ئەو کەسانەی بەبێ ناسنامە بەخاک سپێردراون.

**مادەی ١٢٦**

پاراستنی گۆڕ، گۆڕستان، ئێسک و پروسک و مۆنۆمێنتی سەرباز، دەریاوان و دیلەکانی جەنگی تورکیا، کە رەنگە لە ٢٧ی ئابی ١٩١٦ەوە لە خاکی رۆمانیا گیانیان لەدەستدابێت، لەگەڵ هەر پابەندییەکی دیکە، کە بە گوێرەی مادەکانی ١٢٤ و ١٢٥ سەبارەت بە هاوڵاتییە مەدەنییە زیندانیکراوەکان هاتبێتە ئاراوە، ئەمەش بابەتی ریزکراوی تایبەت بە هەردوو حکومەتی رۆمانیا و تورکیایە.

**مادەی ١٢٧**

لەپێناو تەواوکردنی ئەو بڕیارە گشتیانەی، کە لە مادەکانی ١٢٤ و ١٢٥دا هاتوون، هەریەک لە حکومەتەکانی ئمپراتۆرێتی

بەریتانیا، فەڕەنسا و ئیتاڵیا، لەلایەک و هەردوو حکومەتی تورکیا و یۆنان لەلایەکی دیکەوە، لەسەر ئەو بڕیارە تایبەتیانەی کە لە مادەکانی ١٢٨ تا ١٣٦دا هاتووە، ڕێکدەکەون.

**مادەی ١٢٨**

حکومەتی تورکیا بەڵێن دەدات بە هەریەک لە حکومەتەکانی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا، فەڕەنسا و ئیتاڵیا تاهەتایە ئەو زەویەیان پێبدات، کە لە چوارچێوەی خاکی تورکیادایە و گۆڕ و گۆڕستان و ئێسک و پروسک یاخود مۆنۆمێنتی ئەو سەرباز و دەریاوانانەیان تێدایە، کە لە چالاکی کەوتوون یان بەهۆی برینداری، کارەسات و نەخۆشییەکانەوە گیانیان لەدەستداوە، بەو دیلانەی جەنگ و ئەو هاوڵاتییە مەدەنییە زیندانیکراوانەشەوە کە لە دیلیدا گیانیان لەدەستداوە.

هاوکات حکومەتی تورکیا ئەو زەویەش دەبەخشێتە ئەو حکومەتانە، کە لیژنەکان لە مادەی ١٣٠دا بۆ دروستکردنی گۆڕستان بە پێویستی دەزانن تا لەوێدا گۆڕ و ئێسک و پروسک و مۆنۆمێنتیەکان کۆبکرێنەوە.

جگە لەوەش دەبێت حکومەتی تورکیا ڕێگە بدات بەوەی بە شێوەیەکی ئازادانە دەستڕابگات بەو گۆڕ، گۆڕستان، شوێنەوار و مۆنۆمێنتیانە، خۆ ئەگەر پێویستیشی کرد ڕێگە بدات بە ڕاکێشانی ڕێگا و شەقامی پێویست بۆی.

حکومەتی یۆنان بەڵێن دەدات هەمان ئەو ئەرکانە لە خاکەکەی خۆیدا جێبەجێ بکات.

ئەو بڕیارانەی کە لەسەرەوە سەبارەت بە زەوییە بەخشراوەکان ئاماژەیان پێکرا، کاریگەری لەسەر سەروەریی هەچکام لە تورکیا یاخود یۆنان دانانێت.

**مادەی ١٢٩**

ئەو زەویەی کە لەلایەن حکومەتی تورکیاوە بەخشراوە، بە تایبەتیش ئەوەی کە پەیوەندیدارە بە ئیمپراتۆریێتی بەریتانیاوە، ئەو ناوچەیە دەگرێتەوە کە بە ئەنزاک (ئاری بڕۆنۆ)[٨] ناسراوە و لەسەر نەخشەی (٣)شدا نیشاندراوە. [بڕوانە پێشەکی] داگیرکردنی ئەو ناوچەیەی لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە، دەبێت ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا بێت:

١ – ئەو زەویەی لەم پەیماننامەیەدا باسکراوە، بۆ هیچ مەبەستێکی تر بەکارناهێندرێت؛ نابێت بۆ هیچ مەبەستێکی سەربازی، بازرگانی یاخود بۆ هەر مەبەستێکی تر بەکاربهێندرێت، کە نامۆ بێت بەو مەبەستانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێکراوە.

٢ – حکومەتی تورکیا لە هەر کاتێکدا مافی گەڕان و پشکنینی لەو ناوچەیەدا هەیە بە گۆڕستانەکانیشەوە.

---

[٨] - هەردوو ناوچەی ئەنزاک و ئاری برۆنۆ دەکەونە نیمچە دورگەی شاری گالی پۆلی ئەوپەڕی ڕۆژئاوای تورکیا و مۆنۆمێنتی گۆڕی سەربازانی بەریتانین، کە لە جەنگی یەکەمی جیهانی لەو ناوچەیەدا کوژراون.

٣ – ژمارەی ئەو پاسەوانە مەدەنیانەی کە بۆ چاودێریکردنی گۆڕستانەکان دەستنیشانکراون، نابێت بۆ هەر گۆڕستانێک لە یەک پاسەوان زیاتر بێت. نابێت هیچ پاسەوانێکی تایبەت لە بەشەکانی دەرەوەی گۆڕستانەکاندا هەبێت.

٤ – نابێت رێگە بە هیچ یەکەیەکی نیشتەجێبوون لە ناوچەکەدا بدرێت، جا ئەگەر لە ناو گۆڕستانەکان یان لە دەرەوەی بێت، جگە لە حاڵەتی زۆر پێوسیت بۆ ئەو چاودێرانەی کە لەو شوێنەدا دەمێننەوە.

٥ – نابێت لە رۆخی دەریایی ناوچەکە هیچ شۆستە و شۆستەی دەریایی و مینایەک دروست بکرێت تا لەوێوە ئاسانکاری بکرێت بۆ دابەزین و سەرکەوتنی کەسەکان یان بارکردن و داگرتنی کاڵا و کەلوپەلەکان.

٦ – رێوشوێنە فەرمییە پێویستەکان تەنها لە ناوەوەی کەناراوەرکانی گەروەکە جێبەجێ دەکرێن، هاوکات بەکارهێنانی کەناراوەکانی دەریای ئیجە بۆ چوونە ناوەوەی ناوچەکە، تەنها دوای گرتنەبەری ئەم رێوشوێنانە رێگەپێدراوە. بەبێ پێشێلکردنی بڕیارەکانی دیکەی ئەم مادەیە، حکومەتی تورکیا رەزامەندە لەسەر ئەوەی ئەو رێوشوێنە فەرمییانە بە ئاسانترین شێوە بگیرێنەبەر، ناشبێت لەوە قورستر بێت، کە بەسەر ئەو بیانیانەدا سەپێندراوە کە دەچنە ناو تورکیاوە، بە مەرجێکیش جێبەجێ دەکرێن، کە رێگری بکات لە هەر دواکەوتنێکی ناپێویست.

٧ – ئەو کەسانەی خواستی سەردانیکردنی ناوچەکەیان هەیە، نابێت چەکدار بن، بۆ ئەمەش حکومەتی تورکیا مافی ئەوەی هەیە دڵنیابێتەوە لە جێبەجێکردنی ئەم قەدەغەکردنە توندە؛

٨ – پێویستە بە لایەنی کەمەوە هەفتەیەک پێشتر حکومەتی تورکیا لە هاتنی هەر لایەنێکی سەردانیکەر، کە لە ١٥٠ کەس زیاترن، ئاگادار بکرێتەوە.

**مادەی ١٣٠**

هەریەک لە حکومەتەکانی بەریتانیا، فەڕەنسا و ئیتاڵیا لیژنەیەک پێکدەهێنن و هەردوو حکومەتی تورکیا و یۆنانیش نوێنەریان تێیدا دەبێت، ئەرکیشی ڕێکخستنی ئەو بابەتانەیە، کە پەیوەستن بە گۆڕ، گۆڕستان، ئێسک و پروسک و مۆنۆمێنتەکان. ئەم لیژنانەش بە تایبەتی بەرپرسیار دەبن لە:

١ – بە فەرمی ناساندنی ئەو ناوچانەی کە پێشتر تەرمەکانیان تێدابووە یاخود تێیدا نێژراون، هاوکات تۆمارکردنی ئەو گۆڕ و گۆڕستان و مۆنۆمێنتانەی کە هەن.

٢ – دیاریکردنی ئەو هەلومەرجەی دەکرێت تێیدا، ئەگەر پێویستی کرد، گۆڕەکان لە داهاتوودا هەڵبدرێنەوە و بە هاوبەشی لەگەڵ نوێنەری تورکیا لەسەر خاکی تورکیا و بە هاوبەشی لەگەڵ نوێنەری یۆنان لەسەر خاکی یۆنان سەیری شوێن و پێگەی گۆڕەکان و مەنزڵگەگە و مۆنۆمێنتیەکان بکرێت و سنوری ئەو شوێنانە بە شێوازێک دیاری بکرێت ئەو زەوییە

بەکارهاتووە سنوردار بکات لە چوارچێوەی ئەو سنورەی کە ناکرێت بۆ ئەو مەبەستە وازی لێبهێنرێت.

٣ – پێڕاگەیاندنی هەردوو حکومەتی تورکیا و یۆنان، بە ناوی هەردوو حکومەتەکە خۆیەوە، لە پلانی کۆتایی گۆڕ، گۆڕستان، ئێسک و پروسک و مۆنۆمێنتەکان، جا ئەگەر پێشتر دروستکرابن یاخود لە داهاتودا دروست بکرێن.

**مادەی ١٣١**

ئەو حکومەتەی زەویەکەی پێ بەخشراوە، بەڵێن دەدات بە رێگریکردن و بەکارنەهێنانی بۆ هیچ مەبەستێکی دیکە جگە لەو مەبەستەی کە بۆی دیاریکراوە. ئەگەر هاتوو ئەو زەویانە لە کەناراوەکاندا بن، ئەوا ئەو حکومەتە بۆی نییە کەناراوەکە بۆ هیچ مەبەستێکی سەربازی، دەریایی و بازرگانی بەکاربهێنێت، ئەو ناوچانەی گۆڕ و گۆڕستانەکانی تێدایە و بۆ ئەم مەبەستە بەکارنەهێندراون و مۆنۆمێنتیان تێدا دروستنەکراوە، ئەوا بۆ حکومەتەکانی تورکیا یاخود یۆنان دەگەڕێندرێنەوە.

**مادەی ١٣٢**

دەبێت هەردوو حکومەتی تورکیا و یۆنان هەموو رێوشوێنێکی تەشریعی یان کارگێڕیی پێویست بگرنەبەر بۆ ئەوەی حکومەتەکانی بەریتانیا، فەرەنسا و ئیتاڵیا بتوانن سەراپای ئەو زەوییە بە شێوەیەکی تەواوەتی و تایبەت بە خۆیان و هەمیشەیی بەکاربهێنن، کە لە مادەکانی ١٢٨ تا ١٣٠ ئاماژەیانپێکراوە، ئەویش لە ماوەی شەش مانگ دوای بەرواری

ئەو ئاگادارکردنەوەیەی لە بڕگەی ٣ی مادەی ١٣٠دا هاتووە. ئەگەر هەر بەدەستهێنانەوەیەکی ئیجباری بۆ زەوییەکە پێویست بوو، ئەوا بەپێی حاڵەتەکە، خەرجیەکەی دەکەوێتە سەرشانی هەردوو حکومەتی تورکیا و یۆنان.

**مادەی ١٣٣**

هەریەک لە حکومەتەکانی بەریتانیا، فەڕەنسا و ئیتاڵیا دەتوانن ئەرکی بنیادنان، ڕێکخستن و پاراستنی گۆڕ، گۆڕستان، مەنزڵگە و مۆنۆمێنتی هاوڵاتییەکانیان بەو ڕێکخراوانە بسپێرن کە هەریەکێک لەوان متمانەیان پێیانە. ئەو ڕێکخراوانە نابێت هیچ سیمایەکی سەربازییان هەبێت. هاوکات تەنها مافی ئەوەیان هەیە تەرمەکان دەربهێننەوە و بیگوازنەوە بۆ شوێنێکی دیکە، ئەویش بە مەبەستی دوبارە کۆکردنەوەی گۆر و دروستکردنی گۆڕستان و مەنزڵگەگەکانهاوکات دەرهێنانی تەرمەکان و گواستنەوەیان ئەوکاتە دەبێت، کە ئەو حکومەتەی زەوییەکەی پێدراوە بە پێویستی بزانێت تەرمەکان بگەڕێنێتەوە بۆ وڵاتەکەی.

**مادەی ١٣٤**

هەریەک لە حکومەتەکانی بەریتانیا، فەڕەنسا و ئیتاڵیا مافی ئەوەیان هەیە پاراستنی گۆڕ، گۆڕستان، مەنزڵگە و مۆنۆمێنتەکان بەو پاسەوانانە بسپێرن، کە لە هاوڵاتیانی خۆیانن. ئەم پاسەوانانە لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکیاوە دانیانپێدادەنرێت و هەموو هاوکارییەکی پێویستیان بۆ پاراستنی گۆڕ، گۆڕستان، مەنزڵگە و

مۆنۆمێنتەکان بۆ دەستەبەر دەکرێت. ئەو پاسەوانانە نابێت هیچ خەسڵەتێکی سەربازییان هەبێت، بەڵام دەتوانن بۆ بەرگریکردنی خویان چەک یاخود دەمانچەی ئۆتۆماتیکیان پێ بێت.

**مادەی ١٣٥**

ئەو زەوییانەی کە لە مادەکانی ١٢٨ تا ١٣١ ئاماژەیان پێکراوە، نابێت هیچ جۆرە کرێ یان باجێکیان لەلایەن تورکیا یاخود دەسەڵاتدارانی تورکی یاخود یۆنان و دەسەڵاتدارانییۆنانەوە لەسەر دابنرێت. نوێنەرانی حکومەتەکانی بەریتانیا، فەڕەنسا و ئیتاڵیا و ئەو کەسانەشی، کە خوازیارن سەردانی گۆڕ، گۆڕستان، مەنزڵگە و مۆنۆمێنتەکان بکەن، مافی ئەوەیان هەیە هەر کاتێک بیانەوێت بچن. لەگەڵ ئەوەشدا هەریەک لە حکومەتەکانی تورکیا و یۆنان بۆ هەمیشە ئەرکی پاراستنی ئەو رێگایانەیان لە ئەستۆدایە، کە دەچنەوە سەر زەوییە ئاماژەپێکراوەکان.

ئەرکی سەرشانی هەریەک لە حکومەتەکانی تورکیا و یۆنانە هەموو ئاسانکارییەکی پێویست بۆ حکومەتەکانی بەریتانیا، فەڕەنسا و ئیتاڵیا بخەنە بەردەست، وەک تەرخانکردنی بڕە ئاوی پێویست بۆ پێداویستی ئەو فەرمانبەرانەی، کە بۆ چاککردنەوە یاخود پاراستنی گۆڕ، گۆڕستان، مەنزڵگە و مۆنۆمێنت و ئاودانی زەوییەکە کاردەکەن.

**مادەی ١٣٦**

هەریەک لە حکومەتەکانی بەریتانیا، فەڕەنسا و ئیتاڵیا لە ئەستۆیانە شایستەکانی ئەو بڕیارانەی کە لە هەریەک لە مادەکانی ١٢٨، ١٣٠ و ١٣٥ی ئەم پەیماننامەیەدا هاتوون بدەنە حکومەتی تورکیا بۆ دروستکردنی گۆڕ، گۆڕستان، مەنزڵگە و مۆنۆمێنت بۆ سەرباز و دەریاوانەکانی تورکیا لەو خاکانەی کە لە ژێر دەسەڵاتیاندان، بەو خاکانەشەوە کە لە تورکیا جیابوونەتەوە.

## باسی سێیەم: بڕیارە گشتییەکان

### مادەی ١٣٧

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕێککەوتننامانەی لە نێوان لایەنە پەیمانبەستە باڵاکاندا بەستراون، هەموو ئەو بڕیار و فەرمانانە یەکلاکەرەوەن ، کە لە ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨ەوە لەلایەن یاخود بە ڕێککەوتنی دامەزراوەکانی ئەو دەوڵەتانەی کە قوستەنتینیەیان داگیرکردووە دەرچوون تا دەگات بە جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیە و پەیوەستن بە موڵک و ماف و بەرژەوەندییەکانی کەسانی سەرپەرشتیکراویان یان بیانییەکان یاخود کەسانی سەرپەرشتیکراو لەلایەن تورکیا و ئەو کەسانەی کە پەیوەندییان بە دەسەڵاتدارانی تورکیاوە هەیە. نابێت هیچ جۆرە داوانامەیەک لە دژی ئەو هێزانە و دەسەڵاتەکانیان بەرزبکرێنەوە.

سەرجەم ئەو داوانامانەی لە ئەنجامی زیانێکەوە بەهۆی ئەو بڕیار و فەرمانانەی کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێکراوە بەرزدەکرێنەوە، ئەوا دەخرێنە بەردەم دادگای ناوبژیوانی تێکەڵاوەوە.

### مادەی ١٣٨

ئەو بڕیار و فەرمانانەی کە لە ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨ەوە لە ڕووی دادوەرییەوە لە تورکیا دەرکراون، تا چوونە بواری جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیە، لەلایەن دادوەرەکان، دادگاکان یاخود دەسەڵاتی ئەو هێزەی کە قوستەنتینیەی داگیرکردووە، یان لیژنەی دادوەری تێکەڵاو، کە لە ٨ی کانوونی دووەمی ١٩٢١دا پێکهێندراوە، لەگەڵ ئەو ڕێوشوێنانەی کە بۆ

جێبەجێکردنی ئەو بڕیار و فەرمانانە گیراونەتەبەر، بە یەکلاکەرەوە دادەنرێن، بەڵام بەبێ زیانگەیاندن بە بڕیارەکانی هەردوو بڕگەی چوارەم و شەشەم کە تایبەتن بە ڕاگەیاندراوەکەی لێبوردنی ئەمڕۆ.[٩]

هاوکات لە بارێکدا ئەگەر کەسێکی تایبەت لە دۆسیەیەکی مەدەنیدا لەلای دادگای سەربازی یاخود پۆلیسەوە داوایەکی سەبارەت بەو زیانانە پێشکەشکرد کە  لە ئەنجامی بڕیارێکی دادوەری لێیکەوتووە و لە بەرژەوەندی کەسێکی دیکە کەوتۆتەوە، لەمکاتەدا ئەو داوانامەیە دەخرێتە بەردەم دادگای ناوبژیوانی تێکەڵاوەوە، کە دەکرێت لە دۆخێکی لەباردا فەرمان بە قەرەبووکردنەوەی بدات یاخود بە گەڕانەوەی موڵکەکەی.

**مادەی ١٣٩**

هەموو جۆرە ئەرشیف، تۆمار، پلان، قەواڵەی موڵکایەتی و بەڵگەنامەکانی دیکەی پەیوەست بە بەڕێوەبەرایەتی مەدەنی، دادوەری، دارایی یاخود ئەوقاف، کە لە ئێستادا لە تورکیان بەڵام تەنها بەلای حکومەتی ناوچەیەکەوە گرنگە کە لە ئیمپراتۆریێتی عوسمانی جیابۆتەوە، بۆی دەگەڕێندرێتەوە، بە هەمان شێوە ئەوانەی لە ناوچەیەکی جیابۆوە لە ئیمپراتۆرێتی عوسمانیدان و

---

[٩] - یەکێک لەو بەڵگەنامانەی کە هاوپێچی ئەم پەیماننامەیە کراون، ڕاگەیاندراوی لێبوردنە، کە لێبوردنی بۆ سەرجەم ئەو تاوانانە دەرکرد، کە پەیوەندیدارە بە ڕوداوە سیاسییەکانەوە. (و.کوردی)

تەنها بۆ حکومەتی تورکیا بەرژەوەندی تێدایە دەگەڕێندرێتەوە، ئەمەش بە شێوەیەکی دوولایەنە دەبێت.

ئەو ئەرشیف، تۆمار، پلان، قەواڵەی موڵکایەتی و ئەو بەڵگەنامانەی دیکە، کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێکراوە و لەدەستی ئەو حکومەتەیە کە بەرژەوەندی تایبەتی تێدایە، ئەوا دەتواندرێت لەبەردەستی ئەو حکومەتەدا بهێڵدرێتەوە، بە مەرجی ئەوەی ئەگەر داواکرا وێنەیەک یاخود کۆپییەکی پەسەندکراوی بداتە حکومەتی پەیوەندیدار.

ئەو ئەرشیف، تۆمار، پلان، قەواڵەی موڵکایەتی و بەڵگەنامانەی دیکە، کە لە تورکیا یاخود ئەو ناوچانەی کە لێی جیاکراوەتەوە وەرگیراون، تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بەو ناوچانەوە هەیە کە لێوەیان وەرگیراون، دەبێت بە شێوەیەکی دوولایەنە بگەڕێندرێنەوە.

ئەو خەرجییانەی کە لە ئەنجامی ئەو رێوشوێنانە دێنە ئاراوە، لە ئەستۆی ئەو حکومەتەدایە کە داوای دەکات.

ئەو مەرجانەی سەرەوە بە هەمان شێوە بۆ تۆمارەکانی پەیوەست بە خانوبەرە یاخود ئەوقاف لە ناوچەکانی پێشووی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی جێبەجێ دەکرێت، کە لە دوای ساڵی ١٩١٢ەوە گواستراونەتەوە بۆ یۆنان.

**مادەی ١٤٠**

ئەو خەڵاتانەی لە ماوەی جەنگی نێوان تورکیا و وڵاتانی دیکەی پەیمانبەست لە ٣٠ی ئۆکتۆبەری ١٩١٨ بەخشراون، نابنە

هۆی نیگەرانی هیچ لایەنێک. بە هەمان شێوە ئەوانەش دەگرێتەوە، کە دوای ئەو بەروارە بەهۆی پێشێلکردنی ئاگربەستەوە لەلایەن ئەو هێزانەی کە قوستەنتینیەیان داگیرکردووە، دەستیان بەسەردا گیراوە.

هاوکات نابێت هیچ داوانامەیەک بەرزبکرێتەوە، جا لەلایەن حکومەتی ئەو وڵاتانە یاخود هاوڵاتییەکانیەوە بێت، کە قوستەنتینیەیان داگیرکردووە، یاخود لەلایەن حکومەتی تورکیا یان هاوڵاتییەکانییەوە بێت، سەبارەت بە کەشتییە پیشەسازییە بچووکەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە، یان ئەو پاپۆڕانەی باری سوک هەڵدەگرن لەگەڵ ئەو یەخت و بەلەمانەی هەریەک لەم حکومەتانەی ئاماژەیان پێکراوە، ڕەنگە لە بەندەرەکانی خۆیان یاخود لەو بەندەرانەی کە لە ماوەی نێوان ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩١٤ تا ١ی ژانیوەی ١٩٢٣ بەکاریان هێنابێت. ئەو مەرجە زیان بە بڕیارەکانی بڕگەی شەشەمی جاڕنامەی لێبوردن ناگەیەنێت، کە ئەمڕۆ دەرچووە، بەو بانگەشانەشەوە، کە لەلایەن کەسانی ئاسایی دژ بە کەسانی دیکەی ئاسایی بە گوێرەی ئەو مافانە بەرزکراونەتەوە، کە پێش ٢٩ی ئۆکتۆبەری ١٩١٤ بەخشراون.

ئەو کەشتیانەی ئاڵای تورکیایان لەسەر بووە و لەلایەن یۆنانەوە لە دوای ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨ دەستیانبەسەردا گیراوە، دەگەڕێندرێنەوە بۆ تورکیا.

**مادەی ١٤١**

به گوێرەی مادەی ٢٥ی ئەم پەیماننامەیە و مادەکانی ١٥٥، ٢٥٠ و ٤٤٠ و هاوپێچی سێیەمی بەشی هەشتەمی (قەرەبووکردنەوە) پەیماننامەی ئاشتی ڤێرسای ٢٨ی حوزەیرانی ١٩١٩، حکومەتی تورکیا و هاوڵاتییەکانی لە هەموو بەرپرسیاریەتییەکی پەیوەست بەو کەشتییە ئەڵمانیانە دەبەخشرێن، کە لە ماوەی جەنگەکەدا ئامانجی گواستنەوە بووە لە حکومەتی ئەڵمانیا یاخود لە هاوڵاتییەکانییەوە بۆ حکومەتی عوسمانی یاخود هاوڵاتییەکانی بەبێ رەزامەندی حکومەتەکانی هاوپەیمانان، لە ئێستاشدا لە ژێر دەستی ئەو حکومەتانەدان، کە دوای جەنگەکە هاتوون.

ئەگەر پێویست بکات، هەمان رێکار لە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەو هێزانەی دیکە، کە لە پاڵیدا جەنگاون، دەگیرێتەبەر.

**مادەی ١٤٢**

ئەو رێککەوتننامە تایبەتەی کە لەنێوان یۆنان و تورکیا لە ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٢٣ بەستراوە، کە پەیوەندی بە ئاڵوگۆڕی دانیشتوانی یۆنانی و تورکییەوە هەیە، لە نێوان ئەو دوو لایەنە پەیمانبەستەدا هەمان ئەو هێز و بەهایەی هەیە و وەک ئەوەیە بەشێک بێت لەم پەیماننامەیە.

**مادەی ١٤٣**

ئەم پەیماننامەیە بە زووترین کات پەسەند دەکرێت. پەسەندکردنەکان لە پاریس هەڵدەگیرێن. تەنها حکومەتی ژاپۆن مافی ئەوەی هەیە، کە حکومەتی کۆماری فەڕەنسا لە رێگەی نوێنەرە دیپلۆماسییەکەیەوە لە پاریس ئاگادار بکاتەوە، کاتێک کە پەسەندیکرد؛ لەم حاڵەتەشدا پێویستە بە زووترین کات بەڵگەنامەی پەسەندکردن بنێرێت. هەریەک لە لایەنە واژۆکارەکان، لە یەک بەڵگەنامەدا، ئەم پەیماننامەیە و ئەو بەڵگەنامانەی دیکە کە واژۆیان کردووە و لە بەڵگەنامەی کۆتایی کۆنگرەی لۆزاندا ئاماژەی پێکراوە، تا ئەو شوێنەی پێویستییان بە پەسەندکردن هەیە، پەسەندی دەکات. هەر کە تورکیا لەلایەک و ئیمپراتۆریێتی بەریتانیا، فەڕەنسا، ئیتاڵیا و ژاپۆن لەلایەکی دیکەوە یاخود سێ لەوانە بەڵگەنامەی پەسەندکردنەکەیان پێشکەشکرد، یەکەم تۆماری زارەکی ئامادە دەکرێت سەبارەت بە پشکەشکردنی پەسەندکردنەکان.

لە بەرواری یەکەم رێوشوێنە زارەکییەکەوە، ئەم پەیماننامەیە لە لای لایەنە پەیمانبەستە باڵاکان کە پەسەندیان کردووە، دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، دواتریش بۆ هێزەکانی دیکە لە بەرواری پێشکەشکردنی پەسەندکردنەکەیانەوە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە. تا ئەو شوێنەی پەیوەندیدارە بە یۆنان و تورکیاوە، هەر کە حکومەتەکانی یۆنان و تورکیا بەڵگەنامەکانی پەسەندکردنیان پێشکەشکرد، تەنانەت ئەگەر لەو کاتەدا ئەو رێکارانەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێکراوە ئامادەش نەکرابن،

بڕیاری هەریەک لە مادەکانی ١ و بڕگەی ٢ی مادەی ٢ و مادەکانی ٥ تا ١١ بە شێوەیەکی گشتی دەچنە بواری جێبەجێکردنەوە.

حکومەتی فەڕەنسا کۆپییەکی پەسەندکراوی ڕێککەوتنە زارەکییەکە لەبارەی پێشکەشکردنی پەسەندکردنەکانەوە، بۆ هەریەک لە وڵاتانی واژۆکار دەنێرێت.


ئەو نوێنەرە ڕێگەپێدراوانەی کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێکراوە، هەموویان ئەم پەیماننامەیەیان بە باوەڕبوونەوە واژۆکردووە.

لە ٢٤ی تەمووزی ١٩٢٣ لە لۆزان، کە بە یەک کۆپی ئامادەکراوە و لە ئەرشیفی حکومەتی کۆماری فەڕەنساشدا هەڵدەگیرێت و کۆپییەکی پەسەندکراویش بۆ هەریەک لە لایەنە پەیمانبەستەکان دەنێردرێت.

# فەرهەنگۆک

| | |
|---|---|
| الجزء | بەش |
| القسم | باس |
| البند | بەند |
| حكم- الاحكام | بڕیار- بڕیارەکان |
| التعريفات الجمركية | تاریفەی گومرگی |
| التصديق. المصادقة | راستاندن |
| المآذن | مەنزڵگەگە |
| السند | قەواڵە |
| انضباط | بەرزەفتکردن |
| الدعوى | داوانامە |
| حق التصرف | مافی موڵکایەتی |
| الاطراف السامية المتعاقدة | لایەنە پەیمانبەستە باڵاکان |
| الرعايا | سەرپەرشتیکراوان |
| الممتلكات المنقولة | ماڵ و موڵکی گوێزراوە |
| الممتلكات غير منقولة | ماڵ و موڵکی نەگوێزراوە |
| الضريبة الفائضة | زێدە باج |

| | |
|---|---|
| هيئة التحكيم المختلطة | دادگای ناوبژیوانی تێکەڵاو |
| تدبير | تەگبیر |
| براءات الاختراع | بڕوانامەی داهێنان |
| علامات التجارية | نیشانەی بازرگانی |
| مسار | ڕێڕەو |
| قناة | کەناڵ |
| الجزر الصغيرة | دورگۆکە |
| أعمدة الحدود | میلە مەرزەکان |



TREATY SERIES No. 16 (1923).

TREATY OF PEACE WITH TURKEY,

AND OTHER INSTRUMENTS

Signed at Lausanne on July 24, 1923,

together with Agreements between Greece and Turkey signed on January 30, 1923,

and Subsidiary Documents forming part of

THE TURKISH PEACE SETTLEMENT.

[WITH MAP.]

*Presented to Parliament by Command of His Majesty.*

LONDON:
PRINTED & PUBLISHED BY HIS MAJESTY'S STATIONERY OFFICE
To be purchased through any Bookseller or directly from H.M. STATIONERY OFFICE
at the following addresses: Imperial House, Kingsway, London, W.C.2, and
28 Abingdon Street, London, S.W.1; York Street, Manchester;
1 St. Andrew's Crescent, Cardiff; or
120 George Street, Edinburgh.

1923.

Price 8s. 0d. Net.

Cmd. 1929.

بەڵگەنامەی ڕەسەنی واژۆکراوی پەیماننامەی لۆزان ١٩٢٣





FIGURE 14 TURKEY IN 1923

Compiled by Col. Lawrence Martin


نەخشەی ڕەسەنی تورکیا لە پەیماننامەی لۆزان و سنوورەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی تورکیا




نەخشەی سیاسی دەوڵەتی نەتەوەیی تورکیا لەدوای بەستنی پەیماننامەی لۆزان



ئامادەکردنی پەیماننامەی لۆزان لەلایەن شاندی هێزەکانی هاوپەیمانان و تورکیا



چرکەساتی واژۆکردنی پەیماننامەی لۆزان لەلایەن شاندی تورکیا

**پوختەیەک لەسەر وەرگێڕ**

ساڵی ١٩٩٣ لە شاری هەولێر لە دایکبووە.
کۆلێژی یاسا و ڕامیاری زانکۆی سلێمانی تەواو کردووە.
ماوەی ١٠ ساڵ کاری ڕێکخراوەیی کردووە.
ماوەی ٨ ساڵە لە بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانیدا کار دەکات.

ژمارەی مۆبایل: ٠٧٥٠١٥٢١٣٤٤
ئیمەیڵ: Brwaafandi@gmail.com